# هاوڕێیانی پەروەردە

## ئەو پەرتووکە چەندین بابەتی پەروەردەیی لە خۆ دەگرێت

نووسینی
سوهەیل تاهیر عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیاری پەروەردەیی
٢٠٢٣

وەزارەتی پەروەردە

حکومەتی هەرێمی کوردستان

- ناوی بابەت : هاورێیانی پەروەردە
- نووسینی : سوهەیل تاهیر عەبدوللا
- نەخشەسازی ناوەوە : ئالانە کەریم

⊄ نەخشەسازی بەرگ : ئامانج اسماعیل بەندی

- چاپ : چاپی یەکەم ،هەولێر (٢٠٢٣)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
- لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩١٩)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێ دراوە

ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە

http://www.gov.krd/moe

## پێشکەشە بە ......

- حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی ٩ بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردەی بەرێز و دکتۆر ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- روحی بەرزە فری باوکی خۆشەویستم کە تەمەنی لە بواری پەروەردە بەرێکرد.

- دایکی خۆشەویستم ، هاوسەری ئازیزم ، کچە چاوگەشەکانم ، هەموو خێزانێکی کورد.

- هەموو ئەو دایك و باوکانەی کە مەبەستیان پەروەردەکردنی منداڵەکانیانە بە شێوەیەك کە لە مەترسییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆ بە دوور بن و منداڵەکانیان لەو مەترسیانە بپارێزن .

- ئەو خێزانانەی کە بەهۆی چەندین کێشە نەیانتوانییوە وەکو پێویست منداڵەکانیان ئاراستە بکەن.

- بۆ مامۆستایان و پەروەردکاران کە لە بواری پەروەردەدا کار دەکەن هیوادارم لەو کتێبە چەندین بابەتی هەنووکەیی و سەردەم لە سەر پەروەردە بخەمە روو ، ئومێد دەکەم لەو خزمەتەی رابردووم تەنها وانەیەك پێشکەش بە خوێنەران بکەم لەناو سەدەها وانەی پەروەردەیی.

## پێشەکی:

بەو کەسە دەگوترێت منداڵ کە تەمەنی لە خوار هەژدەساڵییە و هەموو مافێکی تایبەتی خۆی هەیە بەپێی ڕاگەیاندنی مافەکانی منداڵان هەر منداڵ ێک دەتوانێت ئەو مافانەی کە هەیەتی پێی شاد بیت بێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و نەتەوە، هەروەها پێویستە منداڵ پارێزگاری تایبەتی لێبکرێت و ڕێگەی لە بەردەم والا بێت کە لەش و تواناکانی بە هەموو ئازادییەوە گەشە پێ بدات هەروەها منداڵ پێویستە ناوی خۆی و ڕەگەزنامەی خۆی هەبێت و سوودمەند بێت لە دەستەبەرکردنی کۆمەلایەتی. هەروەها پێویستە خاوەن کەسایەتی خۆی بێت و چاودێری بکرێت و خاوەن مافی فێرکردنی بە خۆڕایی بێت بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئەو بەرپرسیاریەتییەش دەکەوێتە ئەستۆی دایک و باوک. هەروەها نابێت منداڵ بە هیچ شێوەیەک توندو تیژی لەگەڵ بەکار بهێنرێت.

کۆمەڵگەی کورد یەکێکە لە کۆمەڵگەکانی جیهان کە تیایدا منداڵ بە شێوازێک تێیدا پەروەردە دەکرێت کە تا ئێستا نەتوانراوە وەکو پێویست هەموو مافەکانی فەراهەم بکرێت، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەو، لەوانە ئاستی ڕۆشنبیری دایک و باوکان و نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە و پلانێکی پێش وەختە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان لەلایەن زۆربەی زۆری دایک و باوکانەوە، هەروەها دایک و باوکان.

بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن نەک بەپێی بەرنامەیەکی زانستیانە کە بیر لە

دوارۆژی ئەم منداڵە بکەنەوە کە چۆن و چی بەسەر دێت و دووچاری چی دەبێتەوە بە تایبەتی لەلایەن دەروونییەوە، پەروەردەی منداڵ لەلایەن کۆمەڵگەی ئێمەوە نەک بۆ منداڵەکەیە بەڵکو بۆ ویستی دایک و باوکەکەیە کە چۆن بە چ شێوازێک منداڵەکە ئاراستە دەکەن ئەمەش وا لە منداڵ دەکات دووچاری چەندین نەخۆشی دەروونی ببێتەوە، ئایا دایک و باوکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە خەمی منداڵەکانیان نین؟ یان هەڵەی پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنی منداڵەکانیان بۆتە بەربەست لە بەردەم پێگەیاندنی نەوەیەکی دروست، ئایا دامودەزگا پەروەردەییەکان تا چەند توانیویانە رۆڵی جێگرەوە ببینن.

یان لە قۆناغەکانی پەروەردەی قوتابخانەدا تا چەند سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە؟ شارەزایانی بواری پەروەردە تا چەند توانیویانە کاریگەر بن لە سەر پەروەردەکردنی منداڵان و ئاراستە کردنیان بە پێی بەرنامەیەکی زانستی سەردەمیانە؟ ئایا جیاوازی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەی پێشکەوتوو چییە؟ رۆلی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی تەندروستی چین لە بەرەو پێش بردنی بواری پەروەردە کردن بەتایبەتی منداڵان لە هەر ولاتێکدا؟ چۆن گیروگرفتە پەروەردییەکانی منداڵ و نەخۆشییە دەروونییەکان چارەسەر دەکرێن؟ تایا تا چەند دایک و باوکان و خێزانی کورد رۆشنبیری پەروەردە کردنی منداڵانیان هەیە؟ ئەمانە هەموو پرسیارن پێویستیان بە وەلامێکی راست و دروست هەیە.

## له ئەزموونی یەکەمیدا دایک چۆن مامەڵە لەگەل منداڵەکەییدا دەکات

له یه‌که‌مین ئه‌زموونداکاتێک دایکێک منداڵی یه‌که‌می ده‌بێت وا هه‌ست ده‌کات که دووچاری گرفتێک بۆته‌وه که ناتوانێت چاره‌سه‌ری بکات که ئاسانترین کاره‌کانی لا گه‌وره ده‌بێت، وه‌ک شوشتنی منداڵ پێویسته له ناوه‌ڕاستی ڕۆژدا بێت به‌ر له شیردانی به نیو کاتژمێر ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ گه‌وره بوونی منداڵ گۆڕانکاری به‌سه‌ردا دێت، وا باشتره منداڵ به‌ر له خه‌وتنی بشۆردرێت که یارمه‌تیده‌دات زۆر به حه‌ساوه‌یی بخه‌وێت. منداڵ هه‌ر له سه‌ره‌تای له‌دایک بوونیه‌وه هه‌ست به سۆزی دایک ده‌کات بۆیه پێویسته دایک هه‌ر له یه‌که‌م ڕۆژی له دایک بوونیه‌وه یاری له‌گه‌ڵ منداڵه‌که‌یدا بکات بۆ ئه‌وه‌ی منداڵه‌که هه‌ست به ئارامی و حه‌سانه‌وه و سۆزی دایک بکات. به‌پێی بۆچوونی ده‌روونناسان منداڵ هه‌ر له یه‌که‌م چرکه‌ی له دایک بوونیدا هه‌ستێکی به‌هێزی هه‌یه و له چه‌ند هه‌فته‌ی یه‌که‌مدا گوێی له دایکی ده‌بێت بۆیه پێویسته هه‌ر له سه‌ره‌تای له دایک بوونی، منداڵ فێربکرێت.

## خواردنی دروستی منداڵی تازه له دایک بوو

شیری دایک باشترین خواردنی منداڵی کۆرپه‌ڵه‌یه که باشترین خۆراکه له‌کاتی سک چوونی منداڵدا پێی بدرێت. منداڵی ته‌مه‌ن گه‌وره‌تر له حاڵه‌تی تووشبوون به سک چوون پێویسته له ٢٤ کاتژمێری یه‌که‌م خواردنی مۆز و سێو دواتر چه‌ندخۆراکێکیی دیکه به‌تایبه‌تی له

٤٨ کاتژمێری دواییدا نەخوات، نابێت خواردەمەنییەکە مادەی شەکر و رۆنی تیا بێت یان ئەو خواردنەی کە لە ناو رۆن سۆر دەکرێتەوە وا پەسەندیشە کە ماوەی ٣ - ٧ رۆژ بەرووبوومی شیر بخوات. بۆ خۆپاراستنیش لە سکچوونی منداڵ پێویستە خۆ بپارێزین و گرنگی بە پاک و خاوێنی خواردەمەنییەکان بدرێت هەروەها گرنگی بە پاک و خاوێنی لەش و دەم و چاو بدرێت.

## چۆن دڵ و دەروونی منداڵەکەت بۆ خۆت رادەکێشیت

* خۆشەویستی نێوان دایک و منداڵەکان کە ئەویش پێویستی بە یاری کردن ولە باوەش گرتن هەیە

* جوانی پێشوازی کردن لە منداڵ ەکەت کاتێک دەگەرێتەوە ماڵەوە

* رێز گرتنی لەکاتی قسەکردن لە گەڵیدا

* پاداشتکردنی

* بەشداریپێکردنی لە هەر کارێکی دەستی بێت یان سەفەرکردن بێت یان هەر کارێکی دیکە.

* دیاری پێشکەش کردن کاتێک لە قوتابخانە دەردەچێت و سەرکەوتن بە دەست دێنێت بەمنداڵ ەکەت بدە کە لەگەڵ کەسانی سەرکەوتوو هامشۆ بکات و شارەزای داب و نەریتیان بێت ، دوای ناسینیان رێگە بدە کە بەرەو هەنگاوی دووەم بچێت کە خۆشیانی بوێت، وا نیشانی منداڵ ەکەت بدە کە لە دوارۆژدا چۆن دەبێت وچ سیفەتێکی دەبێت. زیاتر باسی داب و نەریتی لەگەل بکە بەر لە هەڵسوکەوت ،

ڕێگەی پی بدە کە زال بێت بە سەر کەسانی سەرنەکەتوو، وا فێری بکە کە داب و نەریت و پێگەی مرۆڤ زۆر گەورەترە لە خواردن.

## چۆن مێشکی منداڵ گەشە دەکات

پێویستە دایک و باوک بەر لە هەموو شتێک گرنگی بە منداڵەکەی بدات و چاودێری بکات و خواردنێکی دروستیان بداتێ بتوانێت رکابەرایەتی یەکتری بکەن لە سیفەتەکان و کارەکانی ژیان، خوێندنیش یەکێکە لە سیفەتە باشەکان کە وادەکات زیرەکی و ژیریی منداڵ گەشە پێبکات. زۆر جار دەبیني هەندێک لە خێزانان منداڵەکانیان ناچار دەکەن کە جولە نەکەن و سەیری تەلەفزیۆن بکەن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کە ئەمەش زۆر مەترسی هەیە کە دووریان دەکاتەوە لە گیانی خۆشی بۆیە پێویستە دایک و باوکان زیاتر هێمن بن و زۆر بە سەبرو ئارام بن لەگەل منداڵەکانیان.

## چۆن منداڵی کۆرپەلە هەستی خۆی دەردەبرێت

کۆرپەلە ناتوانێت هیچ پەیوەندییەک لەگەل دایکی بکات یان لەگەل دەورو بەری تەنها ئەوە نەبێت جار جار پێدەکەنێت یاخود دەگرییێت وەک دەربڕینی ترسێک کە هەیەتی. کاتێک منداڵ گەورەدەبێت بە شێوازی جیا جیا تەعبیر لە داخوازییەکانی دەکات ئەمەش لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە دەگۆڕێت.

## چۆن پەروەردەی منداڵەکانت دەکەیت

شێوازو ڕێگا زۆرن بۆ ئاراستەکردن و پەروەردە کردنی منداڵ بۆیە چەند ڕێگەیەک لە پەروەردە کردنی منداڵان دەخەینە ڕوو:

١- پەروەردە بە هێنانەوەی نموونەی بەرز: بۆنموونە سیفەتی کەسێک کە ناوبانگی هەبێت و خاوەن سیفەتێکی بەرزو جوان و ڕێک و پێک بێت.

٢- پەروەردە بە پاداشت و سزادان: ئەوەش هاندەرو بەستنەوەی منداڵ ە بە سزادانیان کاتێک کارێکی باش یان خراپ ئەنجام دەدەن. کاری خراپیش کاتێک ئەنجام دەدرێت و سزای هەیە بۆیە منداڵان خۆیان لە هەڵە کردن دەپارێزن.

٣- پەروەردە کردن بە ئامۆژگاری کردن

٤- پەروەردە کردن بە نموونە هێنانەوەی ڕووداوێک کە وەک عیبرەت هێنانەوە کە کەسێک بەسەری هاتووە و دەرسی لێوەردەگرێت

٥- پەروەردە کردن بە چرۆک و حیکایەت کە وەک پەندێک دەرسی لێوەربگرێت.

## ئەو فاکتەرانەی منداڵ بەرەو خراپی ئاراستە دەکات

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خراپی منداڵ لە ڕەفتار کردنی وەک کێشەیەکی کۆمەلایەتی دیار و زەق دیارە ئەمەش بۆهۆی شکست هێنانی خێزان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بەهۆی گۆرانکارییە ئابووری ی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کە کۆمەلگە بەخۆوە

دەبینێت دەگەڕێتەوە . چەندین فاکتەر دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان بەرەو خراپی ئاراستە بگرن، لەوانە گۆڕانی کۆمەلایەتی کە زۆرجار کۆمەلگە دێت دووچاری کۆمەلێک گرفت دەبێتەوە و کاریگەری لە سەر داب و نەریت دەبێت، ئەمەش وادەکات کۆمەلگە بەرەو هەڵوەشانەوە ببات و چەندین گۆڕانی بەسەردابێت. هەروەها لە گەڕەکە میللییەکان کە سەنتەری داماوی کۆمەڵگەکانن بەوەی خێزانەکان ناتوانن بە شێوەیەکی دروست منداڵەکانیان کۆنترۆل بکەن، هەروەها کەمی خزمەتگوزاری و بلاوبوونەوەی نەخۆشی لەو گەڕەکانە جگە لە نەخوێندەواری و هەژاری و کارکردنی منداڵانی ئەو گەرەکانە دیاترین سیمان. دابەزینی ئاستی رۆشنبیری لە گەڕەکە میللییەکاندا بە هۆی زۆری کەسانی نەخوێندەوار چەندین کێشەو گرفتی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە و بنەما پەروەردەییەکان و گەشە کردنی کۆمەلگە وەک پێویست نابێت ئەمەش کاریگەری نەرێنی بە سەر منداڵەوە دیار دەبێت، هەروەها هەژاری، زۆر لە دایک و باوکان کار بە منداڵەکانیان دەکەن لە بەر هەژاری و نەداری بۆ ئەوەی ئاستی بژێوی خۆیان بەرز بکەنەوە ئەمەش وا دەکات منداڵان واز لە خوێندن بهێنن. بوونی کێشە لە نێو خێزاندا خاڵێکی دیکەیە کە منداڵان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات.

## چۆن دەتوانیت کۆنترۆڵی منداڵەکەت بکەیت

## سزا و ڕێککاری (( العقاب والانضباط ))

هەندێک لە دایک و باوکان وا پێشبینی دەکەن کە ڕێکاریکردن و سزا هەردوو چەمک لە یەک کاتدا بۆ یەک ئامانجە، بەلام لە راستیدا دوو شتی لێک جیاوازن. ڕێکاری و کۆنترۆڵکردنی منداڵ سیستەمێکی فێرکاری و مەشقپێکردنی منداڵە کە چۆن کۆنترۆلی هەڵسوکەوتی بکەیت، هەڵسوکەوتە باشەکان پەرەپێبدەیت و خراپەکانیش لێی بەدوور بێت، بەلام سزادان زیاتر لەو کاتەدا بەکار دەهێنرێت کاتێک منداڵ هەڵسوکەوتێکی خراپ ئەنجام دەدات. کۆنترۆڵکردنی تەواو و کاریگەر بۆ منداڵ پێویستە بەردەوام بێت، هەروەها پێویستە بە بەردەوامی منداڵەکەت هان بدەیت کە هەڵسوکەوتەکانی باش و دروست بێت. پێویستە منداڵ گرنگی خێزان و رۆڵی دەورو بەری خۆی بزانێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەڵسوکەوتە باشەکان وەربگرێت و فێربێت.

## چۆن منداڵەکەت هان دەدەیت کە هەلسوکەوتی دروست بێت

((پێویستە هەر لەگەل لە دایک بوونی منداڵ دا دەست بکەیت بە کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتەکانی، ئەگەر هاتوو منداڵ گریا و هاواری کرد و تۆش بە پیریەوە چوویت ئەوا هەست بە خۆشەویستی و متمانە و بڕوایەکی زۆر دەکات کە زیاتر گرنگی پی دەدرێت، هەروەها پێویستە کاتێکی بۆ دیار بکرێت بۆ نووستن و خواردن و یاری کردن کە ئەمەش

ڕێگە خۆشکەر دەبێت لە داهاتوودا پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی زیاتر سەرکەوتن بە دەست بێنێت.

کاتێک منداڵ تەمەنی دەگاتە یەک سال پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی زیاتر ئالۆز دەبێت چونکە لەو تەمەندا تواناو هێزی زیاد دەبێت، لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە باوک و دایک ڕێک بکەون بۆ ئەوەی سنووری منداڵەکە دیاری بکەن کە چی باشە ئەنجامی بدات و چی خراپە لی دوور بکەویتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت کەمتر ماندوو ببێت بۆ کۆنترۆل کردنی منداڵەکەت پێویستە لە بەکار هێنانی توندو تیژی دوور بکەویتەوە و وا بکەیت منداڵەکەت تا رادەیەک سەربەست بێت. هەروەها پێویستە هانی هەلسوکەوتی دروست بدرێت و پلانێکی باشی بۆ دابڕێژیت و لەئەنجامدانی هەڵسوکەوتی باش منداڵ ەکەت پاداشت بکەیت.

## ستراتیژیەتێکی کارا

منداڵ  دوای ئەوەی پلانێکی کۆنترۆڵکردنی بۆ دادەڕێژیت ئەوا لە کاتێکی نزیک یاخود لە دوای ماوەیەک هەست دەکات کە ئەو پلانەی کە داترشتووە پابەندی پێی،بۆیە وەلامدانەوەیەکی ئەرێنی دەبێت

بۆ نموونە ((ئەگەر منداڵەکەت بووکە شووشەکەی خۆی شکاند ئەوا ئەگەر بزانێت ناتوانێت جارێکی دیکە یاری پێ بکاتەوە و ئاگاداری بکەیتەوە کە جارێکی دیکە بووکە شووشەیەکی دیکەی بۆ ناکڕیت،

ئەوا منداڵەکەت دووچاری مەترسی نابێتەوە لەوەی کە هەڵسوکەوتە خراپە و دووبارەوسێبارەی ناکاتەوە.

یاخود ئەگەر منداڵ ەکەت یاری بە بووکەشووشەکەی خۆی کرد و دواتر هەڵینەگرتەوە ئەوا تۆ پێی بڵێ ئەگەر هەڵینەگریتەوە ئەوا من هەڵیدەگرمەوە و بەلام ئەمرۆ بەهیچ شێوەیەک یاری پی ناکەیت ئەوا پابەند دەبێت کە جارێکی دیکە ئەم هەڵسوکەوتە ئەنجام نەدات، هەندێک جاریش پێویستە هەندێک شتی لی قەدەخە بکرێت بە شێوەیەکی کاتی تا وەکو پابەند بێت بەو پلانەی کە تۆ داترشتووە ).

## ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی کاراکردنی کۆنترۆلکردنی منداڵ چین

پێویستە تواناکانی منداڵ ەکەت بزانی کە ئایا منداڵ ەکەت توانای ئەنجامدانی ئەوکارەی هەیە کە پێی دەسپێردرێ ؟ هەروەها بەر لە قسەکردن پێویستە بیربکەیتەوە هەرکاتێک کە سیستەمێکی دیاریکراو لە پەروەردە کردنی منداڵ ەکەت هەڵدەبژێری پێویستە لەسەری جێگیربیت و پابەندی بیت و جێبەجێی بکەیت ، هەندێک جار منداڵ بیر دەکاتەوە کە چ شێوازێک بەکار بێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێت، توڕەبوونی دایک و باوک لە منداڵەکەی و دواتر ژێر کردنەوەی بە بەخشینی پارچە شیرینییەک یاخود هەر شتێکی کە ئارەزووی لێیەتی هۆکارێکە بۆ هاندانی ئەو منداڵ ە کە بەردەوام بێت لەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەنجامی دەدات، کە بەشێوەیەکی رەمەکی تۆ

هانی دەدەیت کە هەڵسوکەوتی ناشرین و نارێک فێری منداڵ ەکەت بکەیت.

راستە سیستەمی کۆنترۆلکردن ناتوانرێت بەتەواوی لەلایەن باوک و دایکەوە بەرامبەر بە منداڵەکەی تەواو بێت و یەکلایی بێتەوە چونکە هەموو کاتێک باوک و دایک لە سەر یەک هەڵوێست و هەمان هەست و بۆچوون نیین، بەلام بە پێی توانا هەوڵ بەردەوام بیت، هەندی جاریش سەیری هەست و بۆچوونی منداڵ ەکەت بکە ئەگەر زانیت کەوا دەتوانیت ئەو هەڵەیەی بە شێوازێک چارەسەر بکەیت ئەوا بۆ منداڵ ەکە روون بکەوە کە هەست بە تێگەیشتنی دەکەیت کە بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی کردووە و هەڵەکەی راست بکەوە.

((ئەگەر هاتوو لەسەرەتای مامەلە کردنت لەگەڵ منداڵ ەکەت سەرکەوتوو نەبوویت، بیربکەرەوە کە چۆن دەتوانیت بە شێوازێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت کە باشتر بێت لەوەی یەکەمجار ئەنجامتدا، ئەگەر زۆر بە تووڕەیی هەڵسوکەوتت کرد هەوڵ بدە هێمن ببیتەوە، دواتر داوای لێبوردن لەمنداڵ ەکەت بکە و پێی بڵی کە جارێکی دیکە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دووبارە نەکاتەوە. پێویستە دایک و باوک لە ناو خێزاندا رۆڵی پێشەنگ ببینن لە هەڵسوکەوتدا، چونکە منداڵ سەیری دایک و باوکی خۆی دەکات و لەوان فێرە هەڵسوکەوت دەبێت)).

## بەکار هێنانی توندو تیژی لەگەڵ منداڵ ئایا کاریگەری دەبێت

ئێمە هەموومان توندو تیژی بەرامبەر بە منداڵ بەکار دەهێنین بەلام ئەم شێوازە ئایا سەرکەوتووە ؟

نەخێر ئەم توندو تیژییە دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لەوانەیە لێدان و بەکارهێنانی توندو تیژی کاریگەری خێراو کاتی هەبێت بەلام باشتر نییە لە بەکار هێنانی شێوازێک کە دووری باتەوە لە هەڵەکان. لێدان زیاتر توڕەیی و رق وقینە زیاد دەکات نەک هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی، بەکار هێنانی لێدان لە سەرەتادا لەلایەن دایک وباوکەوە بەهێمنی بەکار دەهێنرێت بەلام دوایی توڕە بوونی لەگەڵ پەیدا دەبێت و دەرەنجامیش هەر دایک و باوکە پەشیمان دەبنەوە. کاریگەری لێدان و بەکار هێنانیی توندو تیژی دژ بە منداڵ لەگەل تێپەربوونی کات کاریگەرییەکەی نامێنێت کە ئامانجی دایک و باوکە.

((ئەو منداڵانەی کە توندوتیژیان لەگەل بەکار دەهێنرێت لەمنداڵیدا کاتێک گەورە دەبن دووچاری نیگەرانی و دوورە پەرێزی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبنەوە و ئەوانیش لە داهاتوودا زیاتر دژ بە منداڵەکانیان توندو تیژ دەبن)).

## پێویستە باوک و دایک رۆڵی پێشەنگ ببینن

پێویستە ئەمە لەیاد نەکەین کە پێویستە دایک و باوک نموونەیەکی زیندووی باش بن بۆ ئەوەی منداڵ بزانێت کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات و خۆی کۆنترۆل دەکات ئەویش لە رێگەی سەیرکردن و دیتنی

هەڵسوكەوتی باوك و دایكەكەیەتی لەگەڵ یەكتری و خەڵكانی دیكە.

## چۆن منداڵەكەت فێر دەكەیت كە گوێرایەڵی دایك و باوك بێت

"لەمبارەوە راوێژكاری دەروونناسی ڤێری والاس بە كۆمەڵێك هەنگاو كە پێویستە لەگەڵ منداڵەكە تاقیبكرێتەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە. والاس ئاماژەیداوە كە پێویستە منداڵ ەكەت بەرەو هەلسوكەوتی ئەرێنیانە ئاڕاستە بكەیت ئەویش بە كۆمەڵێك رستەی كورت و داوای دیاریكراوی لێبكەیت وەك: لە جیاتی ئەوەی بلێی باش بەو هەڵسوكەوتت باش بكە و كتێبەكە فڕێ مەدە. پێی بڵی كتێب شوێنەكەی نێو كتێبخانەیە. زۆر داواكردنی رۆژانە بەرامبەر منداڵ هێزی بەرگری لای دروست دەكات بەلام كاتێك هۆكارێكی لۆژیكیت بۆ هێنایەوە كە هاوكاریت بكات ئەوا بە تەئكید هاوكارت دەبێت لە جیاتی بە منداڵەكەت بلێی یارییەكانت كۆبكەوە. پێی بلی پێویستە یارییەكان بۆ شوێنی خۆی بگەڕێنیتەوە ئەگەر منداڵ ەكەشت رەتیكردەوەو بەگوێی نەكردی پێی بلێ باپێكەوە هەڵیبگرین بەمەش كارەكە بۆ یاری دەگۆردرێت. كاتێك منداڵ ەكەت گوێرایەڵت دەبێت لە باوەشی بگرە و هەڵسوكەوتەكەشی بە باش وەسف بكە كە ئەمە هانی دەدات كاری باشترو چاكتر ئەنجام بدات"

## ترسی منداڵ بۆچی دەگەڕێتەوە

ترسی منداڵ شتێکی سروشتییە هەندێک جار منداڵ  لە تاریکی و بەتەنیایی هەست بە ترس دەکات و کاتێک گەورەش دەبێت لە مامۆستاو پزیشک و چەند ئاژەڵێک دەترسێت، بەپێی بۆچوونی زانایانی دەروونناسی هۆکاری ترسی منداڵ بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

* جێهێشتنی منداڵ  لەلایەن دایکەوە بۆ چەندین جار کە ئەمەش وا لە منداڵ دەکات هەست بە ئارامی نەکات.

* کاریگەری منداڵ بە ترسی خەڵکی دیکە

هەر لە بارەی ترسی منداڵەوە بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی بواری دەروونزانی "منداڵ لە تەمەنی نێوان ساڵێک یان زیاتر دەست بە ڕۆیشتن دەکات ئەوەی کەلە دەورو بەریەتی هەستی پێدەکات ئەوەش وادەکات کە زووتر هەست بە ترس و گریان بکات بەتایبەتی کاتێک دایک و باوکی لێی دوور دەکەونەوەو دیار نابن چونکە منداڵ  لەو تەمەنەدا دەپرسێت لەگەڵ خۆیدا چۆن دەگاتەوە دایک و باوکی.

پسپۆڕانی منداڵ وا ئامۆژگاری دایک و باوکان دەدەن کە یارییەک بدەنە منداڵ ەکە کە کەسێکی ناو خێزانەکەیە بۆ ئەوەی منداڵەکە هەردەم بەبەردەوامی لای خۆی بیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام هەست بە ئارامی بکات.

خالد دەش کە پسپۆڕێکی دەروونزانییە ڕادەگەیەنێت کە هەموو ئەو کەل و پەلانەی کە منداڵ  لە باوەشی خۆی دەیگرێت نێرینە بێت یان مێیینە وەک دایکی خۆی خۆش دەوێت و جێگرەوەی دەروونی و

مەعنەوی منداڵەکەیە لە تاکەکانی ناو خێزانەکەی. منداڵ هەندێک جار خۆی لە هەندێک خواردن دەدزێتەوە بۆیە دکتۆر ئەلفرید بریکتۆن دەڵێت کە پێویستە ئەو بووکە شووشەیەی کە منداڵەکە لە باوەشی دەگرێت بەکاری بێنییَ بۆ ئەوەی قەناعەت بە منداڵەکە بێنین و خواردنەکەی بخوات ئەویش بە بەشداری پێکردنی بووکە شووشەکە لە کاتی ژەمی خواردندا بەمەش منداڵەکە ئەم بووکە شوشەیە دەکاتە نمونەیەک تا وەکو ئەو هەڵسوکەوت بکات"

## پەروەردەکردنی منداڵ لە سەردەمێکی مەترسییداردا

"منداڵ پاداشتێکە بە دەست دایک و باوکەوە بۆ پاراستنی ئەو پاداشتەش پێویستە پەروەردەیەکی راست و دروست بکرێت، وەبەرهێنانی پەروەردەکردنی منداڵ سەرکەوتووترین و بە پەلەترین وەبەرهێنانە بۆ هەر کۆمەڵگایەک کە پلان بۆ دوارۆژێکی گەش دادەڕێژێت، هەر نەتەوەیەک و گەلێک بەنوێبوونەوە گەشە دەکات و پێش دەکەوێت ئەمەش بە باشتربوونی پەروەردەی منداڵەوە دێتە دی. پەروەردە کارێکی زۆر گرنگە ئامانجەکەی بنیادنانی مرۆڤێکە لەرووی فیکری و گیانی و رەوشتی و لەشساغی، هەر مرۆڤێکی راست و دروست، کاریگەریبەکی ئەرێنی بەسەر گەل و نیشتیمانەکەیەوە دەبینێت، پەروەردە بەردەوامی هەموو هەوڵەکانە، لەماڵەوە دەستپێدەکات تا چوونە قوتابخانەو تێکەڵ بوون بە کۆمەلگە. پرۆسەی پەروەردە لە چرکەی یەکەمی تەمەنی مرۆڤ دەستپێدەکات. ئێستا زۆربەی کۆمەلگەکان

بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی تازە پێگەیشتوو لە پەروەردەکردنی منداڵانیان دووچاری مەترسیەکی گەورە دەبنەوە هەر لە نێو ماڵەکانیان تا دەگاتە قوتابخانە و تێکەڵ بوون بە کۆمەلگە، بۆیە پێویستە هەر خێزانێک تۆزێک بوەستێت و پێداچوونەوەیەک لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی بکاتەوە. "ئێستا زۆربەی کۆمەلگاکان بەهۆی ئەو هۆکارە تەکنەلۆژیانەی کە بەرهەم دەهێنرێن وەک ئەنتەرنێت و یاری ڤیدیۆیی و مۆبایل و تەلەڤزیۆن و زۆربوونی کەنالە ئاسمانییەکان شێوازی پەروەردەکردنی مناڵەکەی وەکو پێویست پی ئەنجام نادرێت. گلەیی ئەوە لە دایک و باوکان و بەرپرسانی منداڵ ەکان دەکرێت کە نەیانتوانیوە نەوەیەکی باش بێننە کایەوە، نەوەیەکی لاواز کە هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات، زیاتر پەنا بۆ دژایەتیکردن دەبەن زیاتر حەز دەکات لەگەڵ هاورێ و برادەری خراپ هەلسوکەوت بکەن کە دژایەتی داب و نەریتی خۆی و خانەوادەکەی و کۆمەڵگاکەی دەکات، باوک و دایکان گەیشتوونە حالەتێک کە ناتوانن پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن، لەوانەیە بلێی کە منداڵەکان دایک و باوک رێنمایی دەکەن و ئاراستەیان دەکەن کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە. بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو گۆرانکاریانەی ئەمرۆ کە کاریگەری لە سەر بنیادنانی کەسایەتی منداڵەکانمان هەیە کە خێزان و بنەمالەکانمان و نیشتیمان چاوەڕوانیەتی پێویستە پەروەردەکردن لە سەر ئەو بنەمایانە دروست بکرێت.

١- ڕێنمایی کردنێکی ڕاست و دروست لەلایەن باوک و دایکەوە کە بە قسەو کردار بنەمایەکی ڕاست و دروست و کەش و هەوایەکی خێزانی تەندروست بنیاد بنرێت وەک گرنگی دان بە پاک و خاوێنی و گرنگیدان بە هەڵسوکەوت و گرنگیدان بە تەندروستی گشتی و ڕاستگۆیی لە قسەکان و ڕاستگۆیی لە ئەنجامدانی کارەکان و بەجێگەیاندنی بەڵێنەکان و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و ڕێز گرتنی کات و چەندین کاری دیکە.

٢- بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەو گرفتێک کە دووچاری خێزان دەبێتەوە شێوازی ڕاست و دروست لە پەروەردەکردنی منداڵ لەماڵەوە کە زۆر توندی نەنوێندرێت و زۆریش ناز و فیزی منداڵ هەلنەگیرێت پەیڕەو بکرێت، ئەمەش بە گفتوگۆکردن لە سەر بنەمای بڕواو متمانە و خۆشەویستی دێتە دی.

٣- گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ هەر لەمنداڵیەوە کە هەست بە لێپرساویەتی بکات بەوەی بەشدار بێت لە ئەرکەکانی نێو مال دواتر لەقوتابخانە و ناو کۆمەلگاکەیدا.

٤- پێویستە هەڵ و کاتی تەواو بە منداڵ بدرێت بۆگفتوگۆکردن و باسکردنی هەر گرفتێک کە دووچاری خێزان دەبێتەوە بۆ ئەوەی هەست بکات کە بەشداریەکی کاریگەری لەناو خێزانەکەیدا هەیە.

٥- پێویستە ئەوە فێرببیێ کە چۆن لەگەل هەر قۆناغێکی گەشەکردنی منداڵ مامەلە بکرێت کە ئەوەش پێویستی بە هەوڵ و

تێکۆشانی بێوچان هەیە لە هەمان کاتیشدا هونەرە کە لە هەر پێشهاتێک بگەین کە دێتە پێشمان.

٦- پێویستە زیاتر لایەنی پەیوەندیدار بە پەروەردەکردنی منداڵ گرنگی بە بەرنامەی زانستی و کۆمەلایەتی بدات کە پێویستە زیاتر زانکۆکان و دەزگاکانی پەروەردە و راگەیاندن ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن

هەموو منداڵ ێک هەر لە کاتی لە دایک بوونیەوە تا گەورە دەبێت دووچاری چەندین حالەت و نەخۆشی جیا جیا دەبێتەوە هەموو ئەو حالەتانەش پەیوەندی بە خودی پەروەردە کردنییەوە هەیە بۆیە لێرەدا هۆکارو رێگەی چارەی چەند حاڵەتێک و چەند نەخۆشیەک دەخەینە بەردەم خوێنەرانی ئازیز و دایک باوکان، تا وەکو بەپێی توانا بتوانن بە شێوەیەک منداڵەکانیان پەروەردە بکەن کە لەو حاڵەت و نەخۆشییانە بە دوور بن.

## خەوزڕانی منداڵ

خەوزڕان یەکێکە لەو کێشە بەربڵاوانەی کە لە سالانی یەکەمی تەمەنی منداڵ دووچاری دەبێت. لەو گرفتانەش دوودڵی لە خەوتن یاخود بەئاگابوون لە نیوە شەودا یاخود بینینی خەونی ناخۆش هەروەها رۆیشتن بە چاو خەواڵیەوە هەروەها منداڵ شەوانە بەبی ئەوەی هەست بکات دووچاری میزکردن بەخۆیدا دەبێتەوە . "منالان جیاوازیان هەیە لەوەی کە چەند پێویستیان بە خەوتن هەیە، هەروەها ئاسانی و زەحمەتی لە دووبارە خەوتنەوە، بۆیە گرنگە باوک و دایکان بزانن و درک بەوە

بکەن کە چۆن دەتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن و گەشە بەو داب و نەریتە راست و دروستە بدەن بۆ ئەوەی زاڵ بن بە سەر کێشەو گرفتەکانی خەوتن هەر لە سەرەتای لە دایک بوونی منداڵەکانیان. خەوتنی منداڵ لە سەرەتای لە دایک بوون رێک و پێک نییە ، تێکڕای کاتژمێرەکانی خەوتنی منداڵانی تازە لە دایک بوو لە نێوان ١٦ تا ١٧ کاتژمێر دەبێت و هەر چەند منداڵیش گەورەتر بێت ئەوا تێکڕای کاتی خەوتنی کەم دەبێتەوە.

## رێنماییەکان بۆ باشتر خەوتنی منداڵی ساوا

* هەول بدە منداڵەکەت لە کاتی شیردان یاخود گۆڕینی پێداویستیەکانی جل و بەرگ لەکاتی نووستنی لە کەشێکی هێمندا بێت.

* پێویستە هەوڵ بدەی خۆت کاتی منالەکەت لە خەوتن و هەلسانی لە خەو کۆنترۆل بکەیت بەوەی زوو ئاگاداری بکەیتەوە لە خەو و درەنگ بیخەوێنی ئەویش بەیاری کردن لە گەڵیدا بەر لە خەوتنی.

* هەر لە یەکەم هەست کردن کە منداڵ ەکەت خەوی دێت بیخەرە ناو قەریۆڵەکەی، چونکە باشترین رێگەیە تا وەکو منداڵ ەکەت بەم شێوەیە فێر بێت کە دوای خاو بوونەوەی یەکسەر بخەوێت، فێر کردنی منداڵ بەوەی لەلات بمێنێتەوە تا دەخەوێت ئەوا فێر دەبێت و کاتێک شەو بەئاگا دێت زۆر زەحمەتە دووبارە بخەوێتەوە بی ئەوەی هەڵیبگریت و بیلاوێنیتەوە.

* دوور کەوتنەوە لە فێرکردنی مژینی هەر مژمژەیەک کە شوێنی خواردنی ژەمێک بگرێتەوە زۆر بەکار هێنانی مژمژەی منداڵ کارێکی باش و دروست نییە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بخەوێت.

* پەلە نەکەیت بچیتە لای منداڵەکەت کاتێک لەکاتی خەوتندا دەگرییێت بەڵکو ماوەیەک بوەستە لەوانەیە دووبارە بچێتە خەوەوە، ئەگەر گریانەکەی بەردەوام بوو ئەوا دەتوانیت بچیتە لای بەلام رووناکی هەل مەکە و یاری لە گەڵ مەکە چونکە دووچاری بێزاری دەبێت. ئەگەر هەر منداڵ ەکەت بەردەوام بوو لە گریان پێویستە بزانیت منداڵەکەت برسیەتی یاخود پێداویستییەکانی لە جل و بەرگ بگۆریت یان پلەیی گەرمی لەشی بەرز بۆتەوە.

* پێویستە کاتێک منداڵ گەورە دەبێت لە شوێنێکی تایبەت نەک لەگەل باوک و دایک بخەوێت

* وا باشە منداڵ لە سەر پشت یاخود لە سەر تەنیشتێک بخەوێت، چونکە بەپێیی لێکۆلینەوەکان ئەم جۆرە خەوتنە باشترینیانە.

## تەمەنی منداڵ لە ١ - ٦ ساڵ

لەو تەمەنەدا زۆر لە منداڵان دوو دل دەبن لە خەوتن بەتایبەتی کاتێک براو خوشکەکانی کە لە خۆی گەورەترن بە ئاگان. لەو تەمەنەدا منداڵ پێویستی بە ١٠ -١٢ کاتژمێر هەیە بۆ خەوتن. ئەگەر خەوتنەکەشی لەم ماوە کەمتر بوو ئەوا پێویستە نیشانی پزیشک بدرێت

بۆ زانینی هۆکارەکانی. ئەو ئامۆژگارییانەی کە یارمەتی منداڵ دەدات نووستنی یاخود خەوتنی باش بێت.

١ - بەرنامەیەک بەکار بێنە وەک خوێندنەوەی چیرۆک یان شوشتنی منداڵ ەکەت بەئاوی گەرم یان شلتێن.

٢- کەمکردنەوەی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن یاخود ڤیدیۆ بەر لە خەوتن

٣- راهێنانی منداڵ کە رۆژانە لە یەک کاتدا بەرەو نووستن بچێت

٤- پێویستە جل و بەرگی منداڵ یاریدەدەر بێت و کە هەست بە حەسانەوەیەکی باش بکات و پلەی گەرمی ژوورەکەشی لە بار بێت

٥- هەندێک لە منداڵان حەز دەکەن دەرگای ژوورەکەی کەمێک کراوە بێت و رووناکیەکی لێوە دیار بێت

٦- نابێت منداڵ هان بدرێت لە گەڵ دایک و باوکی بخەوێت

٧- هەوڵ بدە بۆ دڵنیابوونت لە نووستنی منداڵ ەکەت لە دوورەوە سەیری بکەیت نەک بچیتە ناو ژوورەکەی.

## خەونی ناخۆش و کابووس

خەونی ناخۆش لە کاتی خەوی منداڵ دا روودەدات، هەندێک جار خەونەکە دووبارە دەبێتەوە، زۆر جار منداڵ دەست بە گریان دەکات و رادەچەنێ و هەندێک جاریش ئەستەمە منداڵەکە دووبارە بخەوێتەوە، ئامۆژگاری بۆ ئەم حاڵەتە و یارمەتیدانی منداڵەکەت

* بەپەلە بگە منداڵ ەکەت کاتێک گریانەکەی نائاسایی بوو.

* وا بکە منداڵەکەت هەست بکات کە هیچی بەسەر نەهاتووە، دەتوانیت چرای ژوورەکە بۆ ماوەیەکی کورت دابگرسێنیت بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکات.

* هەول بدە گویٚ لە منداڵەکەت بگریت و هانی بدە کە قسە بکات و کە لە چ ترساوە.

* دوای ئەوەی منداڵەکەت ئارام دەبێتەوە هەوڵ بدە هانی بدەیت دووبارە بخەوێتەوە.

## کابووس

منداڵ لە قۆناغی بەر لە چوونە قوتاخانە لە خەودا دووچاری دیتنی کابووس دەبێت کە ئەمەش لە سەرەتای خەوتنی منداڵ روودەدات، باوک و دایک ناتوانن گریانەکەی بوەستێنن کاتێک دەگرییێت و حالەتێک دەیگرێت کە لەشی عارەقە دەکات و لەرز دەیگرێت، منداڵ هەتا کو کابوسەکەشی بیر ناکەوێتەوە کە لە خەو دیویەتی بۆ ئەو حاڵەتەش پێویستە هێمن و ئارام بیت تا منداڵ ەکەت هێمن دەبێتەوە دووبارە بۆ خەوتن دەگەرێتەوە و خەوتنەکەی تەواو دەکات.

## ئاخاوتن و رویشتن لەکاتی خەودا

لەکاتی خەوێکی قوڵی منداڵ و بێئاگایی منداڵەکە ئەم حاڵەتە روودەدات. لەوانە ئەم حالەتە دووبارە ببێتەوە، بۆ سەلامەتی منداڵ ەکەت پێویستە دەرگاکانی دەرەوەی مالەکەت و دەرگای بەر قالدرمەکان

دابخرێن و ئەو شتومەکانە لە سەر ڕێگا هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی منداڵەکەت دووچاری هیچ بریندار بوونێک یاخود کێشەیەک نەبێتەوە، بۆ ئەوەی منالەکەت بی هیچ گرفتێک دووبارە بۆ شوێنی خەوتنەکەی بگەڕێنیتەوە و هەوڵ بدە لەو ماوەیەدا کە بێئاگایە ئاگاداری نەکەیتەوە.

## میزکردنی منداڵ لەکاتی خەودا

میزکردنی شەوانەی منداڵ  کە کاتێک بی ئاگایە کێشەیەکی بەر بلاوە لەلای منداڵان بە گشتی بە تایبەتی کاتێک تەمەنی بەر لە چوونە قوتابجانەدایە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ

١ - تەواو گەشە نەکردنی قەوارەی میزڵدان

٢- گۆرانکاری لە حالەتی دەروونی منداڵ روودەدات کاتێک گرفتێک لە خێزانەکەیدا هەبێت وەک تەلاقدان یا هەر کێشەیەکی دیکە.

بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەت پێویستە :

- دووچاری هەڕەشەو ترس کردنی نەکەیتەوە
- هانی بدە بەر لە نووستن بچێت میز بکات
- کەم کردنەوەی خواردنەوەی شلەمەنیەکان بەر لە نووستن
- ئەگەر منداڵەکەت تا رادەیەک گەورە بوو هەوڵ بدە ئاگادار و گرنگی بە خۆی بدات.
- هانی بدە بە جل و بەرگ و ئەو پۆشاکانەی کە بەخۆی دادەدات بپارێزێت و بەخاوێنی رایبگرێت تا وەکو هەست بە لێپرسراویەتی بکات.

## پێکدادانی ددان لەکاتی نووستن

ئەمەش حاڵەتێکە زۆر جار منداڵ تووشی دەبێت لەکاتی خەودا کە زۆر جێگەی مەترسی و نیگەرانی نییە، ئەم حاڵەتە دیسانەوە کاتێک رووددەات منداڵ  لە حاڵەتێکی دەروونی خراپ دابێت بەلام ئەم حالەتە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت و بزر دەبێت ئەگەر هەستیشت بە مەترسی کرد دەتوانیت شتێک لە نێوان

ددانەکانی دابنێیت ئەگەر حالەتەکەش زیاتر بوو و بەردەوامی وەرگرت ئەوا پێویستە نیشانی پزیشکی بدەیت بۆ ئەوەی حاڵەتەکەی دەست نیشان بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێت.

## خەوێکی شیاو بۆ منداڵان

پسپۆڕان ئاشکرای دەکەن چوونە نێو پرۆسەی خەو مەرج نیە تەنها بۆحەوانەوەی جەستە بێت بەڵکو تەنها بۆحەوانەوەی مێشکە کە لەوێشەوە ماندوێتی جەستە دەرەوێتەوە.

**پسپۆڕان خەویان بۆ چەند جۆرێك پۆلێن کردووە**

- **جۆری یەکەمیان:** دەرکردنی هۆرمۆنی گەشەیە لای منداڵان کەدەبێتە هۆی تازەکردنەوەی شانەکانی لەش و پێست و ڕێژەی گۆڕینی پرۆتینەکانی مۆخ و مێشک زیاد دەکات.
- **جۆری دووەمیان:** خەوی ڕۆژانەی منداڵەکە شانەکانی مێشک چالاک دەکات ئەم جۆرە خەوەش لای گەورەکان بەهەمان شێوە و بەشێوەیەکی تەندروست یارمەتی مێشک دەدات بۆ زوو وەبیرهێنانەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک ئەو منداڵانەی لە ئاژاوەدا دەخەون یاخود ئەو ماڵەی تیایدا دەژین نزیکە لە فرۆکەخانە و هێڵی ئاسنین و هەر جۆرە ئامرازێکی دەنگەدەنگ و ژاوەژاو ڕێژەی دواکەوتەی مێشکی و جەستەی زیاتر ڕوودەدات تیایاندا لەو منداڵانەی لەشوێنێکی ئارامدا دەخەوێنرێن. هەروەها ئەو منداڵانەی لەناو ژاوەژاودا پەروەردە دەکرێن لەگەورەبوونیاندا توندوتیژتر و تووڕەتر و تەمەڵتر دەبن لەئاستەکانی خوێندنیاندا بەتایبەت لەوانەی بیرکاریدا. سەبارەت بو منداڵانەی تەمەنیان لەدووساڵ کەمترە دەتوانیت کۆنترۆڵی گریان و هەستانیان لەشەودا بکەیت ئەویش بەئامادەکردنی جێگەی خەویان بە کەرەستەی نەرم و نۆڵ و هەستکردنیان بەوەی کەهەمیشە نزیکیت لێوەی کە ئەمەش دڵنیای پێدەبەخشێت، بەلام ئەگەر هەر لەسەر گریان بەردەوام بوو ئەگەر ئەو منداڵە کێشەی تەندروستی نەبوو ئەوا دوای (١٥) چرکە خۆی بێدەنگ دەبێت بەلام ئەگەر هاتوو هەر بەردەوام بوو دەتوانیت قسەی بۆ بکەیت، ڕاستە تێناگات بەلام منداڵ کاتی گوێی لەدەنگی دایکی دەبێت هەست بەدڵنیای دەکات و ئەگەر هەر بەردەوامیش بوویت لەگفتوگۆکردن لەگەڵیدا ئەوا بەهۆی گێژبوونیەوە خەوی لێدەکەوێت

## منداڵی بەناز

"ئەم جۆرە منداڵە جێگەی رەخنەی کۆمەلگەیە، کە هەردەم بەدایک و باوکییەوە نووساوە و هیچ کاتێکیش ناتوانێت بی ئەوان هیچ بڕیارێک وەربگرێت، بڕواو متمانەی بە خۆی نیە ناتوانێت زاڵ بێت بە سەر هەر

کێشەو گرفتێک کە رووبەڕووی دەبێتەوە، دکتۆر مەجدی لەبیب پسپۆری نەخۆشیە دەروونییەکان لە نەخۆشخانەی ریازی نیشتیمانی لە شانشینی سعودیە ئاماژە دەدات کە ناز هەڵگرتنی منداڵ زیان و زەرەر بە خودی منداڵ دەگەیەنێت کاتێک گەورەش دەبێت داوای بەجێگەیاندنی هەموو داوایەکی دەکات لە دایک و باوک یاخود هەر کەسێک لە هاوری و برادەرانی، ئەمەش نابێت چونکە هیواو ئاواتەکانی ژیان راستەوخۆ جێبەجی نابێت، زۆر کار هەن پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی بی وچان هەیە، بەلام مرۆقی بەناز هەوڵ دەدات کە هەموو پێداویستیەکانی راستەوخۆ بێتە دی. کەسایەتی ئەو جۆرە منداڵانە تەواو پێنەگشتووە و ناتوانێت رۆڵی سەرکردایەتی ببینێت و ئازارەکانی ژیان بچێژێت. پەروەردەی ڕاست و دروست ئەوەیە کە منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا مانای خۆشەویستی بزانێت و سزادانیشی نابێت توندو تیژی تێدا بێت. پێویستە منداڵ چەوتی و راستی لێک بکاتەوە و هەموو شتێک کە ئەو هەولی بۆ دەدات مانای ئەوە نییە کە راست بێت. پەروەردە کردنی راست ئەوەیە کە خۆشەویستی و فێرکردن یەک ئاراستەو لەیەک کاتدا بێت و هەر هەڵەیەکیش پێویستە سزادانی لە گەل ئەنجام بدرێت و هەر کارێکی راست و دروستیش پاداشتی بەدواوە بێت و سزا و پاداشتیش بەرامبەر هەر هەڵەیەک و راستییەک وەک یەک بێت نەک زیادی توند و تیژی و یان زیادی ناز هەڵگرتن. هیچ نەتەوەیەک بە کەسانی بەنازو بیٚ توانا بنیاد نانرێت بەڵکو پێوییستی بە کەسانی بە هیز و خاوەن

کەسایەتییەکی بەهێزو بە توانا هەیە کە بتوانێت بڕیاری خۆی بدات. بەپێی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان ناز هەڵگرتنی منداڵ مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە زیاتر لەو مەترسیانە خۆپەرستی کە ئارەزووی ئەوە دەکات هەموو شتێک بخاتە ژێر دەستی خۆی و کۆنترۆلی بکات، هەروەها بەپێی راو بۆچوونی زانایانی بواری دەروونزانی مامەڵەکردنی توندیش لەگەل "منداڵ کارێکی خراپەو زیان بە منداڵ دەگەیەنێت، بەڵکو پێویستە باوک و دایک مامەڵەکردنیان مام ناوەند بێت لەگەل هەر کارێکی باش یان خراپی منداڵەکەیان. هەروەها جیاوازی کردنی نێوان منداڵەکانی یەک خێزان دەبێتە هۆی دروستبوونی رق و کینە لە نێوان ئەندامانی یەک خێزاندا کە ئەمەش مەترسی نەخۆشی دەروونی گەورەی لێدەکەوێتەوە. منداڵی بەناز بەپێی لێکۆڵینەوەکان هەردەم دوودڵە و پەلە لەئەنجامدانی ئەرکەکان دەکات و بی ئەوەی بیر بکاتەوە هەلوێست وەردەگرێت و کەسایەتی خۆپەرستی دەبێت و هەول دەدات بە هەڵسوکەوتەکانی زاڵ بێت بە سەر کەسانی دیکەی دورو بەری. نەریتی رکابەریەتی لای منداڵ و گوێڕایەل نەبوون و پابەند نەبوونی بەو ئامۆژگاریانەی کە لەلایەن دایک و باوکەوە ئاراستەی دەکرێت لە گرنگی دانی زیادی دایک و باوکەوە دێت هەروەها گفتوگۆکردنێکی زیاد لە پێویست، کاتێک منداڵ داوای دایک یان باوکی رەت دەکاتەوە و جێبەجێی ناکات و داییک و باوکەکەش خۆیان لی بێدەنگ دەکەن ئەوا منداڵ بەردەوام دەبێت لە سەر ئەو کارەی و هەموو ئەو شتانە رەت دەکاتەوە کە جێگەی خۆشحاڵی ئەو نییە.

هەروەها هەندێک لە دایک و باوکان بۆ رازی کردنی منداڵەکانیان کاتێک گوێڕایەل نابن و پابەندی ئامۆژگاریەکانیان نابن ئەوا لە جێگەی ئەوە پاداشتیان دەکەن بۆ ئەوەی بە گوێیان بکەن. سەرهەڵدانی رکابەریەتی لای منداڵ  بۆ جێگیر نەبوونی پەروەردەکردنی دایک و باوک دەگەرێتەوە کاتێک لەلای باوکی پیاوەکە یان دایکی ئافرەتەکە پەروەردە دەبێت دوو شێوازی جیا لە پەروەردەکردن و جێگر نەبوونی ئاراستە کردنی منداڵەکەت بە شێوەیەکی راست و دروست و زیاد سۆزو خۆشەویستی دان بە منداڵ ەکەت ئەو رەفتارەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها جیاوازی مامەڵە کردن لە گەل منداڵ دا لەلایەن داییک بە شێوەیەک و باوک بە شێوەیەک رێکنەکەوتنی هەردوو لا لە سەر چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی منداڵ ، بەم شێوەیە منداڵەکەت فێر دەبێت کە سوود لەو راو بۆچوونە جیاوازە وەربگرێت و فێرە رکابەری ببێتەوە.

**چارەسەرکردنی**

١- رێککەوتن و هاریکاریکردن لە نێوان دایک و باوکدا هەروەها باپیر و داپیرەیان بەرامبەر بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ فەلسەفەیەکی یەکگرتوویان هەبێت.

**٢-** پێویستە هۆکاری ئەو رکابەریەتییە بزانرێت و یارمەتی بدرێت کە هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی فێر بێت.

**٣-** زۆر کار بە منداڵ مەسپێرە و گرنگی بە رەتکردنەوەی مەدە و سووربە لە سەر بەجێگەیاندنی ئەو کارەی کە پێی رادەسپێری.

٤- نابێت لە سەرەتا بەنەرمی فێری منداڵەکەت بکەیت کە کارێکت بۆ ئەنجام بدات کاتێک لێی توند دەکەی ئەوا بە گوێت ناکات چونکە لە سەرەتا کاتێک گوێڕایەلت نەبوو یەک لاییت نەکردەوە.

٥- هەروەها کاتێک منداڵ دوو دل بوو لەوەی کارێکت بۆ ئەنجام بدات کارەکە بە کارێکی دیکەی ئاسان مەگۆرە کە ئارەزووەکانی ئەو بهێنیتە دی.

٦- رێگایەکی دیکە بۆ کەمکردنەوەی رکابەریەتی منداڵ بەر لەوەی پێی بلێی ئەمە مەکە پێی بلێ بیکە ؟ بۆ نموونە کاتێک منداڵەکەت دەیەوێت لە سەر دیوار بنووسێت پێی مەڵی وا مەکە بەڵکو پێی بلێ وەرە لە سەر ئەو تەختەیە بنووسە. تا لەو رکابەریەتییە رزگاری دەبێت.

٧- شێوازێکی دیکە بۆ کەمکردنەوەی رکابەریەتی منداڵ ئەوەیە کە باسی نەکەیت لە بەردەم کەسانی دیکە کە منداڵەکەت خراپە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کاتێک زۆر لە دایکان هەوڵ دەدەن تورەیی و نارەزاییان بەم شێوەیە بەتال بکەن، باسکردنی منداڵەکەت بە خراپی رق و کینەی زیاد دەکات.

٨- بەکار هێنانی کێبرکی هۆکارێکە بۆ کەمککردنەوەی رکابەریەتی کاتێک لە بازار یان هەر شوێنێک داوا لە منداڵەکەت دەکەیت کە پەلە بکات لە رۆیشتن ولە رێگا نەوەستێت، لە شوێنی ئەو داوایە پێی بلی با بزانین کی زووتر دەگاتە مالەوە . من یان تۆ ئەوا لێرە شێوازەکە دەگۆڕێت و دووری دەکەیتەوە لە رکابەریەتی.

## کێشەی خۆدزینەوەی منداڵ لە ئەرکەکانی

"ئاشکرایە زۆر لە منداڵان بە زەحمەتی دەزانن کە ئەرکەکانی قوتابخانە بەتەواوی جێبەجی بکەن و نووسین و لە بەرکردنی وانەکانیان دوا دەخەن بەهەر بیانوێک بێت ئەمەش کێشەو گرفت بۆ منداڵەکەت دروست دەکات و لەدوارۆژدا وا دەکات کە ئاستی منداڵەکەت نزمتر بێت لە کەسانی ژیر و زیرەک. دواخستنی ئەرکەکان لای منداڵ پێویستە هۆکارە راستەقینەکەی بدۆزرێتەوە و پلانێکی شیاو بۆ ئەو مەبەستە دابنرێت بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەو نەریتە بۆ ئەوەی منداڵەکەت بگاتە ئەو ئاستەی کە بڕواو متمانەی بە خۆی هەبێت. یەکێک لە هۆکارەکانی بەجێنەگەیاندنی ئەرکەکان لەلایەن منداڵ نەبوونی یاخود لاوازی تێنەگشتنە کاتێک منداڵ نازانێت خوێندن مانای چیە و گرنگی دان بە ئەرکەکانی چی دەگەیەنێت ئەوا سوود و ئەنجامەکانی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی نازانێت، بۆیە لە کۆتایی فێرە گوێنەدان بە ئەرک و پشتگوێخستنی دەبێت هەروەها وا زۆر باسی ئەوەی لەلا مەکە کە خوێندن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆ خۆیەتی یاخود کەسێکی باشی لێدەردەچێت لە تێڕوانینی.

## درۆکردن لای منداڵ

لە سەر ئەم بابەتە مونا زەهران پسپۆری زانستی پەروەردەکردنی منداڵ دەڵێت:: پێناسەی درۆکردن لای منداڵ نەبوونی توانایە لە نێوان جیاکردنەوەی ئەوەی کە راستە یاخود خەیاڵە، هەرچەند زۆر لە منداڵان

پەنا بۆ درۆکردن دەبەن بەلام کەس و کاری منداڵ وا سەیر دەکەن کە راستگۆیی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی کەسایەتی هەر تاکێک کاتێک درۆش دەکرێت لەلایەن منداڵەکانیانەوە هەست بە بێزاری دەکەن و وادەبینن کە منداڵەکانیان درۆزنن. پسپۆری ناوبراو هۆشداری دایە دایکان کە منداڵ لە تەمەنی۳ ساڵ تا ٦ سال ناتوانن جیاوازی نێوان راستی و خەیال بکەن بۆیە ئاساییە کە دووچاری ئەو جۆرە کارە دەبنەوە. بەلام دوای قۆناغی چوونە قوتابخانە تا تەمەنی هەرزەکاری منداڵ زیاتر ئارەزووی درۆکردن دەکات ئەویش بۆ خۆدوورخستنەوە لە سزا یاخود هەوڵی وەرگرتینی پاداشت دەکات لەلایەن کەس و کارییەوە

هۆکارەکانی گشتی درۆکردن لای منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ:

١-درۆکردن بەمەبەستی خۆ رزگار کردن لە قەیرانێک یاخود کێشەیەک، وەزیاتر

منداڵ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا تا تەمەنی هەرزەکاری زیاتر پەنا بۆ ئەنجامدانی ئەو

جۆرە هەڵسوکەوتە دەدات.

٢ - زێدە رۆیی: زیاتر منداڵ پەنا بۆ جۆرە درۆکردنێک دەبات کە کارێکی گەورەی ئەنجامداوە بۆ نموونە ئاماژە دەدات کە لە یارییەکی تۆپی پێدا چوار گۆلی کردووە و یاریزانێکی بەناوبانگە لە گەڕەکەی.

٣- تۆمەتبارکردن زۆر جار منداڵ پەنا بۆ تۆمەتبارکردنی هاورێیەکی یاخود برایانی دەکات کە کارێکی نابەجێیان کردووە وەک شکاندنی پەنجەرەییەک یان هەرکارێکی نابەجێ.

٤- درۆکردن بی هۆکار: زۆر جار فێر بووە منداڵ درۆبکات بەتایبەتی کاتێک لە دایک و باوکی دەبیسێت کە لە بەردەم کەسانی دیکە درۆ دەکەن بۆ راستکردنەوەی هەندێک لە هەڵوێستەکانیان کە ئەمەش وا لە منداڵ دەکات بە کارێکی ئاسایی وەریبگریت و وا پێشبینی بکات کە درۆکردن لە هەر کێشەو گرفتێک رزگاریت دەکات.

**بۆ چارەسەرکردنی درۆکردنی منداڵ پێویستە دایک و باوکان زۆر بە هێمنی ئەو خالانە پەیرەو بکەن:**

١- پەنابردن بۆ سزا کە بگونجێت لەگەل ئەو هەڵەیەی کە منداڵە تەمەن بچووکەکە کردوویەتی.

٢- پێویستە دایکان بتوانن پەیوەندی منداڵەکەیان بە کەسانی دەوروبەریان باش هەڵبسەنگێنێت.

٣- پێویستە باوک و دایک منداڵەکەیان تێبگەیەنن کە زۆر گرنگی بەو دەدەن و لێیان رازین بۆیە پێویست بەوە ناکات پەنا بۆ درۆکردن ببەن.

٤- پێویستە دایک و باوک منداڵەکانیان هان بدەن کە زیاتر گفتوگۆ لە سەر بۆچوونەکان و مەترسییەکانی خۆی بکات کە ئەمە زیاتر بۆخۆدوور خستنەوەی درۆکردن رێگە خۆش دەکات.

٥- کاتێک دایک و باوک تەئکید نین کە منداڵەکەیان درۆیان کردووە پێویست ناکات زیاتر لە بابەتەکە بکۆڵنەوە

٦- پێویستە باوک و دایک زیاتر گرنگی بەباسکردنی درۆکردن و دزی و پەنابردن بۆ فێل کردن بەشێوەیەکی سادە دوور لە توورەبوون بدەن.

٧- پێویستە کەشێکی سەقامگیر لە خێزاندا هەبێت دوور لە ناکۆکییەکانی نێوان داییک و باوک.
٨- پێویستە رەوشتی بەرز و سیفەتی جوان و رێک و پێک لەناو مێشک و دەروونی منداڵان بچەسپێنییت کە کەسایەتییەکی پێشەنگی لی دەربچێت.

## بۆ دایک و باوکان

١- چەند ساتێک لەگەڵ منداڵەکانت هەر یەک بەتەنها بەسەر بەرە، وەرزشیان لەگەڵ بکە یاخود ماوەیەک پێکەوە بسورێنەوە، بەمەرجێک منداڵێک و ئەوی دیکەیان هەست بەوە نەکەن کە جیاوازی لە نێوانیان دەکەیت

٢- لە نێو دل و دەرونیان بڕواو متمانە دروست بکەرەوە.
٣- هانیان بدە کە هەوڵی جیدی بدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنن و رێزیش لەو هەولانە بنێ کە هەنگاوی بۆ دەهاوێژن
٤- ئاهەنگ و بۆنە بگێرە بەهۆی ئەوەی یەکێک لەمنداڵەکان یادی لەدایک بونیەتی یاخود یەکێک لە منداڵەکان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لە قوتاخانە خواردنێکی خۆش بۆ نیوەڕۆ ئامادە بکەن.
٥- وا منداڵەکەت فێر بکە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی بیر بکاتەوە بۆ نمونە لە جیاتی ئەوەی گلەیی لێبکەیت کە دەست و چاوی پیسن کاتێک لە قوتاخانە دەگەرێتەوە و یەکسەر بۆ سەر سفرەی نان خواردن

دێت و دادەنیشێت، پێی بلی وا دیارە ئەمڕۆ کاتێکی خۆشت لە قوتابخانە بەسەر بردووە.

٦- هەندێک جار وێنەو یادگارییەکانت لەگەل مندالآن لە وێنەکانتان دیارن بیهێنە بەردەست و باسی ئەو کاتانەیان بۆ بکە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لە رابردو.

٧- ئەو نموونانەیان بۆ بهێنەوە کە تۆ شتی لی فێر بوویت.

٨- پێیان بلی کەوا هەست بەخۆشی دەکەم کە باوکی ئەو مندالآنەم.

٩- رێگە بەمنداڵەکانت بدە خۆیان جل و بەرگی خۆیان هەلبژێرن تا بوانن کە تۆ رێز لە بریاری ئەوان دەگریت.

١٠- لەگەل منداڵەکانت یاری بکە و تۆش وەک ئەوان دەستی خۆت بە قەلەمی رەنگاو رەنگ پیس بکە

١١- پێویستە خشتەو کارەکانی منداڵەکانت بزانیت هەروەها برادەرو دورو بەریان بناسیت بۆ ئەوەی کاتێک لە قوتابخانە دێنەوە لێیان نەپرسی کە چیتان کرد ئەمرۆ بەڵکو وردەکارییەکانی لی بپرسی و پێی بلێی کە ئەو برادەرەت ناوی فلانە چی کرد مامۆستا فلان چی گوت ؟ بەم شێوەیە دەزانێت کە تۆ بەجیدی لەکاروبارەکانی دەکۆڵیتەوە و گرنگی پێ دەدەیت

١٢- کاتێک منداڵ داوای قسە کردن دەکات و تۆش کارت هەیە پێوییستە کارەکەت جێبهێلیت و بەتەواوی گوێی لێبگریت.

١٣- پێویستە ئەگەر هەفتەی یەک جاریش بیت لەگەڵیان دابنیشیت و خواردنی نیوەرۆ یان ئێوارە یان بەیانیان لەگەل بخوێیت.

١٤ - پێویسته جار بەجار نوکتەیەک یان قسەیەکی خۆشیان لەگەڵ بکەیت یاخود کاتێک دەخەون شتێک لە ژێر سەرینەکەیان دابنێیت تاکو کاتێک هەلدەستن بیبینن تاکو بزانن کە تۆی باوک یان دایک بیرت لای ئەوانەو گرنگیان پێدەدەیت

١٥ - پێویسته منداڵ ەکەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ببییستێت کاتێک لە ژووری خۆی دەبێت تۆ خۆشەویستی و رازی بوونی خۆت بەو رابگەیەنیت و باس لە باشی کەسایەتی ئەو بکەیت.

١٦- کاتێک منداڵ وێنەیەک دەکێشێت لە شوێنێکی بەرز یان تایبەت دایبنی تاکو بزانێت کە تۆ هەست بە جوانی دەستنەخشی ئەو دەکەیت و شانازی پێوە دەکەیت.

١٧- وا هەڵسوکەوت مەکە لەگەل منداڵەکەت وەک چۆن دایک و باوکی تۆهەڵسوکەوتیان لەگەل کردووی چونکە منداڵەکەت تووشی هەلەی دەروونی دەبێتەوە.

١٨- ووشەیەکی نهێنی لە نێوان خۆت و منداڵەکەت دروست بکە کە مانای خۆشەویستی تۆ و ئەو بدات کەس دیکە پێی ئەزانێت. بەخێوکەری منداڵ نموونەیەکی بەرزە لای منداڵ بۆیە پێوییستە ئەو کەسە پێشەنگ بێت، بۆیە ئەو کەسەی کە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵی لە ئەستۆدایە ئاسان نییە منداڵەکەی بەشێوەیەکی راست و دروست پەروەردە بکات ئەگەر خۆی بەم شێوازە پەروەردە نەکرا بێت. باوک و داییک و مامۆستای قوتابخانەو کەس و کاری منداڵ پێویستە منداڵ لە سەر خۆشەویستی را بهێنن پێدانی خۆشەوییستی

بەمنداڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ "مێشک و تەواوی گوێی خۆی بدات بەو کەسەی کە پەروەردەی دەکات. ئەگەر منداڵەکەت لە سەر راستگۆیی بەخێو کرد و لەسەر رێگەیەکی راست و دروست پەروەردەت کرد ئەوا رێرەوی تۆ دەگرێت لەتۆ کاروباری رۆژانەو رێنماییەکانت بەتەواوی لەگویێ دەگرێت و و دەبێتە نەریتێکی تەواوی منداڵەکەت. پێویستە هەروەها منداڵ ەکەت کاتێک دووچاری هەڵەیەکی بچووک دەبێتەوە تێبینی خۆتی پی رابگەیەنیت ئەگەر هەڵەکەی لە قسەکردندا بێت یاخود لە کردەوەی یان بۆچونی چونکە ئەمە هانی دەدات کە هەرلە منداڵیەوە رێچکەیەکی باش بگرێت. دەتوانێ لە رێگەی چیرۆکەوەش منداڵ پەروەردەو ئاڕاستە بکەین کە خزمەت بەلایەنی جەستەیی و دەروونی و تەندروستی و کۆمەلایەتی بدات و ئاڕاستەی کردەوەی باش بگرێت وەک راستگۆیی و دڵسۆزی و خۆ دوور خستنەوە لە درۆ و دزی خیانەت کردن. زۆر جاریش منداڵ  بە وزە سەرفکردنەوە پەروەردە دەکرێت و ئاراستە دەکرێت بۆ ئەوەی کات بەفڕۆ نەدات و بیر لە شتی خراپ بکاتەوە وزەی پی سەرفبکرێت وەک مەلە کردن یان هەر یارییەکی وەرزشی یان کاروباری ناو ماڵ بۆ ئەوەی کاری دزێو ئەنجام نەدات. پەروەردە کردن بە شێوازێک کە منداڵ  بۆشاییەکانی پر بکاتەوە لە رێگەی بەرنامەیەکی رۆژانەی چڕەوە، کاتێک لە خەو هەڵدەستێت بەکاری رێک و پێک وگونجاو خەریکی بکە بۆ ئەوەی چێژ لەو کاتانەی بۆت داناوە ببینێت.  پەروەردە کردن بە بەشداریکردن لەو چالاکیانەی هەتا وەکو ئاسانیش بێت بڕواو متمانەی پی بدە یان

لەماڵەوە با بەشداری ڕێکخستنی جل و بەرگ بێت یان رازاندنەوەی مێزی خواردن و پاککردنەوەی. پەروەردە کردن بەو روداوانەی کە روو دەدەن یان هەڵوێستێک کە دروست دەبێت، واز مەهێنە ئەو رووداوانە هەروا بە هەدەر بڕوات و سوودی لی نەبینیت و کاریگەری بەسەر منداڵەکەتەوە نەبێت.

"منداڵی هێمای بەرائەتی سروشتە و ناو نیشانێکە بۆ پاک و خاوێنی مرۆق کاتێک ئەو هێمایە بەرز ڕاگیرا ئەوا جوانی سروشت زاتر دەبینرێت. مرۆڤ بە بەهاترین و دەوڵەمەنترین سامانە لە نێو جیهاندا ئەمە حەقییقەتێکی زانستییە کەلە مرۆڤ و هەموو لایەنەکەکان و پێکهاتەکانی جیهان هەستی پی دەکەن. ئەم وتانە تەنها دروشم نییە کە لە رەوشتی بگرێتەوە بەلکو کۆمەلێک راستی زانستی حاشا هەڵنەگرن لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی، وەبەرهێنانی پەروەردەی مرۆڤ زیاتر لە کۆمەلگە پێشکەوتووەکان هەستی پێدەکرێت کە ئامانجێکی هەموو ولاتێک و هەموو نەتەوەیەکە کە ئەو وەبەرهێنە بە شێوەیەکی راست و دروست بەکار بهێنرێت و ببێتە بوارێکی داهێنان و بەرهەم هێن. شۆڕشی زانستی بەتەواوی بڕوای بەوە هەیە کە پەروەردەی مرۆڤ و گەشەکردنی مرۆڤە دەروازەیەکە بەرەو پێشکەوتنی شارستانیەتی و هەموو ئەو پێشککەوتنانەی لەبوارەکانی تێگەیشتنی مرۆقایەتی لەدایک دەبێت. بۆیە راستییەک و حەقیقەتێک هەیە پێویستە بزانرێت، کە هەر پێشکەوتنێکی کۆمەلگە بەندە بە شۆڕشی پەروەردەیی و فێر بوون. بیرۆکەی چاکسازی کۆمەلگە لە قۆناغی منداڵیەوە دەست

پێدەکات بەلام چۆن؟ فەیلەسونی یۆنانستانی ئەفلاتۆن لە سەدەی چوارەمی پێش زاینی رایگەیاندووە کە ناکرێت چاکسازی کۆمەلگە بێتە کایەوە کاتێک منداڵ لەلایەن گەورەکانەوە تووشی گەندەڵی دەکرێن بۆیە پێشنیاری کردووە کە منداڵ لە خوار تەمەنی پێنج ساڵیەوە لە چەند سەربازگەیەکەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پەروەردە بکرێن بۆئەوەی بتوانن چاکسازی شارو ولاتەکەیان بکەن و لە گەندەڵی خۆ بە دوور بگرن. ئەم بیرۆکەیەی ئەفلاتۆن رەنگی دایەوە لە زۆر لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەلگەکان" منداڵەکانمان تا ئێستا لەلاییەن ئێمەوە مرۆڤی نەناسراون نازانین وزەو تواناکانیان چۆنەو چەندە و ناتوانین تا ئێستا شتێکی وا پێشکەش بەمنداڵەکانمان بکەین کە گرنگ بێت چونکە نەمانتوانیوە ئەو هێزو توانایانەی ئاوەخۆی ئەم منداڵانەمان بزانین و گەشەیان پێ بدەین مەترسیدارترین شت لە ژیانی کۆمەڵگەکانمان ئەوەیە کە بەخێوکەرانی ئێمە و ئەوانەی بەکاری پەرروەردە هەڵدەست بەشێوازێکی زانیستیانە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، یاسایەکی تەواو و یەکلاکەرەوەی پەروەردە هەیە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر نەتوانیت پەروەردەیەکی راست و دروست پەیڕەو بکەیت ئەوا پەروەردەیەکی نادروست و نابەجی پەیڕەو دەکەیت کە پەروەردەی نادروستیش منداڵ لەلایەنی جەستەیی و فیکری و کۆمەلایەتی دووچاری هەرەس هێنان و رووخان دەکاتەوە. هەر پەروەردەیەکی نا زانیستیانەش منداڵ دووچاری رووخان دەکات.

## ئایا ئێمە منداڵەکانمان پەروەردەیەکی دروست دەکەین یان دەیان رووخێنین

پەروەردەکردنی منداڵ بەندە بە ئاستی هوشیاری دایک و باوک بەرامبەر بە پەروەردە کردنی منداڵ و چۆنیەتی زانینی یاسا و رێساکانی سایکۆلۆژیەتی منداڵ. نەبوونی ئەو رۆشنبیریە دەرەتجامی خراپی لێدەکەوێتەوە کە بە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە دەبێت کە باسمان کرد، منداڵ هەست بە رووخان دەکات و بنیادنەر نابێت، بەرەو هەژاری دەچێت نەک دەولەمەندی، تەنها شت وەردەگرێت وناتوانێت بیدات. پرسیار لێرە ئەوەیە تا چەند باوک و دایکان هوشیاریان لەم بوارە بە تەواوی لا گەلانە بووە ؟ لە وەلامدا دەتوانیێ بلێین کە پەروەردەکردنی منداڵ تا ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەروەردە کردنێکی لاساییکردنەوەیە نەک زانستیانە و سەردەمیانە. لە بەهێزکردنی توانای هوشیاری و تێگەیشتن و بیر کردنەوەدا.

**چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت**

"پاراستنی شارەزایی رابردوو مەرجێکە لە مەرجەکانی خۆگونجاندن، هەر هەڵوێستێک و رووداوێک کە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە وا بە ئاسانی وێنەکانی لە بیر ناکرێت بەڵکو کاریگەری خۆی جێدەهێلێت کە پێی دەلێن بێرەوەرییەکان "قوتابیەک کاتێک مامۆستاکەی تاقیکردنەوەیەکی زانستی لە بەردەمی قوتابیدا ئەنجام دەدات و ئاکام و ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە دەبینێت ئەوا ئەو ئەزموونە وشارەزاییە بەهیچ شێوەیەک لە بیر ناکات کاتێک مامۆستا داوای لێبکات و لێی بپرسی یەکسەر وەڵامی دروستی دەداتەوە. دووبارە گێڕانەوەی یادەورەیەکانی پێشوو کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت بریتییە لە چالاکیەکی دەروونی کە بە وەبیرِ هاتنەوە ناو دەبرێت، ئاساییە کە بیرهاتنەوە کارێکە کە شتەکان جێگیر دەکات و دەیپارێزێت و دووبارە ئامادەی دەکاتەوە لەکاتی پێویستدا. بۆیە جێگیرکردنی زانیارییەکان و پاراستنی لەگەل وەبیر هاتنەوە لێک جیا ناکرێنەوە.

گەشەکردنی مێشکی منداڵ گرنگە بۆ ئەوانەی کە کاری پەروەردەیی ئەنجام دەدەن و پێوەی خەریکن چونکە ئەو دیاردەیە زۆر سوودمەند دەبێت لە فێرکردنی منداڵ و بوار زیاتر دەرەخسێت بۆ ئەوەی بە تواناکانی و ئامادەییەکانی منداڵ بگەین.

## بەبیرهاتنەوەو لەبیر چوون

بەبیرهاتنەوە و لە بیرچوون دوو روون بۆ یەک فەرمان بڕکردنەوە شارەزاییەکی پێشووە یاخود رابردووە کە کەسێک لەکاتی دیاری کرودا بەکاری دێنێت بەلام لە بیرچوون ئەویش شارەزاییەکی رابردووە بەلام تاکە کەس لەکاتی دیاری کراودا ناتوانێت دووبارە بەکاری بهێنێتەوە. یادکردنەوە لای منداڵ لە تەمەنی شەشساڵیدا پشت بە واتای بابەت نابەستێت بەڵکو خۆی دەبەستێتەوە بە هەموو وردەکارییەکان بەڵام کاتێک بیرو هۆشی منداڵ گەشە دەکات ئەوا بیرکردنەوەکەی زیاتر مەعنەوی دەبێت و پشت بە تێگەیشتن دەبەستێت نەک بە وردەکارییەکانی ووشەکان. بیرکەوتنەوە پاشان لە شێوازی ئەندامی بۆ شێوازێکی رەمەکیانە پێش دەکەوێت.

## بیرو هۆشی منداڵ

بیرو هۆشی منداڵ سروشتێکی هەستکردنی پێوە دیارە بەتایبەتی لە سەرەتا،بەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێی دەدرێت بەشێوەیەکی دیاریکراو و هەستپێکراو لە بیرو هۆشی خۆی دەیپارێزێت بۆیە کاتێک ژمارەیەک وێنەو ئەو شتومەکانەی کە هەستیان پێدەکرێت لە بەردەم منداڵمان دانا لە بیری خۆی کۆپی دەکات و دەیپارێزێت کاتێک لێشی بپرسێین دەبینین زیاتر وێنەکان و ئەوانەی هەستیان پێدەکرێت لە ووشە رووتەکان زیاتر کۆنترۆل دەکات و لە بیری خۆی چەسپاندووە، بۆییە دەبینێ لە چوار پۆلی یەکەمی بنەرەتیدا قوتابیان زیاتر ئەو شتانە وەردەگرن کە لە

ڕێگەی هەستیارەکانی وەریدەگرێت بۆیە پێویستە مامۆستایان و شارەزایانی بواری پەروەردە گرنگی بەو لایەنە بدەن لە تەمەنی چوار سالی یەکەمی بنەڕەتیدا منداڵان تێیدان. بەلام منداڵ دوای ئەوەی تەمەنی گەورە دەبێت توانای گەشە دەکات کە هەر بابەتێکی قسەکردن لە بیری خۆی بپارێزێت هەر بۆ نموونە منداڵ لە تەمەنی حەوتساڵیدا توانای ئەوەی هەیە ١٠ دێر شیعر لە بەربکات لە تەمەنی ئۆ سالیشدا ١٣ دێر لە بەربکات لەتەمەنی یازدە ساڵیشدا توانای لە بەرکردنی بۆ١٧ دێر بەرز دەبێتەوە.

## چۆن سەرکەوتوو دەبیت لە ژیاندا

کلیلەکانی سەرکەوتن و چۆن فیر دەبیت سەرکەوتوو بیت، چۆن دەتوانیت بهسەر شکستیهێنا زاڵ بیت، ئامۆژگاریبەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ڕێکخستنی کات، تۆش دەتوانیت سەرکەوتوو بیت. کلیلەکانی سەرکەوتن بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

### کلیلی یەکەم - بڕوابوون بە سەرکەوتن:

ئەمەش بریتییە لە بیرورا و کاری دروست و کۆمەڵێک لە ڕێنمایی و داب و نەریت کە مرۆڤ پێویستی پێدەبێت بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستە. بڕوا بوون پاڵنەرێکە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە بەردەم مرۆڤ، بڕوا بوون بەهەر مەسسەلەیەک پێویستی بە ئازاییەتی و بڕواو متمانە هەیە، بڕوابوون وا لە مرۆڤ دەکات ئیرادەی بەهێز بێت.

**کلیلی دووەم - مێشک**

مێشک سنووری نییە لە گەشەکردن بێت و لە گەشەکردنیش دەوەستێت کاتێک ئەو ڕۆڵەی نادەیتێ. مرۆڤ دەتوانێت زیاتر گەشە دەکات کاتێک زۆرتر بەکار ڕۆڵی مێشک کارا بکات بەوەی ئەو ئارەزوو و سۆزەی هەیەتی بەلاوە بنێیت. مێشک سێ ڕۆلی سەرەکی بەخۆوە دەبینێت:

یەکەمیان ئەزموونی پێشوو ئەویش بە وەرگرتنی پەند لە تاقیکردنەوەکانی پێشوو دووەمیان ڕوونکردنەوەی ڕێگا لە ئێستا ئەویش بە ڕاوێژکردنی مێشک دوور لە ئارەزوو و سۆز سێیەمیشیان پلاندانان کە ڕۆلی سەرەکی دەبینێت لە ئاراستە کردنی مێشک.

**کلیلی سێیەم - ئیرادە**

هەموو سەرکەوتنێک بە ئیرادەبوون دەستپێدەکات، بوونی وزە لە ناخی مرۆڤ و بوونی پێداویستییەکان لە ژینگە هەمووی ئاماژەن بەوەی سەرکەوتن بەدەست دێت، بۆیە ئەگەر ئیرادە هەبێت ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ جێبەجێکردنی، هیچ شتێک ئەستەم نابێت گەر ئیرادەیەکی پۆلاین هەبێت.

**کلیلی چوارەم - ئاوات**

کاتێک ئامانجێک دیاری دەکەیت بۆ بەدەستهێنانی یاخود گەیشتن بەو ئامانجە پێویستی بە بوونی ئاوات هەیە کە ئەمەش پێویستی بە بڕیارێک هەیە لە ناو ناخت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بڕیارت دا

دەوڵەمەند بیت و ئاوات و هیوات بەم شێوەیە بوو ئەوا زۆر ئاسانە بەدیهێنانی ئەو ئاواتە.

**کلیلی پێنجەم** - دیاریکردنی ئامانج هەموو مرۆڤێك ئارەزووی ئەوەی هەیە کە سەرکەوتن بە دەست بێنێت بەلام ئەوانەی کە زیاتر سەرکەوتن بەدەست دێنن ئامانجەکانی خۆیان دیاری دەکەن. ئامانجەکانیش دوو جۆرن یەکەمیان ئامانجی گەورە و دووەمیان ئامانجی بچووکی رۆژانە.

**کلیلی شەشەم - چالاکی و کارکردن**

چالاکی بەرهەمی هەر کەسێکە و کارکردنیش رێگایەکە کە هەستی پێدەکەین و دەیبینێین و بەرهەمی زنجیرەیەک کارە. گرنگترین شت لە ژیان کارکردنە. زانیین و پلاندانان دەستپێکی کارە و بەپێچەوانەوە تەمەنی مرۆڤ بە فیرۆ دەچوو هەروەها بیرکردنەوە دەسپێکی کارە. ئەوەی لە کلیلی کار دا پێویستە مرۆڤ رەچاوی بکات بریتییە لە:

١- دڵسۆزی لەکارکردن
٢- کارکردن لەهەموو کاتێکدا
٣- بەردەوامی لەکار
٤- ئەنجامدانی باشترین کار
٥- خۆشەویستی کار
٦- دوو دل نەبوون لەئەنجامدانی کارەکەت

## دوو خاڵی گرنگ هەیە لای مرۆڤ کە ناتوانرێت هەڵبسەنگێندرێت و بنرخێندرێت

**یەکەمیان - توانای بیرکردنەوە**

دووەمیان - توانای کارکردن بەپێی گرنگی ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدات لە ماوەی یەک رۆژدا کۆمەڵێک پێداویستی هەن پێویستە ئەنجامی بدەین زۆر جار ئەوانە بەر مێشک دەکەون کە ئاسانن و زۆر هەوڵی ناوێت بۆ ئەوەی بە زوترین کات ئەنجامی بدەییت. پێویستە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی ئەو رێڕەوەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کاری رۆژانەی گرنگی پێبدات بەپێی گرنگی کارەکەی: بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە گرنگیان زیاتر هەیە لە کاری دیکە پێویستە

١- لە سەرەتادا بیر بکەینەوە کە چۆن ئەو کارانە رێک دەخەیت

٢- پلانێکی رۆژانەت هەبێت و پابەندی بیت

٣- هەر کارێک گرنگ نەبوو پشتگوێی بخە

٤- هەل بۆ کات بقۆزەوە

## زان بوون بە سەر خاڵە لاوازەکانی ژیان

ئەمرۆ بە سروشتی پێکهاتەی خۆی لاوازە بۆیە پێویستی بە کەسانی دورو بەری دەبێت. ئەو لاوازییەی پیکهاتەی مرۆڤ وا دەکات کە هەردەم هەست بە کەم توانایی بکات لە کارکردن هەر لەم روانگەیەوە مرۆڤ هەوڵ دەدات کە زاڵ بیت بە سەر ئەو کەم و کوریانەی کە

هەیەتی بۆ ئەوەی گەشە بکات بەلام زۆربەی زۆری مرۆڤەکان ناتوانن بە سەر ئەو کەم و کوریانە زاڵ بن کە هەیانە یاخود هەستی پی دەکەن. شکست هێنانی مرۆڤ لە وەرگرتنی بڕیاری راست و دروست لە هەڵبژاردنێکی لۆژیکی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دارووخان و هەرەس هێنان و نەمانی ئازادییەکەی، چونکە ئازادی بوونی مرۆڤ توانای کارکردن و کاریگەری بە سەر کەسانی دیکە دا پی دەبەخشێت ئەو کات مرۆڤ دەتوانێت بۆ بنیادنانی ئارەزووەکانی و ئازادکردنی وزەو تواناکانی بە ئاراستەیەکی راست هەنگاو بنێت. چۆن مرۆڤ هەست دەکات کە خاوەن توانا و متمانەو بڕوای بە خۆیەتی؟ لە هەموو ئەو خالانەی کە گرنگن بوونی بڕوایی بە خۆبوونە لەگەل بێهێز بوون و بڕواو متمانە لەدەستدانی مرۆڤ دووچاری ملکەچ بوون دەبێت بۆ ئیرادەی کەسانی دیکە.

## چۆن منداڵەکانمان لە گرفتە دەروونییەکان دەپارێزین

منداڵ بوونەوەرێکی زۆر نەرم و نیانە لە پێکهاتەکەیدا و زۆر سانا دووچاری کاریگەری دەورو بەری خۆی دەبێت بۆیە پێویستە دایک و باوکان بەرپرسیاریەتی گەشەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ لە خۆ بگرن و ئاراستەی بکەن بۆ رێگایەکی راست و دروست بۆ ئەوەی گەشە بکات لە رێگەی بەرنامەیەکی راست و دروست دوور لە گرفتە دەروونییەکان یاخود منداڵ پەروەردە دەبێت بەهۆی ژمارەیەک گرێی دەروونی کە لە دوارۆژدا دووچاری چەندین نەخۆشی دەروونی دەبێتەوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە منداڵ  دوچاری گرفتە دەروونییەکان دەکاتەوە داییک و باوکە: هەڵسوکەوتی توندو تیژ و سزای جەستەیی و قسەی ناشرین و ئیهانە کردنی منداڵ هۆکارێکە بۆ ئەوەی گەشەکردنی منداڵ بوەستێت و متمانەی بە خۆی نەبێت و ترس و دلەڕاوکێ زاڵ بێت بە سەر هەر کارێک کە هەوڵی بەدیهێنانی بکات. بوونی ناکۆکییەکانی نێو خێزان وادەکات کە منداڵ بەرەو ئاڕاستەی دایک یان باوک ببات لەو ناکۆکییە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا منداڵ دەباتە ناوململانێی ناکۆکییە دەروونییەکان. هەروەها گرنگی دان بە منداڵ ی تازە لە دایک بوو وا لە مندای بەرلە خۆی دەکات کە دوچاری گرفنت بکاتەوە. منداڵ زۆر هەست بە نارەحەتی دەکات کاتێک منداڵێکی دیکە لەناو باوەشی دایک و باوکی دەبینێتەوە و وەک پێشتر دایک و باوک گرنگی بە منداڵی یەکەم ئەدەن. نەبوونی گفتوگۆو قسە کردن لە نێوان دایک و باوکدا و بە نەبوونی پلان و هاریکاری لە نێوان دایک و باوک بۆ گەشەپێکردنی کەسایەتی منداڵ  و تواناکانی مێشکی منداڵ هۆکاری دیکەن کە بەربەستە لە گەشەکردن. ڕێگە پێنەدان بە منداڵ  کە ئارەزوەکانی  خۆی بهێنێتە دی خالێکی ترە بۆ لاواز بوونی کەسایەتی ئەو منداڵە. یان بە پێچەوانەوە زۆر خەرجکردن و بە پیرەوە هاتنی منداڵ  کە زیاتر بێت لە داواکارییەکانی وا لە دایک و باوکان دەکات کە نەتوانن منداڵەکەیان وەک پێویست کۆنترۆل بکەن. هەندێک جار بەهۆی خواردنی چەند داوو دەرمانێک لەلایەن دایکەوە کاتێک منداڵ ەکە لە نێو سکی

دایکییەتی یان کێشانی جگەرە کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر تواناکانی مێشکی منداڵ . هەروەها خەمباری دایک لەکاتی سکپڕیدا هۆکاری دیکەن بۆ لاوازی و کەمتوانایی بیرو مێشکی منداڵ. دووری منداڵەکە لە داییک و باوک بەتایبەتی لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، هەروەها ئەو دایکەی کە زۆر زیاتر رۆڵی هەیە لەناو خێزاندا و بەتەواوی کەسایەتی باوک لاواز دەکات لە نێو خێزاندا. هەروەها جێهێشتنی منداڵ بەردەوام لای ئەو کەسانەی لە ماڵێکدا کاری پاککەرەوەو یان ئیشکەر لەماڵەکەدا پێسپێرراوە، یاخود دایک زیاتر گرنگی بەخۆی بدات و منداڵ لەماڵ جێبهێلێت و ترسی پێبدات کاریگەری نەرێنیان لە سەر دەروونی منداڵەکە دەبێت. هەندێک جار باوک هۆکارە بۆ تووشبونی منداڵ لە گرفتە دەروونییەکان بۆ نموونە باوک تەواوی کەسایەتی دایک لەماڵ لاواز بکات و جوێنی پی بدات و لێی بدات یان بە سەرخۆشی شەوانی درەنگ بێتە ماڵەوە . یان باوک لە بەردەم منداڵ دا درۆ بکات یان کاری نابەجێ ئەنجام بدات ئەوا منداڵ متمانەی بەو باوکە نامێنێت. باوک کاتێک کات بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکانی نەرەخسێنێت و گرنگیان پێ نەدات یان باوک سەفەر بکات بۆ دورە ولات و لەمنداڵەکانی دوور بێت. هەندێک جاریش منداڵ خۆی هۆکار دەبێت کە خۆی دووچاری گرفتی دەروونی بکاتەوە وەک کەمبوونی تواناکانی زیرەکی منداڵ لە ناو پۆلدا بە بەراورد لەگەل هاوڕێیانی وا دەکات کە منداڵ ەکە هەست بە شەرم بکات بەتایبەتی کاتێک مامۆستاکەی زیاتر فشار بخاتە سەری و

لێپێچینەوەی لەگەل بکات. یاخود منداڵ نەخۆشییەک یان هەر کەمووکورییەکی جەستەیی هەبێت وەک گێری و کەڕی یان هەر نەخۆشی یان کەم و کورپییەکی دیکە.

## ئەو هەنگاوانە چین کە هەلسوکەوتی منداڵی پێ چارەسەردەکرێت

زۆر لە دایک و باوکان چەندین شێوازی جیا جیا بەکار دەهێنن بۆ گۆڕینی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە هەڵەن لای منداڵەکانیان هەندێک لەو شێوازانەش رەمەکیانەیە و بەرنامەیکی تۆکمەی نییە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوتە خراپەکان زیاتر کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر منداڵ و خێزانەکەی، ئەو هەنگاوە گرنگ و سەرەکیانە چین کە زانایانی پەروەردە کۆکن لە سەری لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی منداڵ

**هەنگاوی یەکەم:** لێکۆڵینەوە لە سەر هەڵسوکەوتی منداڵ و دیاریکردنی جۆری هەڵسوکەوتەکەو دانانی چارەسەری گونجاو لەو هەنگاوەی یەکەمدا پێویستە دایک و باوکان مێژووی هەڵسوکەوتە نەرێنییەکە دیاری بکەن کە کەی ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی منداڵ دەستی پێکردووە، هۆکارەکانی چێن، چۆن ئەو هەڵسوکەوتە خراپە گەشەی کرد؟ ئایا دایک و باوک هیچ رێو شوێنێکیان گرتۆتە بەر بۆ چارەسەرکردن؟ پێویستە دایک و باوک وەلامی ئەو پرسیارانە لە خشتەیەکدا بدەنەوە.

**هەنگاوی دووەم:** دیاریکردنی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوو بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی ورد: زۆر لەدایک و باوکان هەڵسوکەوتە لێکچووەکان بەیەک شێواز هەوڵی چارەسەرکردنی دەکەن. پێویستە لەو هەنگاوەدا هەڵسوکەوتەکە دیاری بکەین بۆ گۆرینی تا چارەسەرەکە بەتەواوی دێتەدی.

## کێشەو گرفتە دەروونییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان

قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری مرۆڤ بە گرنگترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ دەژمێردرێت نەک لەرووی تەندروستی و فێرکردنەوە بەڵکو لەرووی پێکهاتەی دەروونییەوە ئەو قۆناغە بە قۆناغی چەسپاندنی بیرو باوەڕو داب و نەریت و هەلسوکەوتەکان دەژمێردرێت کە منداڵ زیاتر لە رێگەی خێزان یان قوتابخانەوە کاریگەری لە سەر دەکرێت. ئەگە هاتوو خێزان توانی هەر لە سەرەتاوە منداڵەکانی تێبگەیەنێت و ئاراستەیان بکات بەرەو هەڵسوکەوتە داب و نەریتی باش و دروست و منداڵ لە کاری دزێو و خراپ دوور بکاتەوە و خۆشەویستی و سۆز لە دل و دەروونی و بچەسپێنێت ئەوا بنیادنانی کەسایەتی ئەو منداڵ ە بەهێزتر دەبێت و قوتابخانەش تەواو کەرو بەردەوامی ئەو رێڕەوە دەبێت و منداڵ هەست بە خۆی و کەسایەتی خۆی دەکات و بڕوای بە کەسانی دەورو بەری خۆشی دەبێت

## هۆکاری دیاردەی توندوتیژی لە قوتابخانە

پرۆسەی فێرکردن لە سەر بەردەوامی و تێکەڵ بوونی قوتابیان و مامۆستایان بەرەو هەر هەڵسوکەوتێک کاریگەری خۆی لەسەر ئەوی دیکەیان دەبێت هەروەها ژینگەش کاریگەری لە سەر هەردووکیان دەبێت، بۆیە هەلسەنگاندی هەر دیاردەیەک لەچوارچێوەی قوتابخانە ناتوانرێت ئەو پێکهاتانەی کە قوتابخانە دەیانگرێتەوە لێکیان جیا بکەینەوە کە ژینگە بەشێکی گەورەی ئەو پێکهاتەیەیە. هەروەها سروشتی کۆمەلگە کە بریتییە لە باوک سالاری و خۆ سەپاندنی دەسەلات هەروەک بەکار هێنانی توندو تیژی لەلایەن برایەکی گەورە بەرامبەر بە برا بچووکەکەی یان مامۆستا بەرامبەر بە قوتابی کارێکی سروشتی و ئاساییە. قوتایخانە شوێنێکە هەموو فشارە دەرەکییەکان تێیدا کۆدەبنەوە، بۆیە ئەگەر ژینگەی دەورو بەری قوتاخانە توندو تیژی تێدا یێت ئەوا زۆر ئاساییە کە توندو تیژی لە قوتابخانە سەرهەڵبدات و ئاسایی بێت هەموو ولاتانی جیهان و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان گرنگی تایبەتی بە منداڵ دەدەن بەوەی منداڵ کۆڵەگەیەکی گەورەی مرۆقایەتییە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. کار کردن لەو پێناوەدا بەردەوام بووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو پێداویستیانەی کە منداڵ هەیەتی دیاریبکرێت و ئەو گیروگرفتانەش دیاریبکرێت و نەخشەو پلانی تۆکمە دابنرێت و بەرنامەی گەشەکردنی منداڵ و چاودێری کردنی بەبەردەوامی لەبەرچاوبگرێت بە تایبەتی گۆرانکارییەکان زۆر بە خێرایی بەرێوەن. لە سالی ١٩٥٩ بەلگەنامەیەکی مافەکانی منداڵ لەلایەن نەتەوە

یەکگرتوەکانەوە دەرچوو کە پێکهاتبوو لە دە خاڵ کە پشتگیری مافەکانی منداڵ ی دەکرد. هەر ئەو راگەیاندنەی مافەکانی منداڵان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان بە شێوەیەک راگەیەندرا کە پێویستە دایک و باوکان و هەموو ئەو دەستەو رێکخراوانەی کەپەیوەندی راستەوخۆیان بە مافەکانی منداڵانەوە هەیە هەروەها دەسەلاتداران و حکومەتەکان دان بەو مافانە دابنێن و کار لە پێناو جێبەجێکردنی بدەن .

## گریان

بەپێی لێکۆڵینەوە زانیستییەکان گریان سوودێکی زۆری هەیە بەوەی تەمەن درێژ دەکات و لە فشاری تووڕە بوونیش رزگاری دەکات و لەکاتی هاتنە خوارەوەی فرمێسکیش رێژەیەکی زۆر لە ماددەی ژەهراوی زیان بەخش دەکوژێت.

## ووشک بوون

ئەمەش حاڵەتێکە کە لە دوای سک چوون دووچاری منداڵ دەبێت و زیاتر ئەو حالەتە بە سەر سیمای منداڵی سک چوو دیار دەبێت. یەکێک لە هۆکارەکانی ووشک بوون تێنوویەتییە هەروەها گریانی بێ فرمێسک رشتن کەمی میز کردن گۆڕانی حالەتی هوشیار بوون و چەند هۆکارێکی دیکە وەک بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی و زیادبوونی لێدانی دڵ. چارەسەرکردنی حاڵەتی سک چوونی منداڵیش

پێویسته لەو ئاوەی کە لەشی منداڵەکە ڕۆیشتووە قەرەبوو بکرێتەوە باشترین قەرەبووکردنەوە شەربەتی سێوە.

## ڕۆڵی پەروەردە لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی

هێنانە دی مافەکانی منداڵان بە گشتی لە گشت بوارەکانی ژیان دەبێتە هۆی حەسانەوەیان کە ئەمەش زیاتر بەندە بە پەروەردە و فێرکردن. ئەم پرۆسەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر هۆشیاری نەتەوەیی. چونکە هەوڵدان بۆ هێنانە دی گشت مافەکانی منداڵان کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر کەسایەتی ئەو منداڵانە لە ڕووی ڕەوشتی و نیشتیمانی و دەروونی کە ئەمەش بە پەروەردە کردنێکی ڕاست و دروست دێتە کایەوە چونکە پەروەردە بنەمای دروست بوون و بلاوبوونەوەی هۆشیاری و هەستی نەتەوایەتییە. هەر منداڵێک لە سەرەتای ژیانییەوە فێری نیشتیمان پەروەریەتی بێت ئەوا ئەو هەستە لەگەڵیدا گەشە دەکات و ناتوانیت وازی لێبێنێت، لە دوارۆژدا کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر کۆمەلگە لە بوارە جیاجیاکان و ڕۆلی دەبێت لە بەڕێوەبردنی ولات و کیانە سیاسییەکەی کە کۆمەڵگەکەی تیایەتی".

بلاوکردنەوە و چەسپاندنی هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی ناسنامەی ڕۆشنبیری و مێژوویی کارێکی ئاسان نییە بەڵکو بەرنامەیەکی تۆکمەی پێویستە و پێویستی بە زەمینە خۆش کردن

هەیە. بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و هاونیشتیمانی بوون و چەند فاکتەرێکی دیکە هۆکاری گرنگن کە منداڵان بەرەو هەست کردن بە بیری نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری ئاڕاستە دەکات، ئەم فاکتەرانە دەبنە هێزێکی بنیادنەری ئەو منداڵانە بۆ دوارۆژی گەل و نیشتیمانەکەیان. لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو پێش هەموو کارێک کە ئەنجام بدرێت پلانێکی زۆر رێک و پێک و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد لە سەر ئاسایشی نیشتیمان و نەتەوەکەیان دەکەن ئینجا بە پلانێکی دیکە بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و بابەتی دیکە دادەرێژن کە لە دوارۆژدا ئاسایشی نیشتیمانیان بەرەو ئەو ئاقارە بڕوات کە منداڵانیان کەسانی نیشتیمان پەروەرو راست و دروستیان لی هەڵبکەوێت نەک دووچاری گێژاو ببنەوە کە نەزانن بۆچی خوێندوویانە و چی چاوەڕوانیان دەکات ئایا نیشتیمان چی بۆ کردوون و ئەوان پێویستە چی بکەن بۆ نیشتیمانەکەیان ؟ ئەو پرۆگرامەی کە پێویستە دابنرێت لە سەر بنەمایەکی راست و دروست دابنرێت نەک رەمەکیانە کە سال بە سال چەند رستەیەک بە هەڵە لابردرێت و رستەی دیکە لە هەندێک بابەت زیاد بکرێت تەنها بەمەبەستی قازانجی تایبەتی و دوور لە هەست کردن بەو بەرپرسیارییەتە مێژووییە کە دەکەوێتە سەر شانی پسپۆرانی بواری پەروەردە کە لە دوارۆژدا هەر ئەو منداڵانە ئەگەر سوود مەندبن، پاداشتیان دەکەنەوە و ئەگەر راست و دروستیش نەبن ئەوا لەلایەن هەر ئەو منداڵانەوە بە سزای خۆیان دەگەن و گلەیی ئەوەیان لێدەکرێت کە نەیانتوانیوە رۆلی نیشتیمان پەروەریەتی خۆیان ببینن و بەکەمتەرخەم و

هەندێک جار بە خائین ناویان دەبەن. هەروەها ڕۆلی مامۆستا زۆر گرنگە لەم بوارەدا کە هەستی نەتەوایەتی لە دل ودەروون و مێشکی رۆڵەکان بچەسپێنێت بەو ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی لە سەر گەل و نیشتیمان و نەتەوەکەی. پەروەردە نەک تەنها کاریگەری هەیە بە سەر منداڵدا بەڵکوو کۆمەلگە دا. ڕۆلی ڕاگەیاندن کەمتر نییە لە قوتابخانە،دەتوانیت ڕۆڵێکی ئەرێنی کاریگەر ببینێت لە بواری پەروەردەدا، ڕاگەیاندن دەبێت خزمەتی پەروەردەدا بێت چونکە هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنەکان و دامەزراوەپەروەردەییەکان پێکەوە کۆمەڵگەیەکی ڕاست و دروست پێدەگەیەنێت، منداڵان هەستبە بوونی خۆیان و نیشتیمان و گەل و نەتەوەکەیان دەکەن.

## ئەرکی حکوومەت بەرامبەر بە منداڵان

خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان پێویستیان بە ڕێکخراوە کۆمەلایەتیەکانە، بالاترین ئەم ڕێکخراوانەش حکومەتە، ئێمە بەئەرکی حکومەتی دەزانین تەواوی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک دابین بکات، لەبەر ئەوەی پێمان وایە خەلک حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بنیات دەنێت. لەم بوارەدا منداڵان پێویستە ئەولەویەتیان پی بدرێت. پێوانەی بەرەوپێشچوونی کۆمەلگا لەهەنگاوی یەکەم چۆنیەتی پەروەردەی منداڵانە کە لەداهاتوودا بەرپرسییارێتی بەڕێوەبردنی کۆمەل دەکەوێتە ئەستۆیان، ئەگەر ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان بەباشی بەڕێوەنەچێت کۆمەل بەرەو پێش ناچێتو وەک خۆی دەمێنێتەوە،

منداڵان بۆ ئەوە لەدایک نەبوونە کە میحنەتو کوێرەوەری بچێژن بەلکو پێویستە بەشێوەیەکی باش پەروەردەبکرێنو فێربکرێن، چونکە لەداهاتوودا ئەرکی بەرێوەبردنی کۆمەلگە لەئەستۆدەگرن.

## پەروەردە پێویستی بە لێکگەیشتنێکی نێوان دایک و باوک و منداڵان هەیە

"پەیوەندی نێوان دایک و باوک و منداڵ بە جوانترینو پیرۆزترین پەیوەندی کۆمەلایەتی دادەنرێت، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن و رێزوخۆشەویستی ئەو پەیوەندییە دروست بووبێت بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە منداڵان بیریان زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان و ڕووداوە جیاوازەکانی کە دەوری جیهانەکەمانیداوەلەسەر، ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵێکی گەورەی بۆ سەر هزروبیری منداڵان هەیە بۆگەیشتن بە هۆیەکانی گەیاندنی پەیامەکانو دەستکەوتنی زانیارییەکان بۆ کەسانی دیکە، لێرەدا بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانە چەند رێگەیەک هەیە بۆ دەستەبەرکردنی وتووێژی زارەکی، یان لەرێگەی دەربرینەکانی دەموچاو یان جوولەی دەستەکان، بۆ لێگەیشتنێکی کاراو چالاک هونەری رەفتارکردنی دایکان و باوکان لەگەل منداڵاندا پێویستیەکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیکی باش بۆ منداڵان. ڤیکتۆریا کندل هۆدییسۆن شارەزای دەروونناسی لەتوێژینەوەیەکیدا لەسەر کتێبی دایکان و باوکانی بەرێز، منداڵانی بەرێز: هۆکارلە گۆڕینی ئالۆزیەکانەوە بۆ رێکەوتنەکان تاکە رێگە بۆ

گۆڕینی ئاڕاستەکان لە ناکۆکیەوە بۆ ڕێکەوتن، گۆڕینی هەلسو کەوتی زاڵبوون وخۆ سەپاندنی داییک و باوکە بەرەفتاری نەرم و نیانەو گوێگرتن لەمنداڵ ەکانیان و تێگەیشتێن لە گیروگرفتەکانیان و هاوکاریکردنیان.

*** بۆچی لێکگەیشتنێکی کارا لەنێو دایک و باوک و منداڵاندا هەیە سەرباری هەموو شتێک**

کردنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی کارا لەگەڵ منداڵاندا زۆر گرنگە، بەتەنها بۆ منداڵان نا، بەڵکو بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزان گرنگە بۆ گەیشتن بەپەیوەندیبەکی باش وپتەو لەنێوان دایک و باوک و منداڵاندا. گوێگرتن ئەو چالاکیە داواکراوەیە بۆ لێکگەیشتنی پەیوەندییەکی چالاک، تایبەتە ئەگەر گەیشتن بەو ئامانجە لەسەر بنەمای تێگەیشنێ بێت نەک زەبروزەنگ لەنێوان باوان و منداڵاندا."

ئەو ڕێگەیەی کە ئێوە پێیگەیشتوون منداڵانیش هەست بەهەمان گەیشتن دەکەن، بۆنموونە، ئەگەر منداڵەکەتان هەست بکەن گوێیان لێناگیرڕێت یان گرنگیان پێنادەن، ئەوکات هەست بەبێزاری ونەمانی هیوا دەکات.

ئەگەر وەڵامەکانتان زێدەڕۆیی تێدابوو بێگومان منداڵەکانییشتان بڕوایان پێنامێنێت و بی هیوادەبن، منداڵان ڕێگری لەدەربڕینەکان دەکەن بەو هەستەی بەمێشکیاندا دێت و دەڕوات یان ئەو هەستەی هەیانە، ئەوەش کاردانەوەیەکی ئاساییە، چونکە گرنگیەکی تایبەتیتان بەقسەو داواکارییەکانی منداڵەکانتان نەداوە یان بەشێوەیەک نەبووە وەڵامەکانتان

بۆیان ببێتە هاندانێک بۆ ئەو قسانەی کردوویەتی، هەمیشە بەئاگادارییەوە نایەڵن زانیاریەکانیان دەریخەن کە دەبێتە ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکانیان و گۆڕینی ئایندەی منداڵەکانتان.

گرنگ ئەوەیە پارێزگاری لە پەیوەندیەکانتان بکەن کە لەسەر بنەمای شەفانیەت و باوەڕبەخۆبوون لەگەل منداڵەکانتاندا پێکتان هێناوە، بەتایبەت هەموو دایکو باوکێک دەخوازن ودەیانەوێت تەندروستیو ماف و ئاسایشی منداڵەکانیان پارێزراوبێت،ئەوەش مەحاڵ نیە و بە پاراستن و کردنەوەی کەناڵی پەیوەندیەکان بۆ پێشوازیکردن لەمنداڵان لەهەموو کاتەکاندا سەرکەوتن بەدەست دێت. دەرئەنجامەکانی لێک تێنەگەیشتنی باش لەگەن منداڵاندا:

١- ئەو منداڵانەی هەست بەباوەشی گەرم و نەبوونی سۆزوچاودێری خێزانی ناکەن، زۆرترین خۆبەکەمزانی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کاریگەرییەکانی کێشەی سۆزداری و ،ئالوودەبوون بەمادە هۆشبەرەکان، هەڵسوکەوتی نابەجی و ناشرین لەقۆناغی هەرزەکاری یان لە سەرەتای بالقبوون.

٢- ئەو منداڵانەی هەست دەکەن باوانیان گوێییان لێناگرن، هەستەکانیان لەناخەوە پەنگ دەخواتەوەو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خەمۆکیوخۆ نەخۆشخستن بەبێ پاساو کە لەڕاستیدا تەندروستیشی باشە.

٣- منداڵان بەرەو درۆکردن دەڕۆن و هەوڵی خۆدەرخستن بەڕێگەی جیاواز دەدەن بۆئەوەی سەرنج ڕاکێش بن.

٤- ئەگەر دایک و باوک نەگەیشتنە ئامانج لەگەل منداڵ ەکانیان، ئەوە منداڵەکان ناچار دەکات زانیاری نادروست بداتە باوکان بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک و سزایەک کەبەسەریدا بسەپێنرێت.

## ڕۆڵی دایک و باوک لەسەر بنەمای پەیوەندیبەکی بەهێزو گەیشتن بەئامانج چیە

پێویستە لەسەر دایک و باوک لەسەرەتای تەمەنی منداڵەکانیانەوە، منداڵان ئاشنای ژیانی ئایندەیان بکەن، پێویستە درک بەوە بکەین چۆن منداڵەکانمان بیردەکەنەوە ئەگەر کەناڵی پەیوەندییەکانمان کراوەو شەفاف و ئاشکراو ڕێزگرتن نەبێت.

چەند پێشنیارێک بۆ ئەوەی منداڵ لە دایک و باوکی بگات

١- منداڵەکانتان لەوە گەیشتوون ئێوە زۆرگرنگیان پێدەدەنو بەووردییەوە گوێیان بۆ شلدەکەن، پێویستە ئەو هەستەیان بدەنی کە ئێوە لەپشتیانو هەر پێداویستیەکیان هەبوو بۆ یان جێبەجی دەکەن ویارمەتیان دەدەن.

٢- ئەگەر منداڵەکانتان ویستیان قسەتان لەگەلدا بکەن، دڵنیایان بکەنەوە هەموو تەرکیزێکتان پێشکەش بەوان دەکەن.

٣ - هەولبدەن بەردەوام وەلامتان بۆ منداڵەکانتان هەبێت، با دڵنیا بن لەوەی کاتێکی تایبەتیتان بەخشیوە بۆ دانیشتن و قسەکردن لەگەل یەکتریدا، بۆ نموونە کوژانەوەی تەلەفزیۆن هیچی تێناچێت بۆ ئەوەی گویێ لەمنداڵەکانتان بگرن.

٤- دڵنیایان بکەنەوە گوێتان لەقسەکانیان گرتووەو گرنگیتان داوە بە قسەکانیان.

٥- ڕێگە بدەن بەردەوام منداڵەکانتان هەموو قسەکانیان تەواو بکەن بەبێ بڕینی قسەکانیان و سەپاندنی بڕیارو بۆچوونەککانی خۆتان، ئەگەر ئەوە نەکەن منداڵەکانتان هەموو ڕاستیەکانتان لێ دەشارنەوە.

٦- کاتێک ویستان قسە لەگەل منداڵەکانتان بکەن، با دڵنیابن لەوەی لە ئاستی تواناو هێزو قەبارەی ئەواندان، لەکاتی قسەکردندا هەوڵبدەن با ئێوە بەسەر پێوە نەوەستابن، چونکە قەبارەی ئێوە گەورەترە لەئەوان وبێگومان دەترسن، ئەوە ئاشکرایە ئێوە لەوان بەتواناو بەهێز ترن لەقسەو هەموو شتێکدا.

٧- ئەگەر منداڵەکانتان ویستییان قسەیەکی تایبەتیتان پی بڵێن بە تەنها بچنە ژوورێکی بێدەنگەوە بۆ گوێگرتن لەقسەکانی.

٨- ئەگەر منداڵەکانتان شتێکیان وت بەدڵی ئێوەش نەبوو، هەوڵبدەن هەستیان بریندار نەکەن.

٩- هەول مەدەن ڕەخنە لەمنداڵەکانتان بگرن ئەگەر هەرچیەکیش بڵێن، ئەوە وایان لێدەکات بەئاگا بن لەهەموو ئەو زانیاریو قسانەی دەیکەن.

١٠- وابکەن هەموو کەناڵەکانی گەیاندنو لێکگەیشتن پێش تەمەنی یەکەم سالی بکەنەوە، ئەو هەلە زێرینە بۆ دەستکەوتنی برواو بەخشینە بە منداڵ ەکانتان لەتەمەنێکی بچوک.

**چەند شێوازێک بۆ پەروەردە کردنی منداڵ**

١- پاداشت کردن / قسە کردن لەگەل منداڵ ەکەت بە شێوازێک کە لە ئاست بیرو هۆشی ئەو دابێت یان دەتوانیت بە ناوێک بانگی بکەی کە جیا بێت لە ناوی خۆی وەک دەربرینی خۆشەویستییەک بۆ منداڵ ەکەت. بە شێوەی چیرۆک کاتێک چیرۆکەکە ئامانجی هەبێت. خەلاتی بکە بە کڕینی شبرینی یان یارییەک کە گەمەی لەگەلدا بکات. ووشەی خۆش و هاندەر وەک: ئافەرین - زۆر باشە. هەندێ جار لێی ببوورە کاتێک هەلە دەکات بەلام پێی بلی ئەو لێبوردنە لە بەر ئەو کارە باشە باشەی ئەو رۆژە بوو کە ئەنجامتدا، بەلام بەمەرجێک دووبارەی نەکەیتەوە. باسی بکە بە چاکە لەلایەن ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێت. هەندێک جاریش یارییان لەگەلدا بکە و ماچیان بکە. کاتێکیش دێتە لات لە باوەشی بگرە و زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێبکە و دەست بە سەری دابێنە. وا بکە منداڵ ەکەت هەست بکات کە گرنگی پێدەدەیت پرسیاری لێبکە کاتێک دەچێتە قوتابخانە بۆ ئەنجامدانی ئەزموون و لە گەرانەوەشی دووبارە پرسیاری لێبکە کە چۆن وەڵامی داوەتەوە. هەندێ جار دیاری بۆ بهێنەوە. زۆر جاریش پێشنیارەکەکانی ئەو وەربگرەو گفتوگۆی لەگەل بکە. لە نێوان منداڵەکانتدا دادپەروەر بەو جیاوازیان لە نێواندا مەکە.

٢- سزادان/ به سەیرکردنێکی توند منداڵ هەست بە هەڵەی خۆی دەکات، باس لە کەسانێک بکە کە لەو باشترن بەلام نەک بە بەردەوامی. ماوەیەک لێی نزیک مەبەوە تا هەست بە هەڵەی خۆی بکات. لە هەندێک حالەتدا لە پێدانی خەرجی و گەڕان و سووڕان بێبەشی بکە. هەڕەشەی لێبکە و هەڵێک بدە بە منداڵەکەت کە پاشگەز بێتەوە لەو هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە. ئەگەر هەموو ڕێگایەکیش بی سوود بوو ئەوا بێت کە مەبەست لە لێدانەکە ئامۆژگاری کردن وئاگادارکردنەوەی بێت . لێدانەکە لە بەردەم کەسانیک نەبێت کە خۆشیان دەوێت. لە شوێنێکیش مەدە کە ئازاری زۆر بێت و بەکەسیش مەڵێ کە ئەو کارەم کردووە ولە منداڵەکەم داوە. لەکاتی توڕەبوونی توندیشدا لێدان بەکار مەهێنە، لەکاتی لێداندا داوا نەکەی کە منداڵەکە نەگرییێت، ناچاریشی مەکە کە دوای لێیدان داوای لێبوردن لێدان بەکار بێنە، بەلام بە شێوازێک بکات. پێویستە وا نیشان بدەیت کە سزادانی بۆ بەرژەوەندی ئەوە و بەرووی پێبکەنە و هەوڵ بدە لێدانەکە لە بیر بکات.

٣- شێوازی پەروەردەی پێشەنگ / چاوەکانی منداڵ بۆ باوک و دایکی وەک مایکرۆسکۆب وایە کەواتە منداڵ ئاوێنەیەکە کە تۆ خۆت لەناوی دەبینیتەوە بێ ئەوەی هەست بکەیت هەر جولانەوەیەک یان قسەیەک کە دەیلێیت لە منداڵ ەکەت کۆپی دەبێت بۆیە هەندێ لایەن هەیە پێویستە دایک و باوکان ڕەچاوی بکەن:

ڕێزگرتن لە یەکتر وەک خێزان و بەخراپ دایک و باوک باسی یەکتر نەکەن لە بەردەم منداڵ یان کەسانی دیکەدا، پێویستە دایک و باوکان لەکارو وەزیفەکانی خۆیان سەرکەوتوو بن و لەماڵیشدا بەرێز مامەڵە لەگەل یەکتر بکەن.

٤- پەروەردەکردن بە گێڕانەوەی چیرۆک.

٥- پەروەردە کردن بە هەڵوێست. ئەوەش لەکاتێکدا دەتوانیت هەل بقۆزیتەوە کاتێک دووچاری هەڵوێستێک دەبیتەوە کە کاریگەری ئەرێنی بە سەر منداڵەکەتەوە هەیە پێویستە ئاگاداری منداڵەکەت بکەیتەوە.

٦- شێوازی پەروەردە کردن وەک نەریتێک / هەندێک کار و پیشەو کردەوە و ئەرک هەن پێویستە دایک و باوکان هەر لە منداڵییەوە لە قۆناغێکی زوودا منداڵەکانیان فێر بکەن. چونکە کاتێک گەورە دەبن ناتوانن ئەو ئەرک و کارو پیشانە فێر بن.

٧- شێوازی پەروەردە بە تێبینی دان کە ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە لەروویی راستی و دروستی و هەڵەیی کە ئەم کارە راستە، ئەم کارەش هەڵەیە، لەرووی رەوشتییەوە پێویستە دایک و باوک تێبینی بە منداڵەکەی بدات کە راستگۆیی و دەستپاکی و پاراستنی زمان لە کارو قسەی ئارەوا کاری بەجێن بەپێچەوانەشەوە. پێویستە لەلایەن لەش ساغییەوە دیسان تێبینی بە منداڵ ەکەت بڵێیتەوە وەک خواردن و خواردنەوە و وەرزش کردن. لەرووی کۆمەلایەتییەوە پێویستە باسی ماف کۆمەڵگەو خەڵکانی دەورو بەری بۆ بکەیت کە چۆن هەڵسوکەوت لە

بەرامبەریان ئەنجام دەدات. پێویستە تێبینی پی بدەیت لە رووی پاک و خاوێنی گشتی و جل و بەرگ و نینۆک. هەروەها تێبینی پی بدەیت لەرووی سیستەم و بەرنامە رێژی

٨- پەروەردە کردن بە نموونە هێنانەوە.

**هەنگاو نان بەرەو هێنانە دی سەرکەوتن**

هەموو مرۆڤێک ئارەزووی سەرکەوتنی هەیە لە ژیانی رۆژنەی خۆیدا بەلام هەر تاکێک بە جۆرێک بیر دەکاتەوە، هەندێکیش لەوانەیە نەتوانن سەرکەوتن بە دەست بێنن لەژیاندا و زاڵ بن بەسەر کۆسپ و ئالۆزییەکانی ژیان، بەلام سەیر دەکەین لە هێنانەدی سەرکەوتن لە ژیاندا هەندێک کەس توانای لە ئەوی دیکەیان زیاترە، هەندێک مرۆڤیش هەن لە رووی ئاستی بژێویدا ئاستیان نزمە بەلام توانای هێنانەدی سەرکەوتنیان بەرزە لە ژیاندا. دکتۆر ئیبراهییم فەقی کە پسپۆری زانستی میتافیزیکە لە زانکۆی لۆس ئەنگلۆسی ئەمەریکایی چەند بنەمایەک دەکاتە هۆکار بۆ سەرکەوتنی خودی مرۆڤ بە سەر کێشەو گرفتەکانی بەناوی کلیلەکانی سەرکەوتن ناوی دەبات.

**بنەمای یەکەم:** پاڵنەرەکانن کە بەداینەمۆی هەڵسوکەوتی مرۆڤ وەسفی دەکات. هەر تاکێک لەم رووەوە جیاوازی لەگەل کەسێکی دیکەوە هەیە چونکە هەر حالەتێک یان گرفتێک کە دووچاری هەر تاکێک دەبێتەوە ئەوا رووبەرووبوونەوەی کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکە جیاوازە بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکە چارەسەر بکات بەلام هەندێک جار پاڵنەرەکان زۆر بەهبێز دەبن ئەوا وا لە مرۆڤ دەکات کە

هەوڵەکانی یەک ئاراستە بگرێت. هەر ئارەزوویێک بەهێز بێت ئەوا سەرکەوتنی بەدواوەیە و سەرەتایەکە بۆ سەرکەوتن.

**بنەمای دووەم:** وزەیە کە سەرچاوەی سووتەمەنی ژیانە: مێشکی ساغ و دروست پێویستی بە جەستەیەکی ساغ و سەلامەت هەیە بۆیە پێوییستە مرۆڤ گرنگی بە هەردوو لا بدات بۆ ئەوەی ژیانێکی دروست بە سەر ببات. وزە هەر لەناولەشدا دەست پی دەکات و ون دەبێت کە خوێن لە گەدەوە بۆ بەشەکانی دیکەی جەستە دەگوازێتەوە دواتر ناسەقامگیری و دڵەراوکێی دەروونی وونبوونی دووەمی وزەیە کە مرۆڤ هەست بەلاوازی دەکات، هەروەها خۆماندووکردنێکی بی سنوور و بی پشوودان. بۆیە بۆ ئەوەی وزە لەناو مێشک و جەستەو دەروونمان گەشە بکات پێویستە وەرزش بکەین، ئەوەی لە رۆژگار پێویستیمان پی هەیە دەبێت لای خۆمان تۆماری بکەین ئەوەی مەبەستیشمانە ئەنجامی بدەین و ئەوەی ئەنجامیشمان داوە چاوی پی خشێنینەوە.

**بنەمای سێیەم:** لێزانی کە باغێکی دانایبە - لێزانی بە خوێندنەوەو فێربوون بەدەست دێت "کاتێک دکتۆر ئیبراهیم فەقێ لە یەکێک لە سیمینارەکانیدا یەکێک سکالایەکی رووبەروو دەکاتەوە کە کاتێک لە چێشتخانەیەک کاری کردووە لەبەر چەند هۆیەک لەکارەکەی دەرکراوە. دکتۆر ئیبراهیم فەقێ لێی دەپرسێت هیچت خوێندۆتەوەو هیچ فێر بوویت؟ سکالاکارەکە دەڵێت ئایا لەکار لادانی من چ پەیوەندی بە خوێندن و فێر بوونەوە هەیە؟ نازانێت کە ئەو نەزانییەی وای لێکردووە

که لەسەر کارەکەی لابردرێت دکتۆری ناوبراو نموونەیەکی چینی هێنایەوە کە دەڵێت ( خوێندنەوە بۆ مێشک وەک وەرزشی لەش وایە ).

**بنەمای چوارەم:** بیرکردنەوەو خەیال رێگایەکە بۆ سەرکەوتن - سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆ خەون و خەیاڵی دوێنێن خەیاڵ کردنیش سەرەتایەکە بۆ پێشوەچوون و دۆزینەوەی رێگایەکە بۆ سەرکەوتن.

**بنەمای پێنجەم:** کارکردن و جێبەجێکردنی، ئەوەی فێری بوویت رێگایەکە بۆ بەهێز بوون، زانست و زانیاری بەتەنها بەس نیە بۆ ئەوەی سەربکەویت بەڵکو پێویستی بە جێبەجی کردنەوە هەیە بۆیە کارکردن پێویستە، نەبوونی جێبەجێکاری و بوونی زانیاری و زانست بەرەو شکست خواردن دەتبات. دانایی لەوە دایە کە ئەوەی دەیزانی جێبەجێی بکەیت

**بنەمای شەشەم:** پێشبینی کردن رێگایەکە بەرەو واقیعیەت، هەر کارێک بە قەناعەتێکی تەواوەوە پێشبینی بکەیت ئەوا لە ژیانت روودەدات.

**بنەمای حەوتەم:** پابەندبوون هۆکاری سەرکەوتینی مرۆقە، هەندێک جار بەهۆی کەم تواناییەوە نییە بەڵکو بەهۆی نەبوونی یاخود کەم پابەند بوونە.

**بنەمای هەشتەم:** نەرمی نیشاندان و بەهێزی نیانی. هەر رۆژێک هەڵی کارت بۆ دەرەخسێت ئەو رۆژەیە کە بەدوای کاردا دەگەڕێیت، بۆیە مرۆڤ نابێت هەل لە کیسە خۆی ببات و پێویستە گەش بین بێت. مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ تووشی کۆسپ و تەگەرە نایەت و رێگەی مرۆڤ بە گول پۆشراوە - پێویستە مرۆڤ بۆ هەر کارێک کە

ئارەزووی هەیە ئەنجامی بدات ڕێگەیەکی دیکەی جێگرەوە "بەدیل "بۆ خۆ دابنێت.

**بنەمای نۆیەم:** ئارام گرتنە نابی مرۆڤ خۆی ڕادەستی شکستهێنان بکاتەوە بەڵکو مرۆڤ پێویستی بە ئارام گرتن هەیە ئارام گرتنیش بەندە بە کارکردنێکی بێوچان و پابەندبوون.

**بنەمای دەیەم:** ڕێکاری بنەمایەکە بۆ کۆنترۆلکردنی دەروون. ڕێکاری پێویستە لە سەر بنەمایەکی ڕاست ئاراستەی گرتبێت، مرۆڤ پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کە ژیانی بەرەو ئاستێکی باشتر بەرێت و خۆی لە نەریتی خراپ دوور بخاتەوە و بزانێت کە نەریتە خراپەکان ماوەیەکی کورت خۆشی پێدەدات بەلام کاتێکی درێژ خایەن دووچاری ناخۆشی و نائارامی دەکات بۆیە مرۆڤ پێویستە ژیانێک بەسەر ببات لە سەر بنەمای بەئومێدبوون و بەهای ژیانیش بزانێت

## ئێمەو ژاپۆن ١

لە وڵاتی ژاپۆن زۆر شەرم و کارێکی نامۆیە ئەگەر مۆبایلی کەسێك زەنگ لێبدات ئەگەر لە کەسێك ئەوە ڕووبدات ئەوە بە کەسێك وەسفی دەکەن کە خاوەن زەوقێکی جوان نییە و خەڵك نارەحەت دەکات ، بۆیە لەم وڵاتە لە ناو لە شوێنە داخراوو شەمەندەفەر و چێشتخانەکان ڕێگەبە مۆبایل نادرێت کە زەنگ لێبدات . مۆبایل یان لە سەر لەرەلەر یان بێ دەنگ دادەنرێت و لە ژاپۆن مۆبایل لە حالەتی بێدەنگ واتا حالەتی ڕەوشت بەرزی. جێگەی سەرسورمانە کە خەڵکی ئێمە بە پێچەوانەی ئەو

ڕەوشت بەرزییەی ژاپۆنیەکانە ، هەندێ کەس هەن لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا شانازی بەوە دەکات کە دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە کاتێك بە مۆبایل قسە دەکات. گەنجێك خۆشحال دەبێت کە خەڵك بزانن لە گەڵ کچێك قسە دەکات، یان بازرگانێك شانازی بەوە دەکات کە بە دەنگی بەرز باس لە ملیۆنەها دینار بکات و خەڵك گوێبیستی بن. گرنگ لایان ئەوە نییە کە خەڵك بێزار دەبن. ئەو کات بێزار دەبێت گەر پێی بڵێی تۆزێك دەنگت نزم بکە. باشە من گوناهم چییە گوێبیستی تۆ بم. گوێش ناگری ئەگەر ئامۆژگاری بکەیت. ئەوە کێشەیە. ژاپۆنیەکان لەناو چێشتخانەو شەمەندەفەردا زەنگی مۆبایلەکانیان بێدەنگ کراوە، لای ئێمەش لە ناو پۆل و لەناو مزگەوتەکاندا ڕۆژانە زەنگی چەندین مۆبایل بە جۆرەها مۆزیکی نابەجێ گوێبیستی دەبین. ئەوەیە جیاوازی ئێمەو ژاپۆن و چاوەڕوانی بابەتی دیکەی ئەم جیاوازیانە بن.

## ئیمەو ژاپۆن ٢

جێگەی سەرسورمانە کە باخچە گشتییەکان لە وڵاتی ژاپۆن سەبەتەی زبڵدانی تیا نییە لەوانەیە بپرسی بۆچی؟؟؟ چونکە سیستەمی وڵاتی ژاپۆن بریتییە لەوەی کە هەر هاووڵاتییەکی ژاپۆنی بەرپرسە لە پاشماوەو زبڵی خۆی. ژاپۆنیەکان دێن بۆ باخچە گشتییەکان و هەر تاکێکیش کیسەکی لایە بۆ ئەوەی پاشماوەو زبڵی خۆی تێدا بکات و دواتر ئەو پاشماوەیە لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ماڵەکەی خۆی و دەیخاتە سەبەتەی

زبڵدانی ماڵەکەی. ئەوەی جێگەی سەرسورمانە باخچە گشتیەکان پڕن لە خەڵك و قەرەباڵغە بەڵام بەو پەڕی پاك و خاوێنی رادەگیرێت. ئینجا ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە: جیاوازی چییە لە نێوان باخچە و شوێنە گشتیەکانی ئێمەو باخچە گشتیەکانی ژاپۆن ؟؟ باخچەکانی ئێمە خۆی زبڵدانێکە و پاشماوەکانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی لێدەبینرێت. کاتێك پرسیار لە تاکێکی ژاپۆنی دەکەیت بۆ وا پاك و خاوێنن؟؟ لە وەلامدا دەڵێت: ئەمە رەوشتی ئێمەیە. باشە ئەگەر ئەم پرسیارە لە تاکێکی خۆمان بکەین وەڵامی چی دەبێت؟؟ من وای بۆدەچم وەڵامەکەی ئاشکرایە و دەڵێ: ئەی شارەوانی و کارمەندەکانی کاریان چییە، با کاری خۆیان بکەن، ئەوەیە لوتکەی رەوشت و لووت بەرزی لای هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە.

### ئێمەو ژاپۆن ٣

هەموو شەقامەکانی ژاپۆن و هەتا وێستگەی شەمەندەفەر و رێگاکان بۆ کەسی نابینا بە شێوەیەکی تایبەت تەرخان کراوە کە جیاوازە لە گەڵ شەقامە گشتییەکان، ئەو رێگایانەی نابینایان، کەسی نابینا هەستی پێدەکات کە لە سەری دەروات و جیاوازە لە رێگاکانی دیکە ئەویش بە نەرمی و دانانی لاستیکێك کە بەرزترە لە شەقام و جیاکردنەوەی لە گەڵ رێگاکانی دیکەی ئاسایی، هەتا پێچانەوەو گۆرینی رێرەو هەمووی بە شێوەیەکی رێك و پێك بۆ کەسی نابینا دروستکراوە کە کەسی نابینا پێویستی بە کەسێکی یامەتیدەر نابێت و هەموو کارو پێداویستیەکانی

خۆی بە ئاسانی دەبات بەرێوە. ئەم سیستەمە بۆ؟؟ وەڵام / چونکە لە ساڵی ١٩٧٣ ڕووداوێك لە وێستگەی شەمەندەفەر ڕوویدا بە هۆیەوە کەسێکی نابینا گیانی لە دەستدا. تەنها تاکە کەسێك نەك زیاتر. باشە دانانی سیستەمێکی وا قورس تەنها بۆ تاکە کەسێك؟؟ بەڵێ چونکە هاووڵاتی ژاپۆنی بەهای خۆی هەیە، حکومەتیش وەك بەرپرسێك پاراستنی هاووڵاتیانی لە ئەستۆدایە. بۆیە هەستا بە دانانی ئەم ڕێرەوە تایبەتییە بۆ نابینایان. ژاپۆنییەکان بڕوایان وایە کە کەسی نابینا وەك کەسێکی ئاسایی مافی ژیانی هەیە و پێویستە ژیانێکی زۆر خۆش بەرێوە ببات. لێرە پێویست ناکات باس لە سیستەمی وڵاتی خۆمان بکەم چونکە دەترسم بە چاو بچین.

## ئێمەو ژاپۆن٤

کەسێك جانتایەکی بچووکی پارەی لە شوێنێکی گشتی لە تۆکیۆ فرێدا وتی با بزانم چی ڕوودەدات کەئەو جانتا بچووکە تەنها ٧٥ دۆلاری تیابوو، کەچی دوای پێنج خولەك ئافرەتێك و پیاوەکەی جانتاکەیان دۆزییەوە و ئەو کەسەش بەدواوەی داچوو و گوتی با بزانم چی لێدەکەن، لە سەرەتا ئەم ئافرەتەو پیاوە بە دوای کەسێك دەگەڕان کە خاوەنی ئەم جانتایە بیت. بەڵام دوای ئەوەی کە کەسیان نەدۆزییەوە ئەوا بەرەو بنکەیەکی پۆلیس چوون و جانتاکەیان ڕادەستی بنکەی پۆلیس کرد. بۆ ڕۆژی دوایی ئەو کەسەی کە جانتاکەی فرێدابوو سەردانی بنکەیەکی پۆلیسی کرد و لەو جانتایەی پێچییەوە کە فرێی دابوو و وتی با بزانم

چی بە سەر هاتووە، دوای وەرگرتنی قسەکانی لەلایەن پۆلیسەوە پەیوەندی بەو بنکەیە کرا کە جانتاکەی لێیە و پۆلیس پێی رایگەیاند کە ئەم جانتایە لەو بنکەیەی پۆلیسە و شوێنەکەی بۆ کەسەکە وەسف کرد. کە چوو بۆ ئەو بنکەیە جانتاکەی وەرگرتەوە وەك خۆی کە فرێی دابوو هیچ شتێکی لێ کەم نەبوو. ئەوەیە کەسایەتی ژاپۆنی کە چۆن بە ئەمانەتەوە جانتاکەی گەڕاندەوە بنکەی پۆلیس دوای ئەوەی خاوەنەکەی نەدۆزییەوە، بەڵام لەلای ئێمە لە نوێژی نیوەڕۆدا پێڵاوو نەعل لە مزگەوتەکان دەدزرێت و رۆژانە دەبینیین و دەبیسین کە لە فلان شوێن دزی کراوە. ئەمانەت بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە و هەموو مرۆڤێکیش بڕوای پێ هەیە بەڵام ئەوەی ئێمەو ژاپۆنیەکان لێك جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان ئەوەی بڕوایان پێ هەیە جێبەجێی دەکەن ، بەڵام ئێمە بڕوامان پێی هەیە و کاری پێناکەین.

## ئێمەو ژاپۆن ٥

لەوە خۆشتر نییە لە وڵاتێك بژییت کە وڵاتێکی سیستەمی بێت، چونکە سیستەم حەسانەوە بە مێشك و لەشی مرۆڤ دەبەخشێت. هەر چەند ژاپۆن وڵاتێکی قەرەباڵغە بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت کاتێك تیایدا دەسورێیەوە بوونی بێدەنگییەکی زۆر سەیرە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە: بوونی سیستەم لە سەر شەقامەکان، هەروەها هەموو کەسێك دەزانی یاسا و سیستەم چییە و تێیدەگات. سێیەم هۆکار هەموو تاکێك سیستەم جێبەجێ دەکات گەورەو بچووك، هاووڵاتیەك و

وەزیرێك، هەژارێك و دەوڵەمەندێك بەبێ جیاوازی. ئەگەر سەیری هاوکێشەکە بکەین و جیاوازی ئێمەو ئەوان لە چی دایە ؟ تۆکیۆ زۆر قەرەباڵغە بەڵام رێکخراوە و سیستەماتی پێوە دیارە و مێشك تیایدا دەحەسێتەوە، بەڵام شارەکانی ئێمە بە هەمان شێوەش قەرەباڵغ نیین بەڵام هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی فشاری خوێن. زۆر جار لە وڵاتی ژاپۆن شەقامێك دەبینی کە کەسی پێ تێپەر نابێت، کەسێك دەبینی وەستاوە چونکە گلۆپی سوور هەڵگیرساوەو ناپەڕێتەوە تا گلۆپی سەوز هەڵنەگیرسێت. نە ئۆتۆمبێل هەیە لە شەقامەکەو نەچاودێری ئەوەی هەیە تەنها ویژدانی ئەو تاکەیە کە ویژدانێکی زیندووە و تێدەگات کە گرنگی جێبەجێکردنی یاسا و سیستەم مانای چی دەگەیەنێت. جێبەجێکردنی سیستەم سوودی بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگەو وڵاتەکەی هەیە. ئەوەی لێرە هەیە نازانم چۆن ناوی لێ بنێم ((خۆم و خۆم)) بەڵێ من وام و وا دەکەم ئەوەی رازیش نییە با سەری لە دیوار بدات. ((با خەڵك هەموو یاسا جێبەجێ بکات ئینجا وەرە بە من بڵێ)) رۆیشتن لە شەقامەکانی خۆمان تەنها و تەنها مێشك و لاشە ماندوو دەکات و هیچی تر.

## ئێمەو ژاپۆن ٦

کەسێك لە ئوتێلێیکی تۆکیۆ دێتە سەر شەقام و سواری تەکسییەك دەبێت و داوا دەکات بەرەو شوێنێك بیبات . هەر چەند شوفێری تەکسیەکە زمانی ئینگلیزی نەدەزانی بەڵام دوای ئەوەی نەخشەیان پێدا بۆ ئەوەی شوێنەکە بناسێ. دوای ئەوەی تەکسیەکە گەیشتە نزیك شوێنەکە بەڵام

ڕێگاکەی لێ بزر بوو و نەیزانی چۆن بگات بەم شوێنە. شوفێرەکە وەستا و سەیری نەخشەکەی کرد و دواتر کارێکی زۆر سەیری کرد کە جێگەی سەرسورمان بوو دەزانن چی بوو؟؟؟؟ پێوەری ناو ئۆتۆمبێلەکەی کوژاندەوە بۆ ئەوەی پارە چیتر کار نەکات. چونکە شوفێرەکە هۆکاری ڕێگە بزر کردنەکە بوو. تا شوێنەکەی دۆزییەوە پێوەرەکەی کار پێنەکرد. ئەوەیە ئەمانەت. نەك تەنها ئەو شوفێرە بەڵکو هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەم شێوەیەن .ئایا لە وڵاتی ئێمە شوفێری تاکسی بەم شێوەیە مامەڵە لە گەڵ خەڵك دەکات یان تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەمان. بۆ تاکی ژاپۆنی ئەمین و دەستپاکن ؟؟ بەلێ بروای بە ئەمانەت و دەستپاکی هەیە "و جێبەجێی دەکات" بەبێ بوونی هیچ چاودێرێك بەلام ئێمە بڕوامان بە ئەمانەت و دەستپاکی هەیە " بەڵام کێشە ئەوەیە کە جێ بەجێی ناکەین.

## ئێمەو ژاپۆن ٧

زۆر جار هۆکار هەن کە مرۆڤ شانازی پێوە بکات و خۆی بە گەورە بزانێت و لوت بەرز بێت، ژاپۆنیەکانیش هەموو ئەو هۆکارانەیان هەیە بەهۆی پێشکەوتن و کۆنترۆڵ کردنی هەموو جیهان بە کەل و پەل و بەرهەمەکانیان و پێشکەوتوویی شارستانییەتیان، بەڵام بە پێچەوانەوە ژاپۆنیەکان زۆر سادەو ساکارو لێبوردەو بەرێزن. بەڵام ئێمەو گەلانی دیکەش بەهۆی دواکەوتوویی بەبەراورد لە گەڵ وڵاتێکی وەکو ژاپۆن، غرور و خۆبەزل زانین و لوت بەرزیەکی سەیرمان هەیە.، وا دەزانیین کە لە ئێمە باشترو پێشکەوتووتر نیە، گاڵتە بە خەڵك و گەلانی دیکە

دەکەین. ژاپۆنیەکان کە کەسێکی بیانی دەبینن سەری خۆیان بۆ دادەنوێنن وەك ریزگرتنێك. بەرێوەبەری هەر شوێنێك لەو وڵاتە لە گەڵ فەرمانبەرانی دادەنیشێت و نان دەخوات. سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن ژیانیکی سادەو ساکار بە سەر دەبات، لە هەموو شوێنێکی ژاپۆن ریز لە تەمەن گەورەکان دەگیرێت.

## ئێمەو ژاپۆن ٨

وەك دەڵێن ((جیهان هەموو یاری دەکەن و ژاپۆن کار دەکات))هەموو جیهان و خەڵك بە گشتی لە زۆربەی وڵاتان وا ژاپۆن دەناسن کە لە رووی زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، بەڵام وەك پێویست نەزانراوە کە لە رووی رەوشتەوە پێشکەوتوون. ئەوەی لە ژاپۆن دەبینرێت لە سەرتاسەری جیهان نابینرێت کە ئومێدی هەموو وڵاتانە. ژاپۆنیەکان توانیویانە ئەو خەونەو ئومێدەی کە وڵاتانی دیکە و مرۆڤ هەیانە بۆ خۆیان لە بواری رەوشتەوە بیهێننە دی، زانست و ئەو پێشکەوتنەی رەوشت کارێکی زۆر جوان و بەبەهایە، دەستپاکی و پاك و خاوێنی و لێبوردەیی ئەمانە هەموو بیرۆکەی پێغەمبەران و فەیلەسوفان و پیاوانی مەزنی سەرئەم زەمینە بووە، ئەوەی ئێمەو ژاپۆنیەکانیش جیا دەکاتەوە ئەوان ئەو بنەما جوانانە لە ژیانی رۆژانەیان جیبەجێ دەکەن، بەڵام ئێمە لەناو مێشکمان بە خوێندن و خوێندنەوە لە بەری دەکەین بەڵام کاریگەری لە سەر واقیع و ژیانمان نییە. ئەوەمان لە بیرکردووە کە جێبەجێ نەکردنی ئەو بنەمایانە تەنها کات بە سەر بردن و بە فیرۆدانە. ئەوەی ژاپۆنیەکان پێی گەیشتوون و لە گەڵ ئێمە جیان زۆر ئازارم دەدات، بەڵام ئومێدیشم

هەیە کە ئێمەش ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەین بەو ئاستە، چونکە خۆ ئەوانیش مرۆڤن وەك ئێمە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی زانست و ڕەوشت و کارکردن ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی.

## پاراستن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ ، ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات مسۆگەر دەکات

هەموو دەزانیین کە هۆی سەرەکی بەکارهێنانی توندو تیژی دژ بە گەلانی عێراق لەلایەن ڕژێمی بەعس، شکستهێنانی ئەو سیاسەتە بوو لە مامەڵە کردن لە گەڵ سروشتی عێراق و داواکارییەکانی قۆناغەکە. شکستهێنان و هەرەسهێنانی ئەم ڕژێمە ئەنجامێکی ئاسایی بوو، چونکە ئەم ڕژێمە کەمترین ڕێژەی ڕۆشنبیری نەبوو، جگە لەو ڕابردووە شکستخواردووەی ژیانی سەدام حوسەین و زۆربەی دارودەستەکەی.. قۆناغی منداڵی گرنگترین قۆناغەکانی ژیانە کە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەکاتە سەر ژیانی هەموو تاکە کەسێك لە ناو کۆمەڵگەدا. بۆیە ئەوەی دەبینرێت لە کۆمەڵگەکانی پێشکەوتوودا ئەو هێزانەی کە فەرمانڕەوایی وڵات دەکەن جەخت لە سەر قۆناغی منداڵی مرۆڤ دەکەنەوە و بە هەموو هێزو توانایەك هەوڵی پاراستنی دەدەن لەو مەترسییانەی کە کۆمەڵگە دووچاری دەبێتەوە . ئەگەر هاتوو منداڵ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دووچاری لێدان ببێتەوە ئەوا دەست بە جێ پەیوەندی بە پۆلیس دەکرێت بۆ پاراستنی منداڵەکە و دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە دەکرێت، هەتا دایك و باوك بۆیان نییە توندو تیژی دژ بە منداڵەکانیان بەکار بهێنن، دەزگاکانی پۆلیسیش توندترین

سزا بە سەر ئەو کەسە دەسەپێنێت کە توندو تیژی دژ بە منداڵ بەکار هێناوە، هەندێ جار ئەو کەسەی کە توندو تیژی بەکار هێناوە دەیخەنە ناو خولێك بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ڕێز لە منداڵ بگرێت و بزانێت چۆن مامەڵەی لە گەڵدا دەکات. هەروەها خوێندنی بنەرەتی، بەزۆرە و هیچ خێزانێك ناتوانێت منداڵەکەی بشارێتەوە و بۆ قوتابخانە نەینرێرێت و بەهیچ شێوەیەك ڕزگاری نابێت و هەر دەبێت منداڵەکەی بۆ خوێندن بنێرێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی منداڵ دایە کە ڕۆشنبیری دەبێتە بنەمایەك بۆ ئایندەکەی. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان جەخت لە دوو لایەن دەکرێتەوە ئەویش پاراستن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵە، هەر چەند ئەو کۆمەڵگانەش لە تاوانباران و دزو جەردە بێبەش نیین بەڵام ئەو کەسانە بۆیان نییە جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و حوکمڕانی بکەن و ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری گشتی تێکبدەن، چونکە زۆرینەی گەل ڕۆشنبیرو چاوکراوەیە هەر تاکێك ئەرك و مافی خۆی دەزانێت و ڕێگە نادات ئەم جۆرە کەسانە جلەوی دەسەلات بگرنە دەست. ئەم جۆرە گرنگی دانە بە ڕۆشنبیری و ژیانی مرۆڤ لە عێراقدا لەسەردەمی ڕژێمی بەعس نەبوو و منداڵ گرنگی پێنەدەدرا و خوێندنی بەزۆری هەر بەناو هەبوو و گرنگی پێنەدەدرا بۆیە زۆر ئاسایی بوو کەسانێکی تاوانبار و خوێنرێژ وەك سەدام و داروودەستەکەی بتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ جلەوی دەسەڵات بگرنە دەست. بۆیە پێویستە لە ئێستاوە تا عێراق بە ئاقارێکی دیکە نەچێت گرنگی بە بەرنامەکانی خوێندن و منداڵ بدرێت بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشەدار بۆ عێراق مسۆگەر بکرێت، هەروەها پێویستە ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵگە

برەخسێنرێت بۆ ئەوەی هەر تاکێك ئەرك و مافەکانی خۆی بزانێت، چونکە رەخساندنی ئەم رۆشنبیرییە باشترین چارەسەرە بۆ خولقاندنی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات و دوور خستنەوەی لە مەترسی تاوانباران.

## مامۆستا مامۆستایە

هەموو دەزانیین کەکۆمەڵگە جۆرەها پیشە وپسپۆری جیاجیای تێدایە ویەکتر تەواو دەکەن، بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەو بەردەوامی ژیان، زۆربەی کۆمەڵگەش ئەوەی کەپێیدا تێپەڕ دەبن قوتابخانەو مامۆستایە، ئەوەی سەیرە وجێگەی سەرسورمانە، کەسانێك کەخۆیان رۆژانێك قوتابی بوونە ،ئێستا لەژێر هەر ناوێك وتار و راپۆرت لەسەر مامۆستا بڵاو دەکەنەوە و وێنەی مامۆستایانی وڵاتانی رۆژئاواو ئەمریکا وژاپۆن بڵاو دەکەنەوە کەچۆن رەفتار لەگەڵ قوتابیان دەکەن، رەخنە لەمامۆستایانی هەرێمی کوردستان دەگرن. من لەگەڵ چەندین تێبینیم لەسەر خودی مامۆستا، بەڵام دەڵێم وگوتومە ((مامۆستا مامۆستایە وپیرۆزترین پیشەیە)).

ئەو کۆمەڵگانەی ئەوروپا وئەمریکا و ژاپۆن، سیستەمێکی رێك وپێك لە وڵاتەکانیان هەیە هەر لەخێزان تا تەواوی دامەزراوەکان. بەڵام لای ئێمە نە دامەزراوە و نە خێزان ونەسیستەم لەو وڵاتەمان وەکو پێویست نییە. بۆیە منداڵان وقوتابیانمان هی ئەو کۆمەڵگەیەن لەبەر نەبوونی سیستەم لەو وڵاتە کۆنترۆڵ نیین وزۆر ئەستەمە خێزانیش کۆنترۆڵیان بکەن، هەموو قورساییەکەیان خستۆتە ئەستۆی قوتابخانەو سەر شانی مامۆستا.

تەحەدا دەکەم کە هیچ کەسێك لەوانەی رەخنە لەمامۆستایان دەگرن ناتوانن تەنها یەك وانەش لەنێو پۆلدا بوەستن. نەك وانە بڵێنەوە.

هیوادارم بەرد بەتاریکی وەمەنێن ونموونەش بە خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو مەهێننەوە. ئێستا قورسترین ئەرك ئەرکی مامۆستایە، کەخۆشی مامۆستا رازی نییە لەو کارەی کەرۆژانە ئەنجامی دەدات، هۆکارەکەشی خۆی نییە، بەڵکو تەواوی ناسەقامگیری کۆمەڵگەیە ونەبوونی سیستەمێکی جێگیرە

## پەروەردە لە رێگەی یاریکردن

پەروەردەکردنی منداڵان و قوتابیان کە ئەرکێکە لە خێزانەوە دەستپێدەکات، کارێکی ئاسان نییە ، بەڵکو پلانی تۆکمەی پێویستە، بەداخەوە زۆربەی زۆری باوك و دایکان ناتوانن بە شێوازێکی رێك و پێك و زانستیانە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن. ئەگەر چی لە منداڵیدا دەتوانی لە رێگەی یاری و خۆشی منداڵ ئاراستە بکەیت و پەروەردەی بکەیت. یاری تۆپێن و راکردن و کاری دەستی و هونەر و مۆزیك، ئەوانە هەمووی یاریین بەلام ئەتوانی منداڵ ئاراستە بکەیت و وزەی لەشی بە شێوەیەکی زانستی دەربخات، کە پرۆسەی گەشەسەندن بە شێوەیەکی زانستی بەرێوە دەچێت و گۆرانکاریش لە جەستەو بیروهۆشی روودەدات . بەلام زۆربەی باوك و دایکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە ماڵ نەچنە دەرەوە خەریکی یاری کۆمپیوتەر و پلێستێیشنیان دەکەن ، کە ئەم یارییانە ئەگەر سەیری بکەیت کوشتن و برین و دزی و جۆرەها جۆری کردەوەی

دزێوی تێدایە، ئەو یارییانە نامەن ئاراستەی بیرو هۆشی ئەو منداڵانە دەچن و لەوێوە لاسایی ئەم یارییانە دەستپێدەکات و زۆر جار تاوانی گەورەی لێدەکەوێتەوە ، ئەگەر باوك و دایك دەڵێت تا ئێستا شتی وا روونەداوە ، با بزانێت ئەوە کارێکی هەڵەیە و ئەگەر لە ناو ماڵی ئەو روونەداوە بەلام باش بزانێت ، روودانی کارەسات رێژەییە ، لەوانە ئەمرۆ روونادات و کاتێکی تر روودەدات یان کاریگەری دەبێ لە سەر کەسایەتی منداڵەکەت.

## پەروەردەو خۆشەویستی

دوو چەمکن لەوانەیە بڵێن جیان ، بەڵام لای من ووشە جوانەکان ، پەیڤە بە سوودەکان ، هەنگاوە ئەرێنییەکان ، دڵسۆزی و بە وەفایی و پاك و خاوێنی و جدییەت لەکار و هەلسوکەوتی بەجێ و چۆنیەتی قسە کردن بە ئەدەب و تێگەیشتن لە بەرامبەر و گوێ گرتن لێی ، راست کردنەوەی هەڵەکان ، ئەوانە چین ؟؟؟؟؟

هەندێ دەڵێن پەروەردەن چ لە خێزان فێر بیت یان لە قوتابخانەو ماموستایان .

بەشێکیش دەلێن خۆشەویستییە ، خۆشەویستی بۆ ووشە جوانەکان و پەیڤە بە سوودەکان ، خۆشەویستی بۆ کەسانی دڵسۆز ، خۆشەویستی بۆ پاك و خاوێنی دەروون و پاك و خاوێنی روالەت و هەموو جۆرە پاك و خاوێنییەك نیشانەی خۆشەویستی ئەو کەسەیە بەرامبەر بەو بابەتە. قسەکردن بە ئەدەب ، ئەوەش خۆشەویستییە بۆ پاراواگرتنی زمان ، بۆ

ڕێزگرتن له بەرامبەر ، بۆ بە هێمن بوون ، هەر هەڵەیەك ئەبینی ، بەرامبەر بەوەش ڕاستی هەن ، ئەوانەی خۆشەویستیان هەیە بەرامبەر بە داب و نەریتە باشەکان ، هەڵسوکەوتە جوانەکان ئەوانە خۆشەویستین . ئەوی واتا پەروەردە چیە و خۆشەویستی چیە . من ناتوانم جیای بکەمەوە هەردووك چەمك ئاوێتەی یەکترن پەروەردەی ئەرێنی خۆشەویستی پاك و بێگەردی لێ ئەبێتەوە ، پەروەردەی نەرێنیش ڕق و کینەی لێ دەبێتەوە .

## ئەگەر مامۆستاین

مامۆستا پیرۆزترین ووشەیە بەلای منەوە ، بۆیە هەر کەسێك کە خۆی بە مامۆستا دەزانی پێویستە هەندێ سیفەتی تیا بێت زۆر جیاواز بێت لە خەڵکی ئاسایی ، خۆڕاگربێت لە بەردەم هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ئەو وەکو خۆی کە هەیە خۆڕاگر بێت ، لەوانەیە بپرسن بە چی ؟ کەسایەتیت ، قەد وا مەکە کەسانی دیکە لە خۆت بەرزتر بزانی ، متمانەت بە خۆت بە پیرۆزی پیشەکەت بێت ، هەردەم ووشەی جوان و پەروەردەییانە بەکار بهێنە لە گەڵ بچوکترین منداڵ تا گەورەترین و مەزنترین کەسی ئەو دونیایە کە چاوت پێدەکەوێت، خۆت پڕ زانست و زانیاری بکە ، تۆ بەهێزترین چەکت پێیە ، نابێت هیچ کاتێك ئەو چەکەت لا نەبێت و فەرامۆشی بکەیت . ئەگەر ڕاستیت دەوێ پێویستە لە هەر مەجلسێك دابنیشی خۆت سەرقافلە بگری و خەڵك گوێی بۆت شل کات.

ئەگەر ئەمانەت تیابوو ، تۆ مامۆستای و هەموو سەرکردەو پاشا و خاوەن دەسەڵات گوێت بۆ شل دەکات ، بەڵام ئەگەر خۆت وا نەبووی ئەوا حاڵەتی جیا جیا روو بەرووت دەبێتەوە.

من بە گشتی باسی ئەو بابەتەم کرد . مەبەستم لەو پەیامەم ، با وا بیر بکەینەوە ، با وا هەڵسوکەوت بکەین ، قەسەم بە خوا و بە هەموو پیرۆزییەك ، مامۆستا براوە دەبێت و دەنگی بە سەر هەموو چینێك زاڵ دەبێت لە ناو کۆمەڵگە . ئەو پەیامەم هیچ زەحمەتیەکی تیا نیە تەنها خۆمان چاك بکەین و پشتیوانی یەکتر بین و یەکتر نەشکێنین .

## کارگێڕی و ژینگەی قوتابخانە

کارگێڕی قوتابخانە کردەوەیەکی فێرکارییە ، بەرزترین بەرپرسیاریەتییە لە قوتابخانە کە ئامانجی دانانی بنەما سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە کە ئاراستەی فێرکردن دیاری دەکات ، بەستراوە بە مامۆستایان و قوتابیان و جەخت لە پارێزگاریکردن و کاراکردنی پرۆسەی پەروەردە دەدات . کارگێڕی قوتابخانە پێویستی بە شێوازێکی ئیداری هەیە کە گونجاو بێت لە گەڵ ژینگەی قوتابخانەکە کە زۆر گرنگە.

هەروەها پێویستی بە نەرمی نواندن و دروستکردنی کەش و هەوایەکی گونجاو هەیە لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ ئەوانەی لە گەڵیدان وەك مامۆستاو کارمەندان و قوتابیان .پارێزگاری لە پیشەیی دەکات مامەڵەکردنەکەدا.

پێویستە سوود لە هەموو دەستکەوتە داراییەکان ببینێت بۆ خزمەتکردنی پرۆسەکە.

ئیدارەی قوتابخانە ئامانجێکی گشتی هەیە ، جگە لە پێشخستنی پرۆسەکە لە رووی زانستی و مەعریفی. گرنگی دان بە چالاکیەکانی نێو قوتابخانە بە گشتی. هەروەها ئامانجی ئیدارەی قوتابخانە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان قوتابیان و مامۆستایان و خانەوادەی قوتابیان.

ئیدارەی قوتابخانە هەوڵێکی کۆمەڵە کەسێکە لە پێناو سەرخستنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ، سوود وەگرتن لە هەموو وزەکان لە پێناو گواستنەوەیەکی نەوعی و ئیجابی لە ژینگەی قوتابخانە.

زۆر گرنگ ئەوەیە قوتابخانە سەقامگیرترین شوێن بێت بۆ هەمووان ، لە رێگەی جێبەجێکردنی رێنمایی و راسپاردەکانی پەروەردە

## کەسی پەروەردەیی سەرکەوتوو کێیە

زۆر جار باس لە گرنگی بەڕێوەبەر دەکرێت کە پێویستە چۆن بێت لە رووی شارەزایی لە رووی کاری ئیداری و چەند سیفەتێکی دیکە بەڵام، ئایا هەموو بەڕێوەبەرەکان کە داینەمۆی پەروەردەن لە قوتابخانەکان سەرکەوتوون ؟ توانایان هەیە کە رۆلی سەرکردایەتی ببینن لە قوتابخانەکانیان ؟؟؟ ئەوە پرسیارەو پێویستی بە وەڵام هەیە.

بەرای من وەك پەروەردكارێك ، كەسی سەركەوتوو لە بواری پەروەردە پێویستە كەسایەتییەك بێت بتوانێت كاریگەری هەبێت ، واتا بتوانێت سەرنجی قوتابیان و مامۆستایان رابكێشێت بۆ هەندێ سیفەت كە لە كەسانی دیكەدا نەبێت وەكو:

١- بڕواو متمانەی بە خۆی هەبێت

٢ - متمانەت بە تواناكانی خۆی هەبێت كە جیای دەكاتەوە لە كەسانی دیكە.

٣- شێوازی دەربڕینی جیا بێت لە خەڵكی دیكە.

٤ - هەست بە بەرپرسیاریەتی بكات كە جوانترین سیفەتە و كاریگەرە لە سەر كەسانی دیكە

٥- نیاز پاكی و سیفەتی ئەرێنی زاڵ بێت بە سەر كەسایەتییت.

٦ -توانای بەرگری كردن لات بە هێز بێت و توانای ئەوەت تیا بێت كە قبوڵی كێشەو گرفت بكەیت و سەبرو تەحەمولت تیا بێت بۆ دانانی رێگە چارەیەك و یەكلایی كردنەوەی كیشەو گرفتەكان.

٧ - بیركردنەوەیەكی قوڵ بەر لە قسەكردن و وتاردان

٨ - پابەند بوون بە ئادابی قسەكردن و گوێگرتنی تەواو لە بەرامبەر.

٩ - دیاریكردنی ئامانجەكانت بۆ ئەوەی دیدت بۆ ئاینده دیارو ئاشكراو روون بێت.

١٠- رەخنە قبوڵ بكە و بە سینگ فراوانییەوە وەریبگرە

١١ - بەردەوام گەشبین بە لە سەیركردن بۆ ئاینده.

١٢ -گرنگی دان به شیاوی ئەو جل و بەرگانەی کە دەپۆشی کە گونجاوترینیان بێت.

١٣ -کیشەو گرفتەکانی خودی خۆت با لای خۆت بمێنێت و مەیدرکێنە

١٤ -پێویستە بەر لەوەی راشکاو بیت لە گەڵ کەسانی دیکە ، لە گەڵ خۆت راشکاو بیت

١٥ -هەوڵ بدە لە خەڵك تێبگەی و بزانی کە چۆن ئەوان بیر دەکەنەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی پێویستیان بدەی.

زۆر جار مامۆستا و بەڕێوەبەر و زۆر کەسی دیکەی پەروەردەییم بینیوە کە زۆربەی ئەو سیفەت و ئەو خاڵانەی تیا نییە ، بۆیە پێویستە هەموومان زۆربەی ئەو سیفەتانەمان تیا بێت بۆ ئەوەی باشترین سەرکردەی پەروەردەییمان لێ دەربچێت .

## پەروەردەی ئەرێنی (الایجابی)

زۆر جار گوێمان لە ئامۆژگاری و ووشەی وا دەبێت سەبارەت بە ستراتیژیەتی پەروەردەی نموونەیی ، یاخود پەروەردەی ئەرێنی ، بەڵام لە واتا راستەقینەکەی تێناگەین ، هەموو پەروەردکاران بەدوای باشترین شێواز دەگەرێن کە چۆنە و چۆن بێت و کەی و چۆن سزا بە سەر منداڵەکان بسەپێندرێت بە شێوازێکی ئەرێنی و نموونەیی . پەروەردەی ئەرێنی پرۆگرامیکە کە ئامانجی گەشەسەندنی تواناکانی منداڵانە و ئاراستەکردنییەتی بە شێوازێکی بنیادنەرانە نەك رووخێنەرو ئازار

پێگەیاندن. بۆیە پەروەردەی ئەرێنی پێویستی بە دابینکردنی ژینگەیەکی لە بار هەیە کە منداڵ هەڵی بۆ برەخسێندرێت بێ ئەوەی زیانی پێبگات. باوك و دایکان پێویستە هاوکاری منداڵەکانیان بن کاتێ ئەوان پێویستیان بە باوك و دایکەکانیان دەبێت . پێویستە منداڵ هان بدرێت بۆ ئەوەی بخوێنێت . شیوازی ئامۆژگاری بگیرێتە بەر نەك لێدان بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات . نابێت بە شێوازێك پارێزگاری لە منداڵەکەت بکەیت کە نەتوانێت هیچ هەنگاوێك بهاوێژێت چونکە دەبێتە هۆی هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی و کەسێکی نەشیاو لە ئایندەدا . زۆر بە داخەوە تا ئێستاش لێدان لە بەشێك لە قوتابخانەکان و ماڵەکاندا ماون ، کە ئێستا پێویستیمان بە بەدیلی ئەو جۆرە شێوازە هەیە ، چونکە لێدان ئاسەوارێکی زۆر قوڵ بەدوای خۆیدا جێدەهێڵێت ، هەروەها توندو تیژی دەبێتە هۆی لە دایك بوونی توندوتیژی ، ووشەی توندو تیژیش تا دوا رۆژی تەمەنیش لە یاد ناکرێت . بۆیە پێویستە پەروەردکاران بە هیچ شیوەیەك پەنا بۆ لێدان نەبەن و شێوازێکی بەدیل پەیڕەو بکەن ، هەر چەند ئەم شێوازە بەدیلە دیراسەو ماندوو بوونێکی زۆری پێویستە.

### شێوازی پەروەردەی ئەرێنی (الایجابی ) ١

شێوازەکانی پەروەردەی ئەرێنی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بتوانیت بەئاشتی و هێمنانە لەگەڵ منداڵەکانت یان لەگەڵ قوتابیان هەڵسوکەوت بکەیت ، هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی لە رەوشتە باشەکان نزیك بیتەوەو هەڵسوکەوتە خراپەکان بەلاوە بنێیت. بنەمای سەرەکی لەشێوازەکانی پەروەردەی ئەرێنی

ئەوەیە کە قوتابی یاخود منداڵان پێویستییان بە ئاگادارکردنەوەی باوك ودایك یان مامۆستایان هەیە . دووشێواز بۆ پەروەردەی ئیجابی هەیە یەکەمیان: شێوازەکانی ئاگادارکردنەوەی ئیجابی. دووەمیان : شێوازەکانی دانانی سنوور.

**شێوازەکانی ئاگادارکردنەوەی ئیجابی:** بەردەوام باوکان ودایکان وپەروەردکارانیش ستایشی ئەو منداڵانە یاخود قوتابیانە ناکەن کەبەهێمنی وبەئارامی هەڵسوکەوت دەکەن ،تەنها چاویان لەوکەسانەیە کەهەڵەدەکەن بۆ ئەوەی سزایان بدەن ، کەواتە چۆنە ئاگادارکردنەوەی ئیجابی ؟

شێوازی ستایش کردن ،واتا بەمنداڵەکەت یان قوتابییەکەت پێی بڵێ ئەوکارەت بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە ودەستخۆشی لێبکە تا لەداهاتوودا بەردەوام بێت لەسەر کارە راست ودروستەکان ، لەوشێوازەدا نابێت ستایش کردنەکە خێرا بێت وموجامەلەی تیا بێت چونکە منداڵەکە یان قوتابییەکە دەزانێت کەگرنگیت پێنەداوە ودەزانێت کەراستگۆنیت ، بەڵام ئەگەر ستایشکردنەکەت لەجێگەی خۆی بێت ئەوا رەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لە ئێستا وئایندەی منداڵەکە یان قوتابییەکە.

## پەروەردەی ئەرێنی ( ئیجابی ) ٢
## شێوازی چارەسەری کێشەکان بەکۆبوونەوە

ئەوشێوازەی چارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکان رۆژانە لەماڵ وقوتابخانە دووبارە دەبنەوە ،کەئەمەش نارەزانی ئەندامانی خێزان و مامۆستایانیشی لێدەکەوێتەوە لەقوتابخانە ، منداڵ کێشەی نووستن ولەخەوهەڵسانی بەیانیان و ناکۆکی نێوان منداڵان خۆیان لەماڵ هتد...... بۆیەلەماڵ پلان دەبێت هەبێت بۆ کۆبوونەوە ورێککەوتن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان ، هەنگاوەکانیش بریتین لەبابەتی دانیشتن ودیاریکردنی کێشەکەو دواتر ئامادەبوونی ئەندامانی خێزان ودواتر پێویستە باوك کۆنترۆڵی دانیشتنەکە وشێوازی چارەسەرەکە بکات ، هەروەها لەقوتابخانەش بەهەمان شێوە پێویستە لەکاتی بوونی هەر کێشەیەك لەناوقوتابخانە ، کۆبوونەوە لەنێوان دەستەی کارگێری و مامۆستایان بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو کێشەیەی کە لەلایەن قوتابییەك یان قوتابیانەوە دروست بووە دواتر هەوڵ بدرێت بڕیاری دروست بدرێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە بێ ئەوەی زیان بە قوتابخانەو قوتابیان بگات ، بەرژەوەندی گشتیش لەبەرچاوبگیرێت.

**پەروەردەکردنی ئەرێنی ئیجابی ٣**

**-شێوازی پێشکەشکردنی بژاردە**

شێوازی بژاردە وپێشکەشکردنی دوو بژاردە یاخود سێ بۆ ئەوەی منداڵ یان قوتابی یەکێکیان هەلبژێرێت ، بەڵگەی ئەوەیە کە نەرمی دەنوێنیت لەمامەڵەکردندا بۆ گەیشتن بەباشترین چارەسەر ، ئەم شێوازەش وا دەکات منداڵ یاخود قوتابی هەست بە تواناکانی خۆی بکات کەدەتوانێت خۆی برەو بە تواناکانی خۆی بدات لەژیانی رۆژانەدا ئەمەش هاندەرێکە بۆ زیاتر هاوکاری کردن لەگەڵ خێزان یاخود قوتابخانە. ئەم شێوازە دوورە لەهەرەشە کردن ، ئەم شێوازەش بۆ هەموومنداڵان وقوتابیان شیاوە بەتایبەتی ئەوانەی عینادن ورکابەرایەتی دەکەن.

**پەروەردەی ئەرێنی (ئیجابی ) ٤**

**شێوازی رێککەوتنی مەرجدار**

دایك یان باوك لە گەڵ منداڵەکەیان یاخود مامۆستا ودەستەی کارگێری لەگەڵ قوتابییەکدا یان چەند قوتابییەك رێکدەکەون بۆ ئەوەی شتێك پێشکەش بکەن بەرامبەر بەهەڵسوکەوتێکی شیاو بۆ نموونە : باوك بەمنداڵەکانی دەڵێت ئەگەر بەهێمنی یاری بکەن لەگەڵ یەکتردا ئەوا رێگەتان پێدەدەم لەگەڵ من بچنە ناو باخچە یاخود یارییەکتان بۆ دەکڕم. واتا کارێك پێشکەش بەمنداڵ یان قوتابی دەکەیت بۆ ئەوەی ئەوان ئەوشتە وەرگرن کەمەبەستیانە.

**پەروەردەی ئەرێنی ( ئیجابی ) ٥**

**-شێوازی ئاگادارکردنەوە**

مەبەست لە ئاگادارکردنەوەی منداڵ یاخود قوتابی ، ئامادەکردنی دەروونییە کە هەڵسێت بەو کارەی کە پێی رادەگەیەنیت ، بۆ نموونە : ئاگاداری منداڵەکەت دەکەیتەوە کە پێش نوستن بە ١٠ خولەك هەڵسێت بە شوشتنی ددانەکانی بەر لەوەی بخەوێت ، ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوە بەو کارە هەڵنەستا ئەوا پێویستە بە بیری بهێنیتەوە و پێی بڵێی بێ زەحمەت ددانەکانت ، ئەگەر وتی بەڵێ پێی بڵێ سوپاس ، ئەگەر وەك پێویستیش وەڵامی نەدایتەوە ، ئەوا سنوورێکی بۆ دابنێ . شێوازی ئاگادارکردنەوە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ منداڵان و قوتابیان بۆ ئەوەی ئەوەی پێی رادەگەیەنی ، کارێکی لە ناکاو نەبێت بەڵکو پێویستە ئەو منداڵە لە رووی دەروونییەوە خۆی بۆ ئامادە بکات ، تا نەکەوێتە ژێر بەکارهێنانی شێوازی دانانی سنوور بۆی.

**پەروەردەی ئەرێنی ( ئیجابی ) ٦**

**-شێوازی دانانی خشتە بۆ باشترین رەفتار**

خشتەیەك دادەنرێت بۆ باشترین رەفتار کە لەچەند رەفتارێکی باش پێکدێت بۆ ئەوەی منداڵ رۆژانە ئەنجامی بدات بۆ ماوەی زیاتر نەبێت لە٣ هەفتە. ئەم خشتەیە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی رەفتارە ناشرینیەکان، ئەم شێوازەش لەنێوان منداڵانی ٥ تا ١٢ساڵیدا بەکار دەهێنرێت. خشتەکەش لەحەوت خانە دەنوسرێت ولەشوێنێکی دیار

هەڵدەواسرێت . ئەم شێوازەش (خشتەی باشترین رەفتار ) یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی رەفتارەکان بەشێوەیەکی خۆشحاڵانە ئەنجام بدات.

-شێوازی ووشەی نووسراو

ئەم شێوازە بەنووسین دەکرێت ، بۆ منداڵانی نێوان ٦ تا ٧ ساڵ دەست دەدات ، کەچەند داواکارییەك لەسەر پەراو دەنوسرێت بۆ ئەوەی منداڵ ئارەزووی هەلبژاردنی بکات بۆ ئەنجامدانی وەك نووسینی ئەم دەستەواژانە : یارییەکان لەناوسندوقەکە دابنێ — ددانەکانت بشۆ بەر لەنووستن ، جلە پیسەکانت بخەرە ناوجلشۆرەکەوە ، ئەم شێوازە زیاتر لەلایەن ئەو منداڵانەوە بەخۆشحاڵیەوە کاری لەسەر دەکرێت کەتازە فێری خوێندنەوەو نووسین دەبن

**پەروەردەی ئەرێنی ( ئیجابی )**

**٢ -شێوازەکانی دانانی سنوور**

هەر چەند منداڵان دەزانن ئەگەر سەرپێچی بکەن دووچاری سزا دەبنەوە بەڵام بەردەوام دەبن لەهەوڵەکانیان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن ، بۆیە پێویستە باوك ودایکان و کەسانی پەروەردەیی رێگە نەدەن کەمنداڵ سەرپێچی بکەن . شێوازەکانی دانانی سنوور یەکێکە لەشێوازی پەروەردەی ئەرێنی بەتایبەتی کەمنداڵ هەڵسوکەوتێکی خراپ ئەنجام دەدات ،پێویستیشە سنووردانانەکەش گونجاوبێت لەگەڵ ئەوهەڵسوکەوتەی کەئەنجام دەدرێت وپێویستیشە سنووردانانەکەش جێبەجێبکرێت . شێوازی سنوور دانانیش لۆژیکییە ودادپەروەرانەیە.

**شێوازەکانیش ئەمانەن**

**١ -لادان ودوورخستنەوەی کاتی**

دوورخستنەوەی کاتی سزایەکی کارایە، بەکار دەهێنرێت لەگەڵ منداڵانی تەمەن ٣ — ١٢ ساڵن، ئامانج لەوشێوازە دوورخستنەوەی منداڵە لە گروپەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی تا بیر بکاتەوە کە هەڵەی کردووە وداوای لێبوردن بکات وبزانێت کەهەڵسوکەوتی خراپ سزای بەدواوەیە. دوای لێبوردنی منداڵەکەش پێی بڵێ تۆ بووراوی.

**٢ -شێوازی گوێنەدان**

شێوازی گوێنەدان ،وەك گریان وهاوار کردنی منداڵ وگوێ پێنەدانی هەندێ جار لەو جۆرە هەڵسوکەوتەی کەئەنجامی دەدات کەم دەکاتەوە ، دەبێتەهۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتەکەی،گوێنەدانەکەش بۆخودی منداڵەکە نییە بەڵکو بۆ هەڵسوکەوتەکەیەتی. گوێنەدان بۆ هەڵسوکەوتەکەی منداڵ پەیامێکە کە تۆ رازی نیت و گوێی پێ نادەیت و ئەمەش سنوورێك بۆ منداڵەکەت دادەنێیت.

**٣ -شێوازی فەرمان کردن**

ئەم شێوازە پێویستە بۆ دانانی سنوور ،کاتێك بەمنداڵەکەت دەڵێی ئەوکارەبکە وئەمە مەکە بۆ نموونە : دەستەکانت بشۆ بەر لەوەی نان بخۆیت ، یان بوەستە شەر لەگەڵ براکەت مەکە . بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجەش پێویستە سەیری چاوەکانی بکەیت وبەجیدی بانگی بکەیت بۆ نموونە : سۆران برۆ بنوو

**٤ -شێوازی ئاگادارکردنەوە کەسزای دەدەیت**

شێوازێکە لەشێوازەکانی دانانی سنوور ،ئەوکاتەی بەکار دەهێنرێت کاتێك منداڵ فەرمانی باوك ودایکی جێبەجێ نەکرد ئەوکات پێویستە دوای ئاگادار کردنەوە سزای بدەیت . بۆ نموونە: کاتێ منداڵ لەناو ژوورێك یاری دەکات پێی دەڵێی برۆ لە باخچە یاری بکە وگوێی پێت نەدا ودووبارەت کردەوە هەر بەردەوام بوو پێی بڵێ ئەگەر وا بەردەوامبیت ئەوا تۆپەکەت لێ دەسێنم ، ئەگەر هەر بەردەوام بوو ئەوا پێویستە دەستبەجێ سزای بدەیت. ئامانجی سزاکە دانانی سنوورە بۆ ئەوهەڵسوکەوتەی منداڵەکە، نەك رێگەگرتن لەیاری کردن ، بۆیە پێویستە سزاکە کاتی بێت

**٥ -شێوازی یەکلایی کردنەوە**

ئەم شێوازە زیاتر لەگەڵ ئەومنداڵانە بەکار دێت کەعینادن کەدوای تورەبوونیشت هەر بەردەوام دەبن لەهەڵسوکەوتەکانیان .بۆیە پێویستە دەستبەجێ شێوازەکە بەکار بهێنیت . وەك دوور خستنەوەی منداڵ لەژوورەکەت وپێی بڵێ ئەگەر هەڵسوکەوتت باش بوو ئینجا بۆت هەیە بگەرێیتەوە ژوور و داوای لێبوردن بکەیت

**٦ -شێوازی هەڵگرتنی یاریەکان**

ئەوە بۆ ئەو منداڵانە بەکار دەهێنرێت کەتەمەنیان ٣ساڵە، بەتایبەتی کاتێك منداڵان لەسەر یاری کردن شەڕ دەکەن. ئەوکات دەتوانی بۆ ماوەی رۆژێك یان دوو رۆژ کەل وپەلی یارییەکە هەڵبگریت وبیشاریتەوە تا یارییەکە بە جوانی ئەنجام دەدەن ..

## مرۆڤ و کەسایەتی

راستە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مرۆڤ سەرچاوەی برەو دانە بە ژیان ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ، زۆر لە مرۆڤەکان بەتایبەتی ئەوانەی کەسایەتییان وەك پێویست بەهێزو کاریگەر نییە ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەرژەوەندیەکان دەبەستنەوە . پەیوەندی لە گەڵ کەسانێك گرێ دەدەن کە خاوەن پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتین یان کاربەدەستن لەناو حزب و حکومەت و هەوڵ دەدەن خۆیان ببەنە ئاست ئەوان لە مامەڵە کردن . ئەگەر چی مەرج نییە ئەو کەسانە کەسایەتییان بەهێز بێت. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی هەندێ لە مرۆڤە شکستخواردووەکان زۆر بە ئاشکرایی دیارن ، رۆژانە بەهایان لە بەر چاو کەم دەبێتەوە و سەنگی خۆیان لە دەست دەدەن . بۆیە ئامۆژگاریم بۆ تەواوی هاورێیانم، مرۆڤ پێویستە سەنگی خۆی بپارێزێت چاو نەبرێتە کەسانێك لە ئاستی ئەو نیین بەهێزی کەسایەتی مرۆڤ بە درۆکردن دروست نابێت ، بەڵکو بە راستگۆیی و نزیك بوونەوە لە حەقیقەت دروست دەبێت و پێویستە مرۆڤ ئاوێنەی ناخی خۆی بێت.

من وەك خۆم نامەوێت کەسانێك بناسم بۆبەرژەوەندی و کاری تایبەت، بەڵکو تامەزرۆم کەسانێك لێم نزیك بن کە تەنها و تەنها سادە و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بن.....

## قسەکردن زانستە

زۆر سەیرە لەم دونیایە ، هەندێك كەس هەن خۆیان لە ئاستێکی بەرز دەبینن و وا دەزانن کە زانای ئەم سەردەمەن ، کەچی تۆزقاڵێك بیرناکەنەو و تەنانەت ناتوانن قسە بکەن . هاورێیەك رەخنەی ئاراستەم کرد کە من کەسێکم نەمتوانیوە پۆست و پێگەی شیاو بەدەست بێنم ، گوایە ئەو دونیایە پێویستی بە مراوەغەو هەندێك هەڵسوکەوت هەیە بۆ ئەوەی بگەیتە پایەو پۆست ، من ئەو کاتەی ئەو رەخنەی ئاراستەم کرد ، هیچ وەلامێکی راستەوخۆم نەدایەوە بەلام زۆرم پێ سەیر بوو ،هەرچەند لەوانەیە لە رۆژگاری ئەمرۆدا قسەکانی ئەو مامەڵەی پێ بکرێت ، بەلام من بە عانەیەك نایکرم ، باشە خۆ ئاساییە کە من پۆست و پایەم نەوێت ،با پیرۆزی ئەو کەسانە بێت کە مراوەغە دەکەن و هەندێك سیفەتیان تێدایە کە ئەوان شانازی پێدەکەن بەلام لای من هێلی سوورەو ناتوانم ئەو سیفەتانەم هەبێت و سەریش بۆ کەس دانانوێنم بۆ ئەوەی بەهیچ پۆست و پلە بگەم . ئەوەی لێرە زۆر دڵگرانی کردم کە ئایا کەسێك خۆی بە کەسێکی رۆشنبیر بزانێت و نازو فیز بە پلەو پایە لێبدات چۆن ناتوانێت قسە بکات ، خۆ هەموو قسەکردنێك قسە نییە ، قسە کردن زانستە هاورێیان.

## خۆشەویستی وڵات بە قسە نیە

ئەمرۆ لە تەواوی قسەو بڵاوکراوەکان چ لەمیدیاکان و چ لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینین، زۆربەی تاکەکان باس لە خۆشەویستی وڵات و نیشتیمان دەکەن. لە هەر پێشهاتێکی سیاسی یان ئابووری ، زۆربەی تاکەکان پەنا بۆ قسە و ووشەی بریقەدار دەبەن، دەنووسن خوایە وڵاتمان بپارێزە، بەڵێ وڵات لە هەموو شتێك شیرنترە، بەڵام خۆشە مرۆڤ کارو کردەوەو قسەو رەفتارەکانی یەك بێت. پیس نەکردنی ژینگە خۆشەویستی وڵاتە، بەهەدەرنەدانی وزەی کارەبا و ئاو هەتا بەنزین و لێنەخورینی ئۆتۆمبێل بەبێ ماناو سورانەوە بۆ کات بەسەربردن لە هەموو کات و ساتێك. راپەراندنی کاروباری خەڵك لەلایەن فەرمانبەرانەوە دوور لە رۆتین و لە سەر بنەمایەکی ئیداری تەواو بێ کەم و کورِی ئەوانە هەمووی لە قازانجی وڵات و نیشتیمان تەواو دەبێت، نەك بەردەوام شایی و گۆرانی و هەڵپەرکێ و ئیزعاج کردنی خەڵك بە هۆرن لێدان بە بۆنەی بردنەوەی ریاڵ یان بەرشلۆنە .پشتگیری کردن لە مافە رەواکان لەلایەن تێکرِای لایەنە سیاسییەکان و نەبوونی دووبەرەکی نێوان پارتە سیاسییەکان و خۆدوورخستنەوە لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی حیزب، خۆشەویستی نیشتیمان دەردەخات، ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێشمەرگە بەبێ هیچ بەرامبەرێك خوێنی فیدای وڵات و نیشتیمان دەکات، ئەمە هەڵوێستی جوامێرانەی ئەو تاکانەن کە جێگەی تەقدیرو شانازین ، نەك ئەوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، تکا و هەزار تکا با نەبینە وڵاتی دروشمەکان و هەر بڵێین خوایە وڵاتمان بپارێزە، بەڵکو بە کردەوە بیسەلمێنین کە ئێمە وڵات و خاك و نیشتیمانی خۆمان خۆش دەوێت.

## هەڵە کردن قوتابخانەیە

تۆ هەڵەت کردووە، من هەڵەم کردووە و هەمووومان هەڵەمان کردووە. هەڵە خۆی قوتابخانەیەکی راستەقینەیە کە مرۆڤ فێردەکات کە چۆن ئەگات بە راستییەکان، هیچ مرۆڤێکیش نییە هەڵە نەکات. تۆ ئەگەر بیر لە رابردووت بکەیتەوە تا ئێستا بە هەزارەها هەڵەت کردووە، کە جار هەیە گومان لە بیرومێشکی خۆت دەکەیت. لە سەرەتای ژیانی منداڵیدا ناتوانی چۆن بوەستییت چۆن دابنیشیت و بە دەیەها جار کەوتوویی و بەر بوویتەوە تا توانیوتە راست برۆی و جوان دانیشیت . کەوتنت لە منداڵیدا ئەگەر هەڵەش نەبێت بەڵام کاتێك منداڵ ئەتوانی لە سەر پێ بوەستیت و هەنگاو بنێت پێدەکەنێ و پێت دەڵێ ئەوا تەواو چیتر ناکەوم و هەنگاوەکانم تەواوە. لە بیرت ماوە تا ئێستا لە کاتی منداڵیدا چەند قاپ و کەل و پەلت شکاندووە؟؟، چەند جار لە سەر دەرگاکانی ماڵەوە و سەر دیوارەکان نووسیوە؟؟، کە زۆر جار دایك و باوکان بەهۆی ئەو کارانەی تۆوە خانوەکانیان دووبارە بۆیاغ کردۆتەوە . ئایا دایك و باوکت ئازار نەداوە یان شەرت نەبووە لە گەڵ دراوسێ و خزم و کەسدا؟؟ زۆر جار ئەو هەڵانە دڵشکانیشی لێکەوتۆتەوە. ئەمانەو زۆری تریش فێری کردین کە چۆن رەفتار بکەین و هەنگاو بهاوێژین. ئەگەر ئاگر دەستی تۆی نەسووتاندبا ئەوا بەردەوام دەستت بۆ درێژ دەکرد، بەڵام بەهۆی ئازاریی ئاگر و سووتانەوە لێی دوور دەکەویتەوە. بۆیە فێر بوویت کاتێك خۆت دەشۆیت تەنها ئاوی گەرم بەکار نەهێنی بەڵکو ئاوی ساردی تێ دەکەیت تا ئاوەکە شلتێن بێت و ئازارت نەدات . ئەوەی فێری دەبیت لە

ژیانی ڕۆژانەتدا پێویستی ژیانی تۆیە، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئەوانیش فێری وانەی دیکەت دەکەن لە ژیانتدا. دەتوانی گوێ لە قسەکردنی دوو کەس بگریت ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر چونکە باش دەزانی کە ئەم کارە ناشرینەو ئەو کەسەی پەروەردە کرا بێت ئەم کارە ناکات. یان ئەتوانی ڕوو گرژ بیت بەرامبەر بە خەڵك، بە دڵنیاییەوە نەخێر. ئەوەی پێویستی بە یارمەتی بێت هاوکاری ناکەیت؟، بە دڵنیاییەوە بەڵێ. ئەمانە هەمووی لە ڕۆژگارەکانی ژیانتدا فێری ئەبیت.

هەڵەکان زۆر گرنگن بۆ فێر بوون ، زۆری فێرکردین ، کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانمان لە گەڵ خەڵکی دیکە . ئەگەر سەیری خەڵکانی بە تەمەن بکەیت زیاتر بە ژیری و بە حیکمەت مامەڵە دەکەن لەوەی کە گەنجێك دەیکات ، چونکە ئەوان دەرچووی قوتابخانەی هەڵەکانن ، ئەمە وا دەکات ڕێزیان لێ بگیرێت چونکە ئەوان لە هەڵەکانیان فێر بوون .

## پەروەردەی هاووڵاتیبوون

پەروەردەی هاووڵاتیبوون بەشێکە لە گەشەپێدانی بەردەوامی هەموو بوارەکان ، گەشەکردنی بەردەوام و سەربەخۆ لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەبێ پەروەردەیەکی هاوسەنگ و مەدەنی نایەتە دی کە پشت بە یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ ببەستێت لە کەش و هەوایەکی ئازادو سەروەری یاسادا . هەروەها پێویستە بۆ دەستەبەرکردن و هێنانە دی بە هاوولاتیبوونی تاك ، تەئکید لە فێربوون

بۆ هەمووان بکرێتەوە بەوەی فێربوون مافێکی تاکە کەسی نیە بەڵکو مافێکی بە کۆمەڵە. هیچ کۆمەڵگەیەکیش پێشکەوتن بە خۆوە نابینێت بەبێ گشتگیرکردنی فێربوون و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری. پەروەردەی هاووڵاتیبوون کارێکە ئامانجی بەرگری کردنە لە مافی مرۆڤ و ژیانێکی ئاشتیانە بەبێ بونی هیچ ترسێك ، هەروەها بونی مافی ئازادی و یەکسانی. پێویستە بۆ پەروەردەی هاوولاتیبوون پشت بە شێوازی پەروەردەی نوێ ببەسترێت لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ منالان و هەرزەکاران و لە سەر بنەمای یەکسانی و بەهای هاوولاتیبوون و رێزگرتنی مافی خەڵکی دیکە ، و جیاوازی بیرورا . قوتابخانەش یەکەمین دەروازەیە و شوێنێکی هەرە گرنگە بۆ پرۆسەی پەروەردەی هاوولاتیبوون . کە ئەم پەروەردەیە پێویستی بە ستراتیژیەت و رۆشنبیری تایبەت هەیە لە چوارچێوەی یاساو رێسادا.

جگە لە قوتابخانە کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە رۆشنبیری هاوولاتیبوون لە رێگەی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بلاو بکرێتەوە ، کە ئەم دامەزراوانە پێویستە تەواو کەر و شەریکی حکومەت بن بۆ ئەوەی پرۆسەکە تەواو بێت و کەم و کوری تیا نەبێت.

هەر ئەوەندەش بەس نییە بۆ پەروەردەی هاوولاتیبوون، کە تەنها لە رێگەی پرۆگرامەکانەوە بێت، بەڵکو پێویستی بە وانەی پراکتیکی و وۆرك شۆپ و هۆکاری دیکەی فێرکردن هەیە بەپێی قۆناغەکانی تەمەن. هاوولاتیبوون پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە هەیە و

دەچیتە ناو هەموو دامەزراوەیەك كە گرنگی بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان دەدات . بۆیە نابێت لەمەودوا بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و پۆست و پلەو پایەی حزبی و حكومی پەنا بۆ شێوازی نابەجێ ببردرێت و یاری بە هەستی هاوولاتی بكرێت ، چونكە ئەم شێوازە هاولاتی هەست بە هاوولاتیبوون ناكات ، بەڵكو خۆی تەنها لە چوارچێوەی پارتێك یان لایەنێكی سیاسی دەبینێتەوە نەك لە چوار چێوەی ولاتێك .

## پەروەردەو سیاسەت

پەروەردە بنەمای سەركەوتنی گەلانە ، سیاسەت لە هیچ شوینیك بەبێ پەروەردەی مرۆڤ گەشە ناكات ، كەواتە مرۆڤ تەوەری پرۆسەی سیاسییە. ئامانجە پەروەردەییەكان لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەكرێت لە رێگەی نەخشە كێشانی سیاسەتە گشتییەكان و لەوانەش سیاسەتی پەروەردەیی. زۆر جار لێرەو لەوێ لە كەسانی پەروەردەیی كە سیاسەتی پەروەردەیی لە ئەستۆی ئەواندایە پەیرەوی بكەن بۆ ئەوەی هاوتەریب بێت لە گەڵ سیاسەتی گشتی ولات. باس لەوە دەكەن كە نابێت سیاسەت تێكەڵ بە پەروەردەو فێركردن بكرێت و ئاماژە بەوە دەدەن كە سیاسەت و پەروەردە دوو چەمكی لێك جیان كە ئەمە تێنەگشتنێكی گەورەیە. باشە لێرەوە من دەپرسم كە لە ئاكامی پێشێلكردنی یاسا ئەگەر قوتابیان نەزانن چی روودەدات؟، كە ئەمە بەشێكە لە سیاسەتی گشتی، یاخود پەرەپێدانی دیموكراسیەت، سەقامگیری ولات، ئەو مەترسیانەی كە كاریگەریان لە سەر یەكێتی نیشتیمانی هەیە، ئەمن و ئاسایشی ولات،

ڕێزگرتن لە دەستوور، جگە لەو مەینەتیانەی کە دووچاری گەلی کورد هاتووە لە ئەنفال و کیمیا باران و ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و چەندین مەسەلەی دیکە. ئەم بابەتانە هەمووی بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و پێویستە لە قوتابخانەکان زۆر گرنگی پێبدرێت و بکرێتە پرۆگرامێکی تۆکمە . کەواتە سیاسەت و پەروەردە دوو چەمکن ئاوێتەی یەکترن و لێك جیا ناکرێنەوە. پێویستە ئامانجە پەروەردەییەکان، ڕەنگ لە سیاسەتی پەروەردەیی بداتەوە.

## چۆن منداڵ فێرە ڕێزگرتن دەکەین

ڕێزگرتن گرنگی و پێویستییەکی زۆری هەیە بۆ منداڵەکانمان، بنەمای ژیانە و سەرەتای زۆر لە بنەماو بەها پیرۆزەکانی دیکەی ژیانە. هەر کاتێك منداڵ فێرکرا و تێگەیشت کە ڕێزگرتنی بەرامبەر مانای چییە، ئەوا باشترین ئەندامی کۆمەڵگە دەردەکەون و دەبنە باشترین هاورێ و باشترین سەرکردە. فێرکردنی منداڵەکەت کە چۆن ڕێز لە بەرامبەر بگرێت کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو بەها کۆمەڵایەتییە شتێك نییە کە پێشکەشی بکەیت، بەڵکو پێویستە منداڵ خۆی لە ژیانی ڕۆژانەو هەڵسوکەوتدا فێربێت و وەریبگرێت. بۆیە پێویستە ئێمە ڕێز لە منداڵەکانمان بگرین لە مامەڵەو قسەکردن لە گەڵیاندا دواتر داوایان لێبکەین ئەوانیش بەمشێوەیە ڕێز لە بەرامبەر و کەسانی دەوروبەری خۆیان بگرن. پێویستە لەنێو ماڵەکەت بە ڕێزەوە لە گەڵ منداڵ قسە بکەیت هەروەك چۆن لە گەڵ کەسێکی غەریب قسە دەکەیت، بە پلەیەکی کەمتر

سەیری منداڵەکەت مەکە و هەموو شتێکی لە بەرچاوی ئەنجام بدەیت. بۆ نمونە ((بێ زەحمەت - سوپاس)) بەکاربێنە. لە جیاتی ئەوەی ئەمری لە سەر بکەیت پێی بڵێ بێ زەحمەت. بەردەوام رێزی لێبنێ و هانی بدە و لەبەردەم ئەندامانی خێزان ستایشی بکە. هەر کاتێك منداڵ هەڵەیەکی کرد هەلی پێ بدەو بڵێ با لە سەرەتاوە دەستپێبکەین و رێگایەکی تر بکار بهێنە بۆ ئەوەی فێرە رێزگرتن بێت. فێریان بکە کە چۆن رۆڵی سەرکردە دەبینن لە رێزگرتندا، ئەویش لە رێگەی خۆتەوە، با بتبینن کە چۆن یارمەتی کەسانی گەورە و بەتەمەنەکان دەدەیت و چۆن گرنگی بە مافی خەڵکانی دیکە دەدەیت.

## با مرۆڤ بنیاد بنێین

گرنگترین بەهای کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە مرۆڤ قسەو کردارەکانی هاوسەنگ بێت، یەکێکە لە جوانترین سیفەتەکانی مرۆڤیش ئەوەیە کە کاتێک قسەیەک دەکات ، پێویستە لە کردارەکانی رەنگ بداتەوە.
زۆر جار مرۆڤ قسە دەکات بەڵام ناتوانێت لە بەر چەند هۆکارێک بە کردەوە ئەنجامی بدات ، بەتایبەتی کاتێک هۆکارەکان رێگر بن لە ئەنجامدانی ئەو بەڵێن و قسانەی کە دەیکات، ئەوە ناچێتە قالبی ئەوەی کە ئەو کەسە قسەو کرداری وەک یەک نییە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیوروژێنم، ئەوەیە کە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا خەڵکانێکی زۆر پەیدا بوونە، کە قسەو بەڵێنەکانیان لەگەڵ کردەوەو کارەکانیان نەک تەنها هاوسەنگ نییە بەڵکو بە

پێچەوانەی یەکن. ئەمە وا دەکات کە کەسانی دەووبەری ئەم جۆرە مرۆڤانە بە چاوێکی کەم سەیرییان دەکەن و هەوڵ دەدەن کە خۆیان لێ دووربخەنەوە. ئەمەش هەر کێشە نییە ، دەتوانی خۆتی لێ بپارێزیت و لەم جۆرە کەسانە نزیک نەبیتەوە . بەڵام ئەگەر هاتوو کەسانێک هەبن کە نەتوانی خۆتی لێ دوور بخەیتەوە و رۆژانە گوێبیستی قسەکانیان بیت، وەک ئەوەی کە لەهەندێ کاربەدەست و بەرپرسان گوێبیستی دەبیت ، بەتایبەتی لە میدیاکان کە لێدوانەکانیان بە پێچەوانەی کردەوەکانیانە.

بۆ نموونە: زۆر جار کاتێک بەرپرسێک رووبەرووی پرسیارێک دەبێتەوە لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی یان لە هەر دەزگایەکی راگەیاندنەوە و پرسیاری لێ بکەیت و پێی بڵێی کە ئەو کێشەیە هەیە لە فەرمانگەکەت یان کاری تۆیە کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەیت. ئەوا زۆر بە لێهاتوویی و وەڵامت دەداتەوە و پێت دەڵێ: بەدواداچوونی بۆ دەکەین و دەستبەجێ چارەسەری دەکەین ، یان چارەسەرەکە دەخاتە روو. بەڵام کاتێک کە لە میدیا دوور دەکەوێتەوە قسەیەکی دیکە دەکات و خۆی نە لە نزیک و نە لە دوور بە بەرپرس نازانێت لەو کێشەیە و دەڵێت ئەوە کاری من نییە و یان ئەو کێشەیە بە من چارەسەر نابێت. ئەم جۆرە بەرپرسانە زۆرن لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا کە قسەو رەفتارو کردارەکانیان وەک یەک نییە ، تەنها لێهاتوون کە چۆن وەڵامی میدیا بدەنەوە و خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، کەچی هیچیان لە هەگبەدا نییە.

ئەوەی کە ئاماژەم پێدا، لە حالەت دەرچووە و بۆتە دیاردەو پێشبینیش دەکرێت ببێتە کەلتوور:

لە کۆتاییدا هیوادارم هەر تاکێک بەدواداچوونی رۆژانەی لە سەر قسەو کردارەکانی خۆی هەبێت و ئەم هاوسەنگییەی کەسایەتی خۆی بپارێزێت و پێویستیشە حکومەت و لایەنەکانی پەیوەندیدار بە جیدی و کردەیی هەوڵ بدەن ئەم جۆرە کەسانە لە نێو فەرمانگەکان بەتایبەتی بەرپرسانی ئەو فەرمانگانە دەستنیشان بکەن، با چیتر بەڵێن نەدەن و دواتر جێبەجێی نەکەن

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێویستی مرۆڤ بە پاراستن و سەقامگیری ئاسایش یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەپێچەوانەوە نەبوونی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی نیگەرانی و بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەراوکێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەرەنجامی خراپیشی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی کۆمەڵگە. مرۆڤ لە نەمانی دوو شت لە ژیانیدا هەست بە نارەحەتی دەکات و هەست بە بەهای ئەم شتانە دەکات یەکەمیان تێکچوونی تەندروستی و دووەمیشیان نەمانی ئاسایش وسەقامگیری لە وڵات. ئاسایشی کۆمەڵایەتی واتە سەلامەتی تاک و کۆمەڵ لە مەترسیەکانی ناوەخۆ و دەرەکیدا وەک کوشتن و رفاندن و دەستدرێژی و تێکدان و دزی ،

هەندێکیش ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە دابەزین و بەرزبوونەوەی تێکڕای تاوانەکان دەبەستنەوە، کاتێک تێکڕای تاوان بەرز بووەوە ئەوا ئاسایشی کۆمەڵایەتی بوونی نامێنێت بەپێچەوانەوە، کاتێک ڕێژەی تاوان ڕوو لە کەمی بکات ئەوا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، کە ئەوەیش پەیوەستە بە توانای دامەزراوەکانی حکومەت و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ ڕێگە گرتن لە تاوان و بەرپەرچدانەوەی و سەپاندنی یاسا. چەند کێشەو گرفت هەن هەڕەشە لە ئاسایشی تاک دەکات ئەویش نەبوونی سەقامگیری دارایی واتە ناسەقامگیری داهاتی تاکە کەس و نەبوونی ئاسایشی تەندروستی و نەبوونی ئاسایشی ڕۆشنبیری و نایەکسانی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ. لێرەدا ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بدەین لە هەرێمی کوردستان ئازادییەکان سنووری بەزاندووە بەتایبەتی لە لایەنی کۆمەلایەتی ئەمەش وای لێهاتووە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە، بوونی تاوان و دزی و چەندین حالەتی لاقەکردن و نەبوونی هیچ سانسۆرێک لە سەر ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتی وروژێنەر و چەندین هۆکاری دیکە وای کردووە کە گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمە نەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و دواتر دووچاری کاری نابەجێ و ئەنجامدانی تاوان بن، بەم شێوەیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی پشێوی تێدەکەوێت و دەرەنجامیش کاریگەری خراپی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەبێت. بۆیە پێویستە لایەنە

پەیوەندیدارەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە چاوکراوەبن و چیتر ڕێگە نەدەن کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکەوێتە ژێرپرسیارەوە.

## مرۆڤ بەهاترین و دەوڵەمەنترین سامانە لە نێو جیهاندا

منداڵی هێمای بەرائەتی سروشتە و ناو نیشانێکە بۆ پاك و خاوێنی مرۆڤ، کاتێك ئەو هێمایە بەرز ڕاگیرا ئەوا جوانی سروشت زاتر دەبینرێت. مرۆڤ بە بەهاترین و دەوڵەمەنترین سامانە لە نێو جیهاندا ئەمە حەقیقەتێکی زانستییە کە مرۆڤ و هەموو لایەنەکەکان و پێکهاتەکانی جیهان هەستی پێ دەکەن. ئەم وتانە تەنها دروشم نییە کە لایەنێکی ڕەوشتی بگرێتەوە بەڵکو کۆمەڵێك ڕاستی زانستی حاشا هەڵنەگرن لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، وەبەرهێنانی پەروەردەی مرۆڤ زیاتر لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەستی پێدەکرێت کە ئامانجێکی هەموو وڵاتێك و هەموو نەتەوەیەکە کە ئەو وەبەرهێنە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکار بهێنرێت و ببێتە بوارێکی داهێنان و بەرهەم هێن. شۆڕشی زانستی بەتەواوی بڕوای بەوە هەیە کە پەروەردەی مرۆڤ و گەشەکردنی مرۆڤ، دەروازەیەکە بەرەو پێشکەوتنی شارستانیەتی و هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لەبوارەکانی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی لەدایك دەبێت . بۆیە ڕاستییەك و حەقیقەتێك هەیە پێویستە بزانرێت، کە هەر پێشکەوتینَکی کۆمەڵگە بەندە بە شۆڕشی پەروەردەیی و فێر بوون. بیرۆکەی چاکسازی کۆمەڵگە لە قۆناغی منداڵیەوە دەست پێدەکات بەڵام چۆن؟ فەیلەسوفی یۆنانستانی ئەفلاتۆن لە سەدەی

چوارەمی پێش زایین رایگەیاندووە کە ناکرێت چاکسازی کۆمەڵگە بێتە کایەوە کاتێك منداڵ لەلایەن گەورەکانەوە تووشی گەندەڵی دەکرێن بۆیە پێشنیاری کردووە کە منداڵ لە خوار تەمەنی پێنجساڵیەوە لە چەند سەربازگەیەکەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پەروەردە بکرێن بۆئەوەی بتوانن چاکسازی شارو وڵاتەکەیان بکەن و لە گەندەڵی خۆ بە دوور بگرن. ئەم بیرۆکەیەی ئەفلاتۆن رەنگی دایەوە لە زۆر لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان.

منداڵەکانمان تا ئێستا لەلایەن ئێمەوە مرۆڤی نەناسراون نازانین وزەو تواناکانیان چۆنەو چەندە و ناتوانین تا ئێستا شتێکی وا پێشکەش بەمنداڵەکانمان بکەین کە گرنگ بێت چونکە نەمانتوانیوە ئەو هێزو تواناییانەی ناوەخۆی ئەم منداڵانەمان بزانین و گەشەیان پێ بدەین. مەترسیدارترین شت لە ژیانی کۆمەڵگەکانمان ئەوەیە کە بەخێوکەرانی ئێمە و ئەوانەی بەکاری پەروەردە هەڵدەستن بەشێوازێکی زانیستیانە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، یاسایەکی تەواو و یەکلاکەرەوەی پەروەردە هەیە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر نەتوانیت پەروەردەیەکی راست و دروست پەیڕەو بکەیت ئەوا پەروەردەیەکی نادروست و نابەجێ پەیڕەو دەکەیت کە پەروەردەی نادروستیش منداڵ لەلایەنی جەستەیی و فیکری و کۆمەلایەتی دووچاری هەرەس هێنان و رووخان دەکاتەوە. هەر پەروەردەیەکی نازانیستیانەش منداڵ دووچاری رووخان دەکات.

## کاری ڕاگەیاندن بە سەر کۆمەڵگە

ڕاگەیاندن ئامرازێکی مەترسیدارە و کاریگەریشی ناشاردرێتەوە، سەرهەڵدانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە دایك بووی ئەمڕۆ و دوێنێ نیە بەڵکو بۆ چاخەکانی زۆر پێشووتر دەگەڕێتەوە ، ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژەی پێبدەین ڕۆل و کاریگەری ڕاگەیاندنە بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا لە ڕووی بنیادنان و پێشخستن. هەر تاکێك ئارەزووی ئەوە دەکات کە دوا هەواڵ و زانیارییەکانی دەورو بەری خۆی بزانێت، لێرەدا ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەدیار دەکەوێت کە چەند کاریگەرییەکی مەترسیداری بەسەر مرۆڤ و تاکەکانی ناو کۆمەڵگە هەیە. لە هەر چرکەیەکدا ئاژانسەکانی هەواڵ هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەواڵێکی نوێ لە سەرتا سەری ئەم گۆی زەمینە بگوازنەوە بۆ جەماوەر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاگەیاندن زانکۆیەکی گەورەی کراوەیە و بەرنامەو پرۆگرامەکانی ئەم زانکۆیەش لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکان دەگۆڕێت . لێرەدا ئەوەی گرنگە ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن بەسەر کۆمەڵگادا کاریگەرییەکی زۆر فراوانە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەکان ، بەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بنیادنەرانە دەبینێت و ئەرکی پاراستن و خۆدوورخستنەوە لەو جەنگە فیکرییە دەبینێت کە لە دەرەوەی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە ، چونکە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن زۆر بە خێرایی لە ڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانی وەك ڕۆژنامەو گۆڤارو ئینتەرنێت و ماڵپەرەکان و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان دەگەنە هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگا، ئەم هەواڵ و بابەتانەی کە لە جیهاندا بلاودەبێتەوە بەپێی تەمەن و ئاستی

رۆشنبیری و جۆری کۆمەڵگەکە کاریگەری خۆی دەبێت و ئەم کاریگەرییەش لەوانە لە هەندێ کۆمەڵگە سوود بگەیەنێت و لە کۆمەڵگەی دیکەش زیان بگەیەنێت، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك لە کۆمەلێك داب و نەریت و هزرو بیر پێك دێت . هەروەها خالێك هەیە کە پێویستە خوێنەران بیزانن کە ناهاوسەنگییەك هەیە لە نێوان ئەم پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی خودی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان کە ئەمەش ئەم کاریگەرییەی راگەیاندن جیاوازی تێدەکەوێت لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە. ئەوەی گرنگەو پێویستە بگوترێت، راگەیاندن وەك دەسەلاتێك پێویستە لە خزمەتی تاك و کۆمەڵگەدابێت و خۆی دوور بخاتەوە لە دروشمی بریقەدار، بەڵکو پێویستە راگەیاندن دروشم و بابەتەکانی واقیع بینانە بێت و نزیك بێت لە هزرو بیری تاکەکانی نێو کۆمەڵگە. لە کۆتاییدا دەلێین راگەیاندن وەك دەسەلاتێك پێویستە شان بە شانی دەسەلاتەکانی دانان و جێبەجێکردن و دادوەری بەهەمان ئاراستە و پشت بە چەند بنەمایەك ببەستێت کە لە کۆتایی لە خزمەتی تاك و کۆمەڵگە تەواو بێت.

## دڵسۆزی لە وەزیفەدا هیچ منەتی تیا نییە

لای هەموو لایەك ئاشکرایە هەر فەرمانبەرێك چ دەزگایەکی حکوومی چ لە دەزگایەکی ئەهلی کار بکات، ئەگەر هاتوو ئەرکەکانی خۆی وەکو پێویست بە رێك و پێکی و بەخاوێنی و بە دڵسۆزی پێشکەش بکات، ئەرکێکە بەرامبەر بە وڵاتەکەی و ئابووری وڵاتەکەیی و

بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی. بەرامبەر بەپێشکەش کردنی ئەم ئەرکەش فەرمانبەر مووچەیەك وەردەگرێت هەندێك جاریش پاداشت دەکرێت ئەگەر ئەرکەکانی وەکو پێویست ئەنجام دابێت، ئەم پاداشتەش یان ماددی دەبێت یان مەعنەوی. پێویستە ئەو راستییەش بزانیین ئەم مووچەیەو ئەم پاداشتە بەرامبەر ئەو ئەرکەیە کە فەرمانبەر پێشکەشی دەکات نەك بۆ خودی فەرمانبەرەکە، نابێتیش وابێت ،چونکە بوونی ئەو وەزیفەیەیە وای کردووە کە ئەم فەرمانبەرە مووچەی پێ بدرێت بەرامبەر ئەو ئەرکەی لە فەرمانی کارگێری دامەزراندنی بۆی دیاری کردووە. چاکترین سیفەت کە پێویستە فەرمانبەر لەکاتی کاری وەزیفی پێشکەشی بکات خۆی لەم خاڵانە دەنوێنێت:

١- ئامادەبوون و پابەندبوون بە کاتی دەوام و کارکردن بە رێك و پێکی و بەجێهێشتنی دەوام دوای کۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراوی دەوام. نابێت فەرمانبەرلەکاتی دەوام وەزیفە یان کار جێ بێلیت تەنها لەکاتی زۆر پێویست نەبێت پێویستە ماوەی دەرچوونیشی گونجاو بێت و بە رەزامەندی بەرپرسی فەرمانگەکە یان سەرۆکی دەزگاکە بێت . چونکە کاتی دەوام موڵکی فەرمانبەر نییە هەرچەند پلەو پایەی بەرز بێت لەناو فەرمانگەکە، بەڵکو موڵکی دەزگایەکەیە چ حکوومی بێت چ کەرتی تایبەت. پابەند نەبوونی فەرمانبەر بە دەوامی فەرمی کاریگەری نەرێنی لەسەر دەزگاکە یان فەرمانگەکە دەبێت و ئاستی کاری ئەو فەرمانبەرەش دادەبەزێت و دەبێتە هۆی دواکەتنی مامەڵەی خەڵك و کاریگەری خراپی لەسەر ئەو دەزگایەش دەبێت کە کاری تێدا دەکات.

٢- کارکردنی فەرمانبەر بە وردی بە ئەمانەت و بە دڵسۆزی و یەکسانی و دادپەروەری و جیاوازی نەکردن لە نێوان خەڵکدا و دوانەخستنی مامەڵەی خەڵك و تەواو کردنی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

٣- پێویستە فەرمانبەر بە ڕووەکی نەرم و بەشێوازێکی جوان و ڕێك و پێك بێ جیاوازی کردن مامەڵەکانی هاولاتیان جێبەجێ بکات ، هەتا ئەوانەی کارەکانیان وەکو پێویست تەواو نییە بە جوانی و حاڵییان بکات کە مامەڵەکانیان کەم و کوڕییان تێدایە بۆ شوێنی مەبەست ڕەوانەیان بکات و هاولاتی هەست بکات کە ئەو فەرمانگەیە زۆر بە ڕێك و پێکی و بەپەرۆشەوە پێشوازی لە هاولاتی دەکات و ڕێزی لێدەگیرێت.

بەلام هەندێ جار فەرمانبەر بەپێچەوانەی ئەو خالانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا کار دەکات کە ئەمەش جێگەی نیگەرانییە و خەڵك دووچاری ڕەشبینی دەبێت کاتێك سەردانی فەرمانگەیەکی حکوومی دەکات و بەم شێوەیە رەفتاری لەگەڵ بکرێت ئەم خالانەی خوارەوەش نموونەی ئەم جۆرە رەفتارە هەلانەن کە لەهەندێ فەرمانگە دەبینرێن

١- ئیلتیزام نەکردن بە دەوام و فەرمانبەر بە ئارەزووی خۆی بێ ڕەزامەندی بەرپرسی فەرمانگەکەو بێ مۆڵەت کارە وەزیفییەکەی جێ بهێلێت بۆ کاری تایبەتی و کاروباری ناو خێزان وەك بردنی منداڵ و خیزانی بۆ قوتابخانەو هەندێ جار نەگەڕانەوەی ئەم فەرمانبەرە بۆ دەوام تا ڕۆژی دوایی کە ئەمەش دوورە لە دڵسۆزی و هەست کردن بە لێپرساوەتی بەرامبەر بە خۆی و خەڵك و نیشتیمان و خاکەکەی لە کۆتاییش بە زەرەرو زیانی خەڵك و بەرژەوەندی گشتی تەواو دەبێت،

چـونكه ئەو فەرمـانبەرە تەنهـا بـۆ بەرژەوەنـدی تـایبەتی خـۆی هەوڵ دەدات.

٢- هەندێ فەرمانبەریش بە وردی و بە دڵسۆزی كارەكەی خۆی ئەنجام نادات و بەڵكو زۆر بە نارێكی مامەڵەكانی هاوڵاتیان بەڕێ دەكات یان بە ئارەزووی خۆی مـامەڵەی هاوڵاتیـان دوا دەخـات هۆكارەكەشی تەنهـا تەمبەڵی و پشتگوێ خستنە.

٣- هەندێ جار فەرمانبەر بەشێوەیەكی نارێك پێشوازی لە هاوڵاتیان دەكەن و بەبێ هۆ داوا لە هاوڵاتیان دەكەن كە ڕۆژی دوایی بێنەوە، هەندێ جار دەڵێت ئەوە عایدی من نییە بێ ئەوەی سەیری مامەڵەكە بكات، دوای سوڕان و چەند ژوور پێ كردنێك دواتر دەڵێ نەمزانی كە ئیشەكەت لای منە.

٤- هەندێ جاریش داوای چەند بەڵگەنامەیەك دەكەن لەوانەیە لەناو مامەڵەكە هەبێت یان لەناو دۆسییەكەی هەبێت بەڵام بۆ دووبارەو سێ بارە داوای دەكەنەوە تەنها بۆ ئەوەی هاوڵاتی دووچاری ناڕەحەتی بێت.

٥- هەندێ فەرمانبەریش خۆی بە گەورەترو مەزنتر دەزانێت كاتێك هاوڵاتی سەردانی فەرمانگەكەی دەكات. ئەوە لە بیر دەكات كە ئەركی فەرمانبەرە كە خزمەتی هاوڵاتیان بكات و هیچ منەتێكی تێدا نییە.

٦- زۆر جار هەموومان بینیومانە لەفەرمانگەكان ریز دەبەسترێت بۆ تەواوكردنی مامەڵەی رۆژانەی هاوڵاتیان، هەر لەناكاوەوە كەسێكی خزم و دۆست و ناسیاری فەرمانبەرەكە بێ ڕیز گرتن دەچێتە ژووری فەرمانبەرەكە دوای چەند خولەكێك لە ئەحواڵ پرسین و دانیشتن زۆر بێ

شەرمانە مامەڵەی ئەو خزمەی یان ئەم ناسیاوەی خۆی لەبەرچاوی هەموو ئەوانەی وەستان تەواو دەکات، لەوانەشە مامەڵەی ئەم خزمەشی کەم و کوڕیشی تێدا بێت هەموو ئەو حاڵەتانەی سەرەوە کەباسمان کرد هاوڵاتیان دووچاری ناڕەحەتی دڵگرانی دەکات. وای لێهاتووە کەسێك ئەگەر دوعای باشی بۆ کەسێك بکات پێی دەڵێت (دوژمنت هیچ کارێکی بە فەرمانگەو دامو دەزگاکانی حکوومەت نەکەوێت).

وەزیفەو ئەرکی فەرمانبەر چ لە ناو حکومەت بێت چ لە کەرتی تایبەت پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە بۆ ئەوەی لە ژیانی وەزیفی سەرکەوتوو بێت ئەوانیش: پێویستە فەرمانبەر لەگەل ئەو کارە بگونجێت کە پییێ سپێردراوە و ئارەزووی لەم بوارە هەبێت کە بۆی دانراوە هەروەها پێویستە کەڵك لەو شارەزاییە وەربگرێت کە پێشتر لە شوێنەکەی کاری تێدا کراوە بە تایبەتی شارەزایی کردەیی کە زۆر پێویستە، هەروەها دابەشکردنی کاری وەزیفی بەپێی پلانێك تا وەکو هەموو لایەك سوودی لێ وەربگرێت، پێشنیارو بۆچوونەکانی سەرۆکی فەرمانگە یان بەرپرسەکەی وەربگرێ .

## بۆ سوود لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەرنەگرین

مرۆڤ کاتێك سەیر دەکات لە ژیانی رۆژانەیدا بە دەیەها کێشەو گرفت هەیە و وای بۆ دەچێت کە زۆر ئەستەمە ئەم کێشەو گرفتانەی چارەسەر بێت و هەست بە نائومێدی و نارەحەتییەکی زۆر دەکات، بۆ نمونە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە چەندەها کێشەو گرفتی ئیداری و کۆمەلایەتی هەن، وا هەست دەکەین کە ئەم کێشانە چارەسەریان نییە، ئەم

جۆرە کێشەو گرفتانە زۆر جار وا لە مرۆڤ دەکات کە حەز بکات وەك هاوولاتیانی ولاتانی دیکە بژی کە ئەم جۆرە کێشەو گرفتانەی تێدا نییە و هاوولاتی لەم ولاتانە زۆر ئاسوودەن، چونکە سیستەمی ئیداری ئەم وڵاتانە پێشکەوتووە، بۆیە هاووڵاتیانی ئەم وڵاتانە زیاتر هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆیان دەکەن و بەمەش هەوڵەکانی خۆیان چڕدەکەنەوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە هەموو رویێکەوە زیاتر پێش بکەوێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هاوولاتی و حکومەت نابێت بەرپرسیاریەتی بوونی کێشەو گرفتەکان بخەنە ئەستۆی یەکتر، چونکە ئەگەر هاتوو هاوولایتان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵنەستن و پابەند نەبن بەو ئەرکانەی کە لە سەر شانیانە و پابەندی سیستەم و یاسا و رێساکانی وڵات نەبن ئەوا کاریگەری نەرێنی بە سەر حکومەت دەبێت بەڵام پێویستە ئەمەش ئاشکراو روون بێت کە بەرپرسیاریەتی گەورە دەکەوێتە سەر شانی حکومەت، چونکە حکومەت کەش و هەوایەکی وا بۆ هاوولاتی نارەخسێنێت کە هانی بدات پابەندی یاسا ورێساکان بێت و ناچاری بکات کە رێز لە یاسا و رێساکان و سیستەمی ئەم ولاتە بگرێت، ئەویش لە رێگای بەدواداچون و چاوەدێرییەکی بەردەوام، کە ئەمەش خالێکی زۆر گرنگە. جگە لەمەش ئەرکی حکومەتە کە هەموو خزمەتگوزارییەك پێشکەش بە هاوولاتیان بکات . شێوازی پشت بەستن بەیەکتر، هاوولاتیان چاوەروانی ئەوە بن کە حکومەت هەموو ئەرکەکان بەرێوە ببات و حکومەتیش چاوەروان بێت کە هاوولاتی خۆی بێ ئەوەی حکومەت ئاراستەی هاوولاتیان بکات ئەوان خۆیان هەلبستن بە جێبەجێکردنی

ئەرکەکانیان، ئەم کارە وڵات بەرەو خالیّکی نادیار دەبات و هەردوو لا چ حکومەت و چ هاوولاتیان تێیدا زەرەر مەنددەبن. ئەوەی پێویستە کە پەیرەو بکرێت بوونی ستراتیژیەتێکی فرەوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیداری و کۆمەلایەتییەکان چونکە زۆر لە کێشەکان پێویستیان بە هەماهەنگی هاوولاتیان و حکومەت هەیە، وەك وتویانە چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێت. نە تەنها حکومەت بە تەنها دەتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات نە هاوولاتییان بە تەنها، پشت بەستن بە لایەنێك ئەوا کێشەکان ئالۆزتر دەبن. لەمبارەوە پێویستە سوود لە ئەزموونی ولاتانی پێشکەوتوو وەربگرین و ئەم شاندانەی کە سەردانی ولاتانی پێشکەوتوو دەکەن تەنها بۆ کات بە سەر بردن نەبێت بەڵکو سەردانەکانیان بۆ مەبەستێك بێت کە خزمەت بە گەل و نیشتیمان بگەیەنێت، مەبەست تێیدا دروستکردنی مرۆڤی کورد بێت کە بڕوای بە کارکردن هەبێت، کار کردن لە پێناو خزمەت گەیاندن بە وڵات و بە هاوولاتیان. بۆ نمونە بۆ لاسای ولاتانی رۆژئاوایی پێشکەوتوو نەکەینەوە کە لە بواری زانستی زۆر پێشکەوتوون، سەیر دەکەین کە زۆربەی گەلانی ئەم ولاتانە بە پایسکل هاتوچۆ دەکەن کە ئەمەش فشاری لە سەر شەقامەکان کەمکردۆتەوە جگە لەوەش ژینگەی خۆیان دەپارێزن لە هەمووش گرنگتر ئەم هاتوچۆکردنە وەرزشێکی زۆر گرنگە بۆ خودی مرۆڤ و تەندروستییەکەی. لای ئێمەش بە دەگمەن کەسێك دەبینین کە بە پایسکل هاتوچۆ بکات، بەڵکو هەر تاکێك هەوڵ دەدات کە خاوەن ئۆتۆمبێلێك بێت کار گەیشتۆتە ئەوەی هەر خێزانێك چەند ئۆتۆمبێلێکی هەبێت. وڵاتێکی

وەکو ئەلمانیا کە بە وڵاتی مارسیدس ناسراوە کەچی مامۆستایانی زانکۆ لەم وڵاتە بە پایسکل هاتوچۆ دەکەن، بەڵام هاوولاتیانی ئێمە ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل ٢٠١٠ ی نەبێت شەرم دەیگرێت، ئەم دیاردەیەش بۆتە بەشێکی رۆشنبیرییەکەی. ئەگەر هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە لاسایی ولاتانی پێشکەوتوو بکاتەوە سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرێت، کارێکی پێویست وئەرێنییە. بەلام ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ لە لاسایی کردنەوە وریا بێت نەك تەنها لاسایی هەندێك هەلسوکەوت بکاتەوە کە هیچ سودێکی نابێت بەڵکو زیانی پێدەگات، بەلکو پێویستە لاسایی ئەم هەلسوکەت و کارانە بکرێتەوە کە سوودبەخشن.

## ناسنامەی نیشتیمانی

بوونی ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی گرنگترین خەونی هەر تاکێکە، چونکە نەوەی داهاتوو و ئێستا دەبێت ئەوە بزانن کە کێن؟ ئەو کۆمەڵگانەی کە گرنگی بە ناسنامە دەدەن زیاتر لە لایەنی سیاسی و پەروەردەیی پێشکەوتوون، چونکە دەوڵەت بەردەوام لە خزمەتی کۆمەڵگەدایە، هەر کۆمەڵگەیەکیش کە یەکگرتوویی پێوە دیار بێت ئەوا ولاتەکەی نوێنەرایەتی تاکە کەس دەکات و پشتگیری ناسنامەکەشی دەکات . بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وڵاتێك لاواز بێت ئەوا ناتوانێت یارمەتی کۆمەڵگەکەی بدات بەوەی ناسنامەی هەبێت. ناسنامە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەم قۆناغەدا بۆ هەر تاکێك ئەمەش نایەتە دی ئەگەر

هاتوو هەست نەكرێت بە گرنگی بوونی ناسنامەی ئەم وڵاتە یاخود ئەم شوێنە جوگرافییەی كە تێیدا دەژیت. ئەم هەستەش زیاتر سەرهەڵدەدات كاتێك ولات سەقامگیری سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووری باڵی بەسەر كێشا بێت و نەوەكانی پێشوو وەك مێژووەكی پرشنگدار بۆ نەوە تازەكان جێیان هێشتبێت تا وەكو نەوە تازەكان شانازی بە مێژووی پڕ سەروەری رابردووی خۆیان بكەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە پێویستە هەر لە منداڵییەوە، منداڵان فێرە ئەم بابەتەو ناوەرۆكەكەی بكرێت، ئەگەر بێت و سەیری هەرێمی كوردستان بكەین كە ئێستا لە ژێر سایەی حكومەتێك بەرێوە دەچێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستانە، ئەم هەرێمە لە رووی جوگرافی و مێژووییەوە كۆنترین شارستانیەت بووە لە سەر زەویدا و ناسنامەی ئەم ناوچەیەش بۆ سەردەمەكانی چاخە كۆنەكان دەگەرێتەوە و دواتر بە چەندین قۆناغی مێژوویی تێپەریوە. سەبارەت بە بابەتی ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی، پێویستە لەمەودوا بۆ نەوەكانی داهاتوو زیاتر لە سەری بوەستین چونكە ئەوان بەرپرس نین لە سەر ئەو كارەسات و ماڵ وێرانییەی كە بەسەر نەتەوەو ناسنامەكەی هاتووە كە هەر دەم رژێمە یەك لەدوای یەكەكان هەوڵیان داوە ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی كورد بسڕنەوەو بیشێوێنن بەتایبەتی ئەو شوێنانەی كە زیاتر تێیدا دەستەرۆ بوون، بەلام پێویستە نەوەی نوێ ئەوە ببینن كە پێشترو ئێستاش سەركردایەتی كورد بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەكان و ئەو سیاسەتە چەوتانەی رژێمە یەك بەدوای یەكەكان كە شێواندویانە هەوڵی

گەڕاندنەوەیان دەدەن، کە ئەمە پێویستە لە مێژوو لە یاد نەکرێت چونکە لاپەرەیەکی پرشنگداری سەرکردایەتی کوردە، کە سازشی لە سەر ناکات وەك گەڕاندنەوەی شاری کەرکوك بۆ باوەشی دایك و ناوچە دابراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە سەرکردایەتی کورد لە دەستوری نوێی عێراق چەسپاندی و گەلانی عێراقیش دەنگیان بەم دەستورەدا.

وا پێویست دەکات نەوەی نوێ خاوەن ناسنامەی راستەقینەی خۆی بێت. چونکە ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت ئێستا بەشێکین لە عێراق و ئەم وڵاتەش بەردەوام لەناو گێژاوەیەکی سیاسی دایە کە ئەمەش وا دەکات هەر هاوولاتییەك تەنها لەناو گێژاوەیەکی سیاسی بژی و تەنها لاپەرەکانی خوێن رشتن لەم ولاتە ببینێت و هەڵیبداتەوە. حالەتی سەقامگیری و بڵاوبوونەوەی خۆشی و شادی لە نێو عێراق ئەو کاتە بە تەواوی دێتە دی کە رق و کینە لە نێو هاوولاتیان و گەلانی عێراق نەمێنێت، و لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوانیاندا بکرێتەوە و ئەم مێژووە ناشرینەی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بچێتە زبڵدانەوە، بێگومان ئەم رق و کینەیەش لە دەسەڵاتی سیاسییەوە بەجێ دەمێنێت و رەنگ دەتاتەوە بەسەر هاوولاتیان، نەتەوەی کورد بەتایبەتی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بەدەست ئەو سیاسەتە چەوتەی سیاسەتمەدارانی عێراقەوە دەناڵن کە هەر سەردەمەکانی پێشوو تا ئێستاش نەتوانراوە بە شێوەیەکی راست و دروست حوکمرانی ئەم ولاتە بکەن و ئاسەوارەکانی ئەم سیاسەتانەش بەجێماون، ئەمەش بۆ ناسەقامگیری حالەتی سایکولۆجی هەر تاکێکی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە کە لە سەر یەك بڕوا و یەك ڕا کۆك

نین، ماوەیەك لەگەڵ یەك وەك برا دەژین و ماوەیەك شەڕو ناكۆكییانە، رۆژێك شەرو ناكۆكی لە نێوانیاندایە و دواتر ئاشت دەبنەوە. لەم ولاتەدا بەهۆی نەخۆشییە سایكۆلۆجیەكانەوە كەس مانای تۆران نازانێت بەڵكو هەڵدەچن و هەلوێستی توند بەرامبەر یەكتر وەردەگرن، هاوولاتی عێراقی دژ بە هاوولاتیەكی دیكەی عێراقی دەوەستێت، ئەمەش بۆ پەروەردەكردنێكی نادروست دەگەرێتەوە و ئەم پەروەردەیەش بۆ ناسەقامگیری سیاسی ئەم وڵاتە دەگەرێتەوە، ئەم رق و كینەیەش زیاتر لە نێو دەسەلاتدارانی عێراقیدا رەنگی داوەتەوە كە كار گەیشتۆتە ئەوەی بە هەزارەها هاوولاتی بەبیَ هۆ ئازارو ئەشكەنجەو لە سێدارە بدرێن و شوێن بزربن، جگە لەمەش بە ملیۆنەها هاووڵاتی ئەم ولاتە ئێستا لە دەرەوەی ولاتەكەیان ژیان بەسەر دەبەن، ئایا چارەنووسی ئەم هاووڵاتییانە چیە؟ ئایا بەتەواوی ئەمانە بە دابڕاو هەژمار دەكرێن لە ولاتەكەیان هەتا هەتایە یاخود دەتوانن بۆ ناو باوەشی ولاتەكەیان بگەرێنەوە، سەبارەت بە كورد تا رادەیەكی زۆر سەركردایەتی كورد توانیویەتی بەرگری تەواوی هاوولاتیانی خۆی بكات بۆ ئەوەی هاوولاتی كورد ناسنامەی خۆی بپارێزێت لەو ناوچەو شوێنانەی كە تێیدا ژیاوە و دەژییێت، بەلام سەبارەت بە هاوولاتیانی ناوچەكانی دیكەی عێراق، خەریكە ناسنامەی ئەم هاوولاتیانە تێكەڵ بە ناسنامەی ولاتانی دیكە دەبێت و ناسنامەی خۆیان بزر دەكەن، ئەگەر كار وا بڕوات ئەوا باس كردنی ناسنامەی نیشتیمانی تەنها خوێندنەوەی چیرۆكەكانی مێژوو و یادگاری باوك و باپیرانیان دەبێت.

## دڵۆپێک لە دەریای یاسا لە نقووم بوون دەتپارێزێت

ئافرەتێکی بێ گوناە کە ڕێگەی ژیانی بەرەو کۆتایی دەچوو، ڕۆژێك زۆر بەداماوی و بەسەرسامی دانیشتبوو و سەیری دەورو بەرو خۆی و دواتر سەیری ئاسمانی دەکرد، بێ ئاگا لە دونیا ئەگەر سەیرت بکردبا دەتزانی کە ئەم ئافرەتە لە جیهانێکدایە دووچاری زۆر لە گرفت و خەم وپەژارەو نەهامەتی هاتووە، کاتێك پرسیاری لێکرا کە بۆ وا داماوەو خەم و خەفەت بەرەو جیهانێکی دیکە بردوویەتی؟ هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە کە دووچاری هاتووە و ئەو کەسانەی کە زۆر لێی نزیکن فێڵیان لێکردووە، ئەو کەسانە کەسانێك بوونە کە وەکو خوشك و برای خۆی هەر لەمنداڵییەوە بەخێوی کردوون، وا وەسفیانی دەکرد هەر وەك لەخوێن و گۆشتی ئەو بن . ئەو ئافرەتە شەو نخوونی بۆ ئەو کەسانە کردووەو پەروەردەی کردوون، بەڵام ئەوان ئەو دڵسۆزی و نەرمی و بەوەفایی و بەرەحمی ئەو ئافرەتەیان قۆزتۆتەوە و چاویان چۆتە ئەو موڵك و سامانەی کە بۆی لە باوك و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە، ڕۆژێك ئەو کۆمەڵە کەسە وەکو گورگ لەپێستی مەڕ فێڵ لەو ئافرەتە دەکەن و زۆر بێ وەفاو بێ ڕەحمانە بەڵگەنامەیەکی پێ مۆر دەکەن و هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کە بۆ ماوەتەوە لێی دەسێنن و بێ بەشی دەکەن لە هەموو موڵکەکانی کە هەیەتی. دوای تێپەڕشبوونی ماوەیەك کڕیاری ئەو موڵکانە دەیەوێت بێتە ناو موڵکەکانی و داوای بەتاڵکردنی موڵکەکان لەو ئافرەتە هەڵخەڵەتاوە دەکات، ئافرەتە داماوو نەزانەکە پەنا بۆ یاسا دەبات، بەڵام یاسا لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە ئاگاداری خۆیان

نین و نازانن چۆن بەرگری لەخۆیان بکەن؟ ئایا یاسا لەگەڵ ئەو ئافرەتەیە کە بە نیاز پاکی و دڵ گەورەیی مامەڵەی لەگەڵ کەسانی زۆر نزیکی خۆی کردووە یان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هیچ لایەنێکی سۆزو خۆشەویستی و مرۆڤایەتییان لەدڵ دانەبووە، لەنێوان ئەم دوو لایەنانەدا پرسیارێکی زۆر لۆژیکی خۆی دەسەپێنێت و دەپرسێت کێ گوناهبارە؟ کێ زوڵمی کردووە و کێ زوڵمی لێ کراوە...... ئەو ئافرەتەیە کە خۆی زوڵمی لەخۆی کردووە و بڕواو متمانەی بەو کەسە فێڵ بازانە هەبووە... ئەو هەڵەیەی کردووە کە لەسەر یەکێك لە بەڵگە نامەکانی واژووی کردووە کە نەیزانیوە چییە. ئەم ئافرەتە بەراستی هەڵەی کردووە و نەیزانیوە ئەو چەکە چییە کە مافی دەسێنێت و دەستەبەری دەکات؟ کە ئەویش یاسایە. ڕۆشنبیری یاسا: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە سروشتی خۆی یەکتر تەواو دەکەن، و بەرژەوەندی لەنێو پەیوەندییەکانیش بەردەوامە بۆیە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە پێویستی بە ڕێکخەرێك هەیە کە لەژێر چەتری خۆیدا کۆی بکاتەوە و کۆنترۆڵی بکات بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانە زۆر ئاڵۆز نەبێت کە نەتوانرێت لێك جیا بکرێنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی مافەکان دیاری بکرێن... بۆیە یاسا پەیدا بوو بۆ پاراستنی مافی هەر تاکە کەسێك و دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئەو پەیوەندییانە، ئێمە تاك یان کۆمەڵ بە یەکەمین واتای یاسا هەژمار دەکرێین کە بۆ ئێمە و بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ دانراوە تا وەکو مافەکانمان بپارێزێت، هەروەها بۆ ئەوەیە کە بزانین چۆن ئەو چەکە، کە یاسایە کەی وە چۆن بەکاری بێنین.

یاسا پاسەوانێکی ئەمینە لە هەموو بوارەکانی ژیان بۆیە پێویستە هەموو سیفەتەکانی پاسەوان بزانیین بەر لە بەکار هێنانی. رۆشنبیری یاسا بۆیە زۆر پێویستە بۆ مرۆڤ بەر لە هەموو شتێك لە ژیاندا. رۆشنبیری یاسا لە کۆمەڵگەکانمان نیمچە نەبوونە، تەنها بەشێکی زۆر دەگمەن لە نێو کۆمەڵگە دەیزانن چونکە زۆر بەگرنگی نازانیین، یاسا تەنها بۆ دادوەرو دادوەران نییە بەڵکو مافی هەموو کەسێکە لە کۆمەڵگە و بۆیە تا وەکو دووچاری پەشیمانی نەبووینەتەوە دەبێت بە باشترین هاورێی خۆمان دایبنێین بەر لەوەی یاسا ئێمە بکاتە دوژمنی خۆی.

## جیهانگیری و کاریگەرییەکانی

سەردەمی جیهانگیری، گۆرانکارییەکان خێران، پێشکەوتنەکان خێران، پەیوەندییەکان ئاڵۆزن، بەرژەوەندییەکان لە پێشەوەن، پەیوەندییە ئابوورییەکان سەرقافلەی پەیوەندییەکانن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە دواوەی هەموویانەوە دێن، چونکە خێرایی تەکنەلۆژیاو هەموو بوارەکانی گەیاندنی ئەم سەردەمەی جیهانگیری زۆر خێراترە لە پێشکەوتنەکانی خودی مرۆڤ، ئەو ناهەوسەنگییەی نێوانیان دەبێتە هۆی زاڵبوونی لایەك بە سەر ئەوی دیکەیان، لە سەدەکانی رابردوو وڵاتان بە رووی یەکترەوە داخراو بوون، هەر ولاتەو لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی خاسیەت و خەسلەتی خۆیان هەبوو میللەتانی جیهان تەنها لە کاتی گەشتکردندا شارەزایی سیماو خەسلەتەکانی یەکتر دەبوون یان لە رێگەی بازرگانی کردن، بەڵام ئەمڕۆ سنوورەکانی نێوان وڵاتان بەزێنراوە لە رێگەی جیهانگیریەوە، هۆیەکانی گەیاندن وا پێشکەوتووە کە

تۆرەكانی  چۆتە نێو ماڵی هەموو تاكێكەوە، پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی و فەرهەنگی زۆر بە ئاسانی لەم ڕێگەوە ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت، بەڵام ئەوەی دەبینرێت كە لە نێو خودی یەك كۆمەڵگەدا بەتایبەتی كۆمەڵگە پێشكەوتووەكان ئەم خێراییەی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا سودێكی ئێجگار گەورەی گەیاندووە، بەڵام زۆر كۆمەڵگەش هەن كە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی دووچاری كێشەو گرفتی زۆر گەورە كردۆتەوە. لە وڵاتێك خۆپیشاندان دەكرێت بەیانی وڵاتەكەی دراوسێی دەگرێتەوە ، پەتایەك بڵاو دەبێتەوە لە ناوچەیەك ، بۆ چەند كاتژمێرێكی كورت ناوچەیەكی نزیكی دووچاری هەمان پەتا دەكاتەوە، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، كە قوربانی ئەم سەردەمەی جیهانگیرییەیە بۆتە هۆی نانەوەی زۆر لە كێشەو گرفتی خێزانی و لێكترازانی خێزانەكان و كۆمەڵگە، پەیوەندییەكانی تاكەكانی نێو خێزانێك لێكترازاوە، منداڵ گوێ لە دایك و باوك ناگرێت، كاتێك لە سەردەمەكانی رابردوودا باوك و دایك سەرچاوەی زانیاری گەیاندن بوون بۆ منداڵەكانیان، ئەمڕۆ منداڵ گوێبیستی دایك و باوك نابێت و خۆیان زانیاری لەملاو لەلا وەردەگرن، پێویستییان بە دایك و باوك نەماوە، داب و نەریت و مێژوو هەر باسی مەكە كەس دانی پیا نانێت، خۆشەویستی خاك و نیشتیمان مەگەر لە بۆنەكان بە درۆ یاد بكرێتەوە، قەدر گرتن لە یەكتر، بچووك لە گەورە، قوتابی لە مامۆستا، فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرەكەی باوی نەماوە، ئەو زەمان رۆیی، دراوسێ یەعنی چی؟؟ ئەم ووشەیە لە فەرهەنگدا نەماوە، خزمایەتی تەنها لە بۆنەكانی بووك

گواستنەوە و تازیەکان بوونی هەیە، رەوشت بەرزی مانایەکی ئەتۆی نییە، قسەی کۆنەی جاهیلانە، خواردن و خواردنەوە وەکو جاران نەماوە کە خێزانێك دابنیشن پێکەوە نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بخۆن، هەر تاکەو بۆ خۆی نان دەخوات و کەس نازانی لە کوێ دەخوا و هەر دەگوترێ نانم خواردووە، پۆشینی جلی رەسەن، بۆتە عەیبە، ساڵێ جارێك بۆ یادکردنەوە دەپۆشرێ، جاران کەسێك لە ماڵ کە زیاتر باوك بوو هەموو خەرجیەکی ماڵی دابین دەکرد و دەیزانی کە چۆن ئەم برە خەرجییەی کە دەستی دەکەوێت لە کوێ سەرفی دەکات، بەڵام ئێستا هەر کەسەو بۆ خۆیەتی ئەگەر لە خێزانێکدا هەموویان کار بکەن یەك گیرفان نییە و کەسیش نازانێت ئەم خەرجییەی خێزانێك چۆن سەرف دەکرێت و بەچی دەدرێت کاری خراپی پێ ئەنجام دەدرێت یان نا؟؟ ئەگەر تەنها کەسێکیش لە ماڵ کار بکات ئەوا ماڵی وێران دەبێت، چونکە تەنها کارتی مۆبایلەکانی خێزانێك ئەگەر ٤ سەر خێزان بن ئەوا دوو رۆژ جارێك ٢٠ هەزار دیناری دەوێت بۆ ٤ کارتی ٥ هەزاری، ئەم پێشکەوتنە خێراییەی کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هاتۆتە ئاراوە لە سەردەمی جیهانگیریدا، زۆربەی ئەم وڵاتانەی کە ناسەقامگیری سیاسی تێدایە و سیستەمێکی سیاسی و ئابووری جێگیریان نییە ئەوا زەرەرمەندی یەکەمن. گواستنەوەی کاڵەکان و سیستەمی نوێی ئابووری و چالاکیەکانی کۆمپانیاکان زۆر خێران، هەموو پێداویستییەکانی ژیان لە گۆرانکاری ریشەیی دان و زۆر بە خێراییش، قوڕ بە سەری کاسبکار هەر دەبێت لە رێگا بێت و مۆدێل و ستایلەکانی ژیانی بگۆڕێت، دەنا بەپاش دەکەوێت

و کەس مەرحەبا و سەردانیشی ناکات و پێی دەڵێن دواکەوتووە، لە عەسری حەجەری دەژییێت، فەرمانگەو دەزگا حکومییەکان پێویستە هەموو ساڵێك سەر تا ژێر نۆژەن بکرێنەوە و مدیر عامی نوێ لە سەر قەنەفە کۆنەکانی مدیری پێشوتر دانانیشێت پێی عەیبە. ئەمەی کە تیشکم خستە سەر دڵۆپێکە لە دەریایەك، تەنها بەشێکی کەمی کاریگەرییەکانی جیهانگیرییە بە سەر هەر تاکێکی ئەم جیهانە، لایەنەکانی دیکە زۆر فراوانترن بەتایبەتی لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، کەسیستەمەکان بەتەواوی گۆرانکاری بەسەردا دێت ئەگەر هاتوو خۆگونجاندنێك نەبێت لەنێوانیاندا، پێویستە تاکەکان و دواتر کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی و سیستەمی فێرکردن و پەروەردە هەموویان تێکرا نەکەونە نێو گێژاوێك هەر وەك ئێستا هەیە، بەڵکو شان بەشانی گۆرانکارییەکان برۆن و هاوتەریب بن لە گەڵ سیستەمی نوێی جیهانی، ئەگینا ئەم لێکترازانەی کە روودەدەن هەموو جومگەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و تێکرای بوارەکان دەگرێتەوە. لە کۆتاییدا دەتوانیین بڵێن کە پرۆسەی جیهانگیری پرۆسەیەکە هەموو ناوچەو نەتەوە و شارستانەکان دەگرێتەوە و ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەستکەوت و قازانجەکان بۆ هەمووان دەبێت ئەگەر هاتوو تێیدا بەشدار بن، بەپێچەوانەشەوە ئەوەی لەناو پرۆسەکە نەبێت ئەوا کێشەو گرفتەکانی رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوون دەکەن و پرۆسەکە بە زەرەری هەرە گەورە تەواو دەبێت.

## خێزان و قوتابخانە پێکەوە لە پێناو بنیادنانی نەوەیەکی رۆشنبیر

ئەمڕۆ ئەم دروشمە یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەی ئێمە چونکە وەك ئەوەی هەستی پێدەکرێت درزێك کەوتۆتە نێوان خێزان و قوتابخانە کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە، یەکێك لە هەنگاوەکانی چاکسازی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەستنەوەی ئەم دامەزراوەیە بە خێزانەوە، چونکە قوتابخانەو خێزان دوو بنەمای سەرەکین لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا و یەك یەکتر تەواو دەکەن و یەك ئامانجی هاوبەشیان هەیە ئەویش پەرەپێدان و گەشەسەندنی مرۆییە لە کۆمەڵگەدا. پەروەردە کردنی منداڵ خێزانەوە دەستپێدەکات، واتا سەرەتاکانی پەروەردە لەناو خێزانەوە سەرهەڵدەدات، بەردەوامی پەروەردەکردنیش تەواو نابێت بەبێ بوونی قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، واتا قوتابخانە رووەکی دیکەی گەورەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە لە پێگەیاندنی نەوە دوای نەوە ، قوتابخانە کەسایەتی ئەو قوتابییە لە رووی ئاستی بیرو هۆش و رۆشنبیری و داب و نەریت و شارستانیەتی مێژوویی و فەلسەفەی فێرکردن و بنەماکانی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ستراتیژیەتی کۆمەڵگە لە دڵ و بیروهۆشی جێگیر دەکات. کەواتە قوتابخانە تەواو کەری خێزانە لە پێشکەشکردنی خزمەتە پەروەردەییەکان دوای تێرکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی قۆناغەکانی گەشەسەندنی جەستەیی و عەقلی و کۆمەڵایەتی تا دەگاتە پاراستنی ناسنامەی نیشتیمانی. بوونی ستراتیژیەتێکی هاوبەش و تەواو کەری یەکتر لە نێوان خێزان و

قوتابخانەدا هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو خودی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەش. ژیانی نێو قوتابخانەش هەر چەند فراوانترە بەڵام وەك خێزان کۆمەڵگەیەکی بچووکە، لە چوارچێوەی سیستەمێك و یاسادا ڕێکخراوە.

قوتابخانەو خێزان دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتین پابەندن بەوەی گرێبەست لە گەڵ یەکتردا بکەن و پردێك لە نێوان یەکتردا دروست بکەن کە بەرهەم و دەرەنجامی بۆ هەر دوو لا هەبێت. با دروشمی ((خێزان و قوتابخانە پێکەوە لە پێناو بنیادنانی نەوەیەکی رۆشنبیر)) بەرز بکەینەوە، چونکە ئەو دوو دامەزراوەیە هەر چەند بە چەندین دامەزراوەی دیکە تێکەڵ دەبن وەك دەزگا راگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەندین کەناڵی جیاجیا، بەڵام قوتابخانەو خێزان، لە پێشەنگی هەموو ئەم دامەزراوانەن و رۆڵیان زیاترە.

## ئایا پەروەردە کردن تەنها ئەرکی دامەزراوەکانی پەروەردەیە

بە تەئکید نەخێر پەروەردە لە نێو خێزانەوە دەستپێدەکات، دایك و باوك، کۆمەڵگە، میدیاکان، پیاوانی ئاینی، تەواوی دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت رۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی مرۆڤ و پەروەردە کردنی، هەر کەموکورییەك رەنگدانەوەی نەرێنی دەکاتە سەر خودی مرۆڤ، جگە لە دامەزراوەکانی حکومەت، تەواوی کۆمەڵگە و ژینگەی منداڵ و قوتابی هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنێکی تەندروست و پەروەردەیەکی تەواو.

بۆیە با هەمووومان قۆڵی بۆ هەڵکەین، با کۆمەڵگە لەو نەهامەتییە رزگار بکەین، بەراستی هەموو تاکێك هەست بە کەموکورییەکان دەکات.

## پەروەردە پێویستە

کۆمەڵگاکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا نازانێت پێداویستییە بنەرەتیەکانی ژیان چین، ئاشکراشە کە پەروەردەو فێرکردن وەکو پێویست گرنگی پێنادرێت و هیچ پلانێك و سیاسەتێکی ستراتیژی بۆ گەشەسەندنی پەروەردە دیار نییە. زۆر گوێبیستی وتاری جوان دەبین لەم بوارەدا بەڵام لەرووی کردەییەوە هیچ بەرهەمێکی جوان نەبینراوە. تا ئێستا ئایندەی نەوەی ئێستا و داهاتوو بزرە کە ئایا چۆن وڵات بەرێوە دەبەن و کێشەو گرفتەکان چۆن چارەسەردەکرێن ،بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ لە گۆرەپان هەن، بەڵکو هەست دەکرێت کە کێشەکان روو لە زیادبوون دەکەن.

فێربوون مافێکی بنەرەتییە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان، بەڵام فێربوونێکی سەردەمیانە نەك تەنها کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی مامۆستا و کردنەوەی پۆلی زیاد و دابەشکردنی پەرتوك و هتد. بەڵکو ئەمانە کاری ئاسایی پرۆسەی فێرکردنە و ساڵانە دووبارە دەبنەوە، پێویستە فێرکردن پلانی تۆکمەی بۆ دابرێژرێت و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکرێت و کێشەو گرفتەکان خاڵیان لەسەر دابنرێت و دەستبەجێ چارەسەربکرێت و بنبڕ بکرێت و دووبارە نەبێتەوە. راستگۆیی فێرکردن لە وڵاتی ئێمەدا لە مەترسیدایە و جێگەی گومانە. چونکە ساڵانە بە هەزارەها قوتابی لە کۆلێژو پەیمانگاکان دەردەچن بەلام ناتوانن لە بازاری کار خۆیان بدۆزنەوە. تەنها ئەوەی وەردەگرن بڕوانامەیەکی کارتۆنییە و هەڵیدەواسن. بەواتا تەقلیدیەکەی نەخوێندەواری خەریکە نەمێنێت، بەڵام نەفامی و

نەزانی لەلایەن خاوەن بڕوانامەکان بڵاوبۆتەوە. ئەمە تەنها لەلایەن فێرکردنەوە، ئەی پەروەردە کە پێش فێرکردنە، لەم رووەش کەموکوڕییەکی زۆر هەیە. پەروەردە بنیادنەری رەوشت و بەهای کۆمەڵایەتی و رێزگرتنی بەرامبەر و مومارەسەکردنی دیموکراسیەتێکی راستەقینەیە. پەروەردە پەرتوکێك و تاقیکردنەوەیەکی سەرکاغەز نییە بەڵکو دادپەروەری و رێزگرتن و بەشداریکردنە لە ژیان، پەروەردە قەڵغانێکە دژی گەندەڵی کە خەریکە سەقامگیری کۆمەڵگەمان دەشێوێنێت، ئەگەر لە فێرکردندا جولەیەکمان کردبێت بەڵام لە پەروەردەدا شکستێکی گەورەمان بەخۆوە بینیوە، تەنها پەروەردە ناوی ماوە و ناوەرۆکەکەی هیچی تیا نییە.

## مەرج نییە کەسی سیاسی کەسێکی کارگێری سەرکەوتوو بێت

ئاشکرایە کە ئیدارە و رێکخستنی کاروباری هەر تاکێك یان کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك گرنگییەکی زۆری هەیە ، تاك یان کۆمەڵ یان نەتەوە پێویستی بە پلان هەیە بۆ مسۆگەر کردنی ئایندە. پێشکەوتنی ئیدارە لە کۆمەلگەدا پەیوەستە بە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو پێشکەوتنەش چ لە بواری سیاسی یان ئابووری یان هەر بوارێکی دیکە بێت یان بۆ هێنانە دی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت. ئێستا ئیدارە بۆتە زانستێك و لە گشت بوارەکان لەلایەن زانایان و لێکۆڵەرەوەکان گرنگی پێدەدرێت. ئیدارە پێش هەموو شتێك پلان و رێکخستنە و پلان ئامانجەکان دیاری دەکات، رێکخستنی ئیداریش بنەمایەکی دیکەی ئیدارەیە کەپشتی پێ دەبەسترێت، رێکخستن باشترین

سەرچاوەیە کە ڕێگا خۆش بکات بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانمان بگەین لە ڕێگەی بەکارهێنانی وزەی مرۆیی. دواتر سەرکردایەتی ئیداری کە هەستیارترین پێویستی ئیدارەیە کە ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە سەرکەوتنی دەزگا ئیدارییەکان، هەروەها هەماهەنگی کردن لە دانانی پلان و وەرگرتنی بریار لەلایەن سەرکردەی ئیداریدا و ڕێکخستنی کاروبارەکان پێویستییەکی دیکەی سەرخستنی ئیدارەیە. پاشان چاودێری کردنیش بە ئەرکێکی ستراتیژی دادەنرێت لە نێو کاروباری ئیداریدا چونکە پەیوەندی بە پلان و ڕێکخستن و بەرپرسیاریەتی سەرکردەی ئیدارییەوە هەیە. ئەمە سەرەتاییەکی چەمکی ئیدارەیە کە پێویستە هەر تاکێکی کورد بیزانێت کە بەداخەوە نەك هەر تاکێکی کورد بەڵکو کەسانی ئیداریش لە هەرێمی کوردستان بنەماکانی ئیدارە نازانن. ئەوەی لێرە مەبەستی منە کە تیشکی بخەمە سەر، ئێمەی کورد لەم هەرێمەدا تەنها فێری سیاسەت کراوین لە سیاسەتدا پلەی نایابمان بە دەستهێناوە، کارێکی خراپ نییە کە هەر تاکێك کەمێك لە سیاسەت بزانیت. سەرکردەکانی ئێمەش بەباشترین شێوە سیاسەت دەکەن و ئەمڕۆ لە هاوکێشە سیاسییەکان سەنگی خۆیان هەیە، بەڵام دانایی و زانایی سیاسەتمەداران لە هەرێمی کوردستان بەس نییە، چونکە ئەمڕۆ هەرێم پێویستی بە لایەنی دیکە هەیە کە پێویستە لەم لایەنانەش زانا و شارەزا بین و فەرامۆشی نەکەین، گرنگی ئەم لایەنانەش هیچی کەمتر نییە لە سیاسەت کردن ئەویش ئیدارەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی حکومەتە، دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، پێویستیمان بە سەرکردەی ئیداری هەیە چونکە

سەرکردەی سیاسی مەرج نییە سەرکردەیەکی ئیداری سەرکەوتوو بێت. ئیدارە هونەرێکە و شارەزایی پێویستە. زۆر لە بەرپرسانی ئیداری هەرێمی کوردستان کەسانی حزبی و کەسانی سیاسیین ، لاوازن لە ئیدارە و لە چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی وڵات. من بەردەوام گوتومە ئیدارە رۆڵی لە سیاسەت کەمتر نییە. بۆیە پێویستیمان بە سەرکردەی ئیداری و کەسانی شارەزا هەیە لەم بوارەدا.

بە دەوڵەت بوونی کورد خەون نییە، وا تروسکایی بەدەوڵەت بوون بەدیار دەکەوێت، بۆیە تا زووە با دەسەڵاتی سیاسی خەمێك بخوات کە چۆن ئیدارەی ئەم هەرێمە بەباشترین شێوە بەڕێوە ببات دوور لە بە حزبی کردنی دام و دەزگا ئیدارییەکان و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو و لادانی ئەو کەسانەی کە یاری بە موقەدەراتی میللەت دەکەن و خۆیان شوێنی یاسا دەگرنەوەو پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بۆتە دەستووری ئەم وڵاتە.

## رۆژهەڵاتی ناوەراست و دیموکراسیەت

دیموکراسیەت وسیستەمی حوکمرانی ودامەزراوەکان وهەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات وفرەحزبی وئازادی رادەربڕین، دوای سیستەمێکی دکتاتۆری، ئاسان نییە وپێویستی بە رۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەیە، زۆر جار بەهۆی شکست هێنان لەگۆرانکاری بەرەو دیموکراتیەت، کۆمەڵگە تامەزرۆی دیکتاتۆریەت دەبێتەوە وهەست بەنائومێدی دەکات وواقیع بەشێوەیەکی دیکە دەبینێت کەروون وئاشکرا

نییە، چونکە وای تێگەیشتوون کە بە نەمانی دیکتاتۆریەت هەموو خەونەکان دێتەدی، بەڵام ئەو ئاهەنگ گێرانەیان بۆ نەمانی دیکتاتۆریەت خۆشیەکی کاتی دەبێت، چونکە رێگەی دیموکراسیەت پێویستی بە نەفەسێکی درێژ هەیە.

دیموکراسیەتیش کۆتایی بە گەندەڵی ناهێنێ لەوانەیە لەسەردەمی دیکتاتۆریەتدا سنووردار بێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی دیموکراسیەت کەناڵەکانی کۆنترۆڵکردنی ماڵ وسەروەتی گشتی لاواز دەبن. دیموکراسیەت دەسەڵات بەسەر چەندین لایەن دابەش دەکات وبەدەست چەند کەسانێکەوە نامێنێتەوە ئەمەش بوار دەرەخسێنێت کەخۆ دەوڵەمەندکردنی نایاسایی زیاد بکات. زۆری کوتلەی سیاسی لەپەرلەمان وا دەکات کەس نەتوانێت ئەندامێکی کوتلەیەك سزا بدات بەهۆی گەندەڵیەوە. دەرەنجام هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ئەوەی هەیە لەوناوچەیەدا.

## کەس بۆ خۆی ناژیت

تا منداڵی ڕێڕەوی ژیانت بۆ داڕێژراوەو ئاڕاستەت دەکەن، کاتێکیش هەست بە ژیان دەکەیت بۆ هەر هەنگاوێک حیساب بۆ هەزار شت دەکەیت . بۆ ئەوەی زیاتر هەر کەسێک بزانێت کە بۆ خۆی ناژیت با تەواوی ساتەکانی بێنێتە بەر چاو. کاتێک گوێت لە قسەیەکی نابەجێ دەبێت لە خزمێک کەسێکی نزیک دەڵێی با وەڵامی نەدەمەوە عاجز دەبێت. گەر بچیتە بۆنەیەک دەبێت خۆت پۆشتە بکەیت تا نەڵێن نیەتی

با ڕێک دیار بی ـ ئەگەرنەبوونیش بیت گەر میوانت هات قەرزیش بکەی دەبێ باشترین خواردن و جۆرەها خواردنەوەی بۆ دابنێی ـ خۆت لە هەموو بابەتێک هەڵقورتێنی بۆ ئەوەی نەڵێن ڕۆشنبیر نیە ـ کاتت هەمووی تەرخان بکەی بۆ خزم و کەس بۆ بۆنەکانیان ـ گەر ئامادەی بۆنەکەی نەبیت نابێت گلەیی دەکەن ـ لەکاری ئیداری نەرم بیت بۆ ڕازی کردنی خەڵک قەد شتی وا بووە ؟

هەمووی بۆ خاتری ئەو و ئەم ـ ئیتر ژیان بۆ خۆتە یان بۆ خەڵک ؟

من گوتومە و دەیڵێمەوە کەس بۆ خۆی نەژیاوە و ناژیت ئینجا گاڵتە بە مرۆڤی ڕۆژئاوایی دەکەین کە خەڵکێکی کۆمەڵایەتی نین ـ نەخێر ئەوان دەزانن چۆن دەژین. هەر شتێک حەقی خۆی دەدەنێ ـ بەڵام ئێمە لە ناو گێژاوێکین نازانین بۆ چی ڕادەکەین؟

نە دونیامان دونیایە ـ قیامەتیش هەر هیچ

هێشتا مرۆڤ لای ئێمە نەمردیە دەڵێن یاسینێکی لە سەر بخوێنن.

## پەروەردەی خێزان

هەندێك لە باوکان و دایکانی کۆمەڵگاکەی ئێمە وا دەزانن بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵان ، تەنها دابینکردنی خواردن و خواردنەوەیە ، هەر وەك چۆن کەسێك ئاژەڵێك بەخێو دەکات تەنها مەبەستی ئەوەیە کە گەورە بێت و سوودێکی هەبێت لە گۆشت و بەروبوومەکانی، هەندێك لە باوك و دایکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، تەنها دەیانەوێت منداڵەکەیان گەورە بێت و ببێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی پارەو پول. بەهیچ شێوەیەك گرنگی

به لایەنی پەروەردەیی نادەن ، ناتوانن کەسایەتییەك بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن کە نەك تەنها سوودی بۆ خۆی هەبێت بەڵکو ببێتە ئەندامێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەو خزمەتێکی کۆمەڵگە بکات و کەسێکی زانا و دانای لێ دەربچێت . بەشێك لە دایك و باوکان نازانن منداڵەکانیان پۆلی چەندن و چی دەخوێنن و ئایا دەوامی قوتابخانەکانیان دەکەن یاخود نا ؟ ئایا هاورییەتی کێ دەکەن ؟

نازانن پەروەردە واتای چییە ؟؟ فێربوون هەر مەپرسە ، نەك نازانن چی دەگەیەنێت بەڵکو بیریشی لێناکەنەوە ، هەر ئەوەیان دەوێت کە منداڵ لە کۆتایی ساڵ بێتەوە بڵێ دەرچووم ، ئەگەر منداڵەکەش هەست بە نیگەرانی کرد ئەوا باوك و دایك پەنا بۆ قوتابخانەو مامۆستایان دەبەن کە دەریان بچوێنن ، ئەوجا هەیە نازانی قسەش بکات وا دەزانێ چۆتە بازار ، دەڵێ : مامۆستا بە هیمەت بێت یان بە قیمەت دەبێ عیلاجێك بکەی......

ناچی عیلاجی خۆی و خانەوادەکەی و منداڵەکانی بکات.

هیوادارم دایك و باوکان لەو خەوە قوڵە بە ئاگا بێنەوە ، ئۆباڵی ئەو منداڵانە لە ئەستۆ بگرن ، لە جیاتی خواردن و خواردنەوە ، پەروەردەیەکی راست و دروستیان بکەن ، نەبنە پاشکۆی منداڵەکانیان بەڵکو پێشڕەو بن پێشەوایەتی منداڵەکانیان بکەن.

## واقیع بین به

ئەمڕۆ هەر تاکێك لەو کۆمەڵگەیە ئازادە لەدەربڕینی بۆچوونەکانی، ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە، بەڵام شتێك هەیە کەزۆر دڵگرانم دەکات، ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی کە بابەت یان پۆستێك یان قسەی ناودارێك لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە خۆیان باوەڕیان پێ نییە، ئێ دەزانی بەر لەوەی کەسی بەرامبەر هەڵبخەڵەتێنی خۆت هەڵخەڵەتاندووە، بۆ واقیع بین نابیت؟؟ چۆن بیر دەکەیتەوە بەم شێوەیەش پەیامەکەت بڵاو بکەوە، تا وەکو هەموومان لەیەکتر بگەین، هەوڵ بدەین بەبیرکردنەوەی جیاجیا لەیەکتر نزیك ببینەوە وبیرۆکەیەکی یەکگرتوو دروست بکەین. بەڵام کاتێك دەبینم باڵت داوەتە فیل و دەیفرێنی، دەزانم کە تۆ دووری لەواقیع و دووچاری نەخۆشییەك بویتەوە ئەویش ئیزدیواجیەتی کەسایەتییە، واتا لەواقیع ئەو کەسە نیت کەخۆت وا دەردەخەیت. ئەوەی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیس بوك دەیبینین، ئەگەر هەموومان واقیعیانە وراستگۆ بین، ئەوا لەپێشەوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەبین، بەڵام راستییەکەی وا نیە و لەخەیاڵ دەژین ودوورین لەواقیع.

ئەگەر حەز دەکەیت پێت بڵێن شاعیر یان نووسەر یان رۆژنامەنووس، ئەوا من پێت دەڵێم، بەڵام درۆ لەگەڵ خۆت و بەرامبەر مەکە، واقیع بین بە با رێز لە نەتەوەو خاك و نیشتیمان بگرین رەحم بە دوژمن مەکە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدە خۆت لێ بپارێزی و پلانەکانت چ بە هێز چ بە تاکتیك چ بە عەقل و مەعریفەت بەکار بهێنە بۆ زاڵ بوون بە سەریدا، مەبەستیش لە دوژمن، ئەو هێزو لایەنانەی کە غەیرە کوردن و

هەوڵ دەدەن غەدر لە کورد بکەن و بە عەقلیەتێکی شۆڤینی مامەڵە لە گەڵ مەسەلەی کورد دەکەن..

بەڵام داخ و هەزاران داخ ئێمە لە نێو خۆماندا وەکو کورد زۆر جاران دەکەوینە دژی یەکتر و ناوزراندی یەکتر، کە بەلای من وەك کەسایەتییەکی پەروەردەیی، بۆ نادروستی پەروەردەکردن و قەدر نەگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، نەتەوە و خاك و نیشتیمان و بەها پیرۆزە کۆمەلایەتییەکانمان لە بیر کردووە و زۆر جاریش بە ناهەق و بە رق و کینە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەین، کە هێشتا ئەزموونەکەمان بەهۆی ناسەقامگیری عێراق و ناوچەکە گەڵاڵە نەبووە و نەبووینەتە کیانێکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ. شەڕ دژی یەکتر دەکەین بۆ بەدەستهێنانی پۆست و پێگەی سیاسی.

با لە گەل یەکتر تەبا بین و بە شێوازێکی جوان و رێك و پێك مامەڵە لە گەڵ یەکتر بکەین، پۆست بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن نییە وەکو ئێمە وای بۆ دەچین، پۆست بەرپرسیاریەتییە و ماندوو بوونەو خزمەت کردنە و مێژووە. با سادەو ساکار بژین و چاوێکمان لەو میللەتە بێت کە بە دەیەها ساڵ بوو خێرو خۆشی نەبینیبوو، وا ئێستا خەریکە هەناسەیەکی ئازادی هەڵدەمژێت.

**بۆ توندڕەوانی ئاین**

یەکێك لە کێشەو گرفتەکانی توندڕەوی لە ئایندا، دەرهێنان و خوێندنەوە و کارپێکردنی بەشێکی بچووك و کەمە لە کۆی چەمکی ئایەتەکانی قورئان.

کەسانی توندرەو ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەوەی مەبەستیانەو ئەیانەوێ ئەنجامی بدەن لە ناوەرۆکی قورئاندا هاتووە.

لە واقیعدا شتێك هەیە پێویستە بزانیین کە قورئان رستەیەکی تەواوکەرەو لێك دانەبراوە واتا نابێت لێك داببڕدرێت. قورئان تۆرێکە هەموو بابەتەکانی بە یەکەوە بەستراون. چونکە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە، ژیانیش هەموو بوارێك دەگرێتەوە.

داعش یەکێکە لەو رێکخراوە تیرۆریستیانەی کە بەم شێوەیە سوود لە بەشێك لە قورئان وەردەگرێت بۆ ئەوەی مەرامە گڵاوەکانیان بهێننە دی.

قورئان پێویستە هەمووی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی لە واتا راستەقینەکەی بگەیت.

لە بەرنامەیەکدا زانایەکی ئاینی گێرایەوە و گوتی: گەنجێك کە بیرۆکەی داعشی هەڵگرتبوو پرسیارێکی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ئاراستەم کرد کە ئایا ئیسلام فەرمانی نەداوە جیهاد و شەڕ بکەین بەرامبەر بەو کەسانەی دژی ئیسلامن ؟

زاناکە وەڵامی دایەوە ئەوە یەکەم هەڵەیە کە کردت، ئیسلام جیهاد و شەری لێك جیاکردۆتەوە، جیهاد واتا هەوڵدان و بنیادنان بەخشینە و شەریش واتا رووبەرووبوونەوەی دوو سوپا. گەنجەکە چەند ئایەتێکی

هێنایەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی دوور لە ئاینی ئیسلام ئەرکە. لە وەڵامدا زانا ئاینیەکە وەلامی دایەوە ئەوە دووەم هەڵەیە کە تێیکەوتووی. شەر کردن دژی ئەو کەسانە دەکرێت کە دەستدرێژی دەکەنە سەرتان نەك دەستدرێژی بکەیتە سەریان. شەر لە ئیسلامدا بۆ بەرگری کردنە نەك هێرش کردنە سەر خەڵکی بێ گوناه. وەك لە ئایەتێکدا هاتووە ((لا تعتدوا ان الله لا یحب المعتدین)) گەنجەکە ووتی ئێ باشە داعش بەرگری لە خەڵکی ئیسلام دەکات دژ بەوانەی کە زولمیان لێ دەکەن.

لە وەڵامی زاناکە ووتی: ئەوە هەلەی سێیەمە کە تێی کەوتووی و تۆ تەواوی قورئانت نەخوێندۆتەوە و وەك لە دوای ئەو ئایەتەی پێشتر هاتووە و دەڵێت ((فمن اعتدی علیکم فاعتدوا علیه)) واتا دەستدرێژی نەکەیتە سەر رۆژنامەنووسێك یان خەڵکی سڤیل و ئافرەت و منداڵ و هەر تاکێك تەنها وەڵامی ئەو کەسانە بدەنەوە کە شەرتان پێ دەفرۆشن.

هەروەها بەر لە هەر شەرێکیش پێویستە ئەوە بزانیت کە ئیسلام داوا دەکات مافەکان بە ئاشتی بە دەست بێت. وەك هاتووە ((یا ایها اللذین امنوا ادخلو فی السلم کافە)) واتا هەموو دەرگایەك لێدە بە ئاشتیانە بۆ وەرگرتنی مافەکان دوای مشت و مڕێکی زۆر گەنجەکە ووتی ((تۆ هەموو مانای جیهادت سریەوە)) زانا ئاینییەکە گوتی: جیهاد تا دوا رۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت و لە واتام کەم نەکردۆتەوە بەلام هەر سەردەمێك و شێوازی خۆی هەیە و چەند نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی: خەلیفە عومەر کوری خەتاب کاتێك پیاوێك دەبینێت کە خەریکی

کارکردنه له پیشەی خۆی و کارەکەی بەجێدەهێڵێت و بە عومەر کوری خەتاب دەڵێت دەچم بۆ جیهاد. له وەڵامدا عومەر کوری خەتاب وەڵامی دەداتەوە دەفەرموێت ئەی ئەوەی کە تۆ ئەنجامی دەدەیت و کار دەکەیت جیهاد نییە؟

نموونەیەکی دیکە، عومەری کوری خەتاب، سوفیان بن مالك دەنێرێتە بەسرە بۆ ئەوەی ببێت بە والی بەسرە دوای ساڵێك دەگەرێتەوە لای عومەر کوری خەتاب و پێی دەڵێت ئەمەوێ بچم بۆ جیهاد و له وەڵامدا عومەر کوری خەتایب پێی دەڵێت ئەدی تۆ لەو ماوەیەدا له جیهاد نەبووی؟

من زۆر سەرسام بووم بەم زانا ئاینییە ناودارە کە چۆن گەنجێك له هەڵگرتنی بیرو بۆچوونی توندرەوی رزگار دەکات. پێویستە پیاوانی ئاینی و ئەوانەی لێرە بە هەر شێوەیەك چ پارتێکی ئیسلامی یان رێکخراوێك بێت بتوانن وەك ئەو پیاوە ناودارە ئاینییە، زۆر جوان بیرۆکەی توندرەوی له بیرو هزری هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بسرنەوە بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەوە.

## سەقامگیری پێویستە

هیچ کاتێك شەڕ بەرۆکی عێراق و عێراقیەکان بەرنادات. خەڵکی عێراق نازانێت قەبارەی زیانەکانی کاوڵکاری جەنگ چین، هەست بە دواکەوتوویی ناکەن. کاتێکیش عێراقیەکان بێ شەڕ دەبن، هەست دەکەن بێ کارن تامەزرۆی دەبن، بۆیە له جیاتی خەڵکی دیکە و وڵاتانی دیکە شەڕ دەکەن.

ئایا کەی ئاشتی لەم وڵاتەدا بەرقەرار دەبێت دوور لە ترسان و تۆقاندن و قبوڵ نەکردنی یەکتر ، زەنگی شەڕ کەی بە کۆتا دێت، کەی سروودەکانی سەرکەوتن لە جەنگدا گوێبیست نابین.

لە هەر شوێنێکی دونیا بیت، بەس شوێنێك بێت ستراتیژی نەبێت و سەروەت و سامانی لیَ نەبێت زۆر لەوە باشترە بێگانە وەکو سەگی هار پەلاماری ئەم وڵاتە بدات.

برس و تێنوو بیت تەنها وڵاتەکەت سەقامگیر بێت و سەرکردەکانی وڵاتەکەت ژیر و ئاشتیخواز بن. مرۆڤ بەهای خۆی هەبێت و بێ نرخ نەبێت.

تۆمرۆڤیت ؟ ئەگەر دەڵێی بەڵێ مرۆڤ دۆست بە، سەیری پێشکەوتنەکانی وڵاتانی جیهان بکە و تۆزێك بیر لە خۆت بکەوە بزانە لە کوێی هاوکێشەکانی.

## با هەر سادەو هەژار بم

جوانترین بەرهەمی هەژاری و سادەیی، نەبوونی هاورێی بەرژەوەندییە. هەر کاتێك پارەو پول و پۆستێکت هەبێت ئەوکات هاورێی بەرژەوەندی یەك بە دوای یەك لێت نزیك دەبنەوە تا بەرژەوەندییەکەی تەواو دەبێت و دواتر جێدەهیڵێت، بۆیە هەردەم چاوم ناچێتە دەوڵەمەندی و پۆست و پلەو پایە. ئارەزووی ژیانێکی سادەو ساکار دەکەم، دوور لە کۆشك و تەلارو کورسی، ئەو هەژارانەی کە رێزو خۆشەویستی ئەگۆڕنەوە، ئەوان دەوڵەمەندی راستەقینەن.

## راگەیاندنیش بۆ

زۆرم پێ سەیرە لەو وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی لە راگەیاندنەکان دەیبینین و دەیبیستین، وا خۆیان نیشان دەدەن کە هەواڵی هەموو جیهان دەزانن و دەیگوازنەوە، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو خۆیان دەکەن بە لایەنگرانی ئەو پارت و ئەو پارت، وا دەزانن کە میراتی ئەوانە بۆ ئێمە ماوەتەوە و پێویستە ستایشیان بکەین. باشە تەنها ئەوەم پێ بڵێن چی لە سەر وڵاتەکەی خۆتان دەزانن؟ بەس تەنها هەوڵی نانەوەی فیتنە دەنێنەوە. جارێ خەم لە کێشەو گرفتەکانی وڵاتەکەی خۆت بخۆ و رێگە چارەی بۆ بدۆزەوە ئینجا وەرە باس لە چارەسەرو لایەنگیری مەسەلەی کەسانێکی وڵاتێکی دیکە بکە. ئەوەی من دەیبینم و پڕ بە پێستیەتی ئەو وتەیەیە کە قەناعەتم زۆر پێی هەیە و من وای دەنووسم ((نان بۆ نانەوا و راگەیاندیش بۆ کەسانی نەخوێندەوار)).

## دوێنێ یان ئەمڕۆ

ئەوە پرسیارێکە و رۆژانە بیری لێدەکەینەوەو دێتە خەیاڵمان، ئایا ژیانی ئەمڕۆمان بۆ تام چێژی نییە، کەچی دوێنی هەموو لایەنەکانی ژیان تام و چێژێکی تایبەت و زۆر خۆشی هەبوو.

زۆر جار دەپرسین ئایا ئەو خواردنەی دەمانخوارد بۆ ئەوەندە خۆش بوو ئێستا تامی نییە، بۆ سادەیی و هەژاری جاران زۆر خۆشتربوو لە دەوڵەمەندی و هەبوونی ئەمڕۆ، بۆ تەندروستی مرۆڤ زۆر لە ئێستا باشتر بوو، نەخۆشی کەم بوو، کەچی ئەمڕۆ ب هەزارەها نەخۆشی

جۆراو جۆر هەن. بۆ دوێنێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە بەهێز بوون، کەچی ئەمڕۆ برا لە گەڵ برا پەیوەندییەکانیان لە سەر بەرژەوەندی دوو لایەنە و هاوبەش وەستاوە. بۆ تام و چێژی کوردایەتی دوێنێ و بەرگری کردن لە خاك و نیشتیمان وا بەهێزو بەتین بوو، کەچی ئەمڕۆ وا نییە؟. خۆشەویستی و وەفاو دڵسۆزی و هەموو بنەما کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و فەرهەنگی گۆڕاوە، بەڵام گۆرانێکی سلبی نەك ئەرێنی.....

## دەبێ هۆکار چی بێت

هۆکار خۆنەگونجاندن و نەبوونی هاوتەریبی نێوان ئەو خێراییە بەهێزەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و خودی مرۆڤە، مرۆڤ هەر چەند لە بوارەکانی ژیان پێشبکەوێت ناگاتە ئەو خێراییەی تەکنەلۆژیا. بۆیە ناهاوسەنگییەك دروست بووە، کە لە توانای مرۆڤدا نییە بتوانێت کۆنترۆڵی خۆی و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایە بکات. لە کۆتاییدا دەتوانیین بڵێین کە هەر یەکێك لە ئێمە راو سەرنجی خۆی هەیە، ئەوانەی کە دوێنێیان بینیوە، ئەو رۆژگاریان پێ خۆش بووە، ئەوانەی ئەمڕۆش لەوانەیە ئەمرۆیان پێ خۆش بێت.

## با دامەزراوەکان لێک نەترازێن

لای هەموان ئاشکرایە کە کۆمەڵگە، حکومەت، لە ژمارەیەك دامەزراوە پێك دێت، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، پەروەردەیی، سەربازی، فەرهەنگی، تەندروستی ... هتد.

ئەو کۆمەڵگەیەو ئەو حکومەتە سەرکەوتووە کە هەموو دامەزراوەکان پێکەوە هەنگاو بەرەو پێش ببەن، چونکە دامەزراوەکان لە حکومەت و کۆمەڵگەدا وەکو ئەلقەی زنجیر پێکەوە لکاون، ناکرێت ئێمە سەرکەوتوو بین لە بواری ئەمنی و سەربازی، بەڵام دامەزراوەی پەروەردە لە پاشەکشەدابێت، گرنگی بە داوو دەرمان و تەواوی باری تەندروستی نەدرێت ، ناکرێت لە سیاسەتدا یاری جوان بکەین و لەلایەکی دیکە شیرازەی کۆمەڵگە بەرەو لێك ترازان بچێت و جۆرەها نەخۆشی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بێت.

ئەو کات شانازی بە پێشکەوتن دەکرێت کە گشت دامەزراوەکان هەنگاوی ئەرێنی بهاوێژن، نەك هەر یەکەو بۆ خۆی زوڕنا لێبدات و ئاگای لە دامەزراوەکانی دیکە نەبێت.

## ئازادی ئەمەیە؟

زۆر سەیرە ئەمڕۆ کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر مەترسیدارە لەنێوان ئەو بارودۆخە سیاسی و ئەمنییەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، کەچی خەڵکانێك لە ڕێگەی میدیاکانەوە بابەتی سەیر سەیر دەوروژێنن کە نە لە نزیك نە لە دوور خزمەت بە هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، من نازانم وروژاندنی هەندێ بابەت کە زیان بە ڕەوشی هەرێم بگەیەنێت ئەوە ئازادییە، ئایا ئەوە ئازادییە کە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی بخرێتە مەترسییەوە ، ئایا میدیاکان بەبێ ڕەچاوکردنی پرسی ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێت بەردەوام بێت لە وروژاندنی ئەو بابەتانەی کە زیانێکی گەورە بە دۆزی کورد دەگەیەنێت ؟؟

## بوێری پێویسته

بوێری له راستیدا گوتن و کردەوەی راستەقینەیە بەبێ بوونی ترس لە هیچ تاکێك، ئەمەش بەڵگەی ئازایەتی و متمانە بەخۆبوون و بەهێزی کەسایەتیە. کاتێك شەرم دەکەیت یاخود دوو دڵی دەنوێنیت لە کارەکانتدا ئەوا ژیانت ژیانێکی رۆتین دەبێت و ئامانجەکانیشت ناپێکیت، بەڵام سەیری شارەزاو کەسانی شیاو و زانایان بکە بزانە چۆن بوێرن و خاوەن متمانەیەکی زۆرن بە خۆیان و هەموو هەلێك دەقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان...

## خیانەت کردن

خیانەت کردن لە نیشتیمان قێزەوەنترین کارە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و گەورەترین بەدرەوشتییە، کەسی خائینیش شێرپەنجەیەکە پێویستە ببڕدرێت. کاتێك مانای نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری لە ناخ و دڵ و دەروون و ویژدانەکانی مرۆڤەکان نامێنێت، ئەوا نامۆ نییە کە خیانەت رووبدات. هیتلەر دەڵێت: ناشرینترین خەڵك ئەوەی بینیومە لە ژیانم ئەوانەن کە یارمەتی منیان داوە خاکیان داگیر بکەم.

## چۆن وڵات پێشدەکەوێت

زۆر جار ئەم پرسیارە دەکەین، وەڵامەکەی نادۆزینەوە، زۆر گەڕام بەدوای وەڵامدا تەنها یەك وەڵامم بۆ دروست بوو ئەویش ژاپۆنە. تەنها هاووڵاتی ژاپۆن بەجۆرێك وڵاتی خۆی خۆش دەوێت و هەموو هەوڵێکی

دەخاتە گەڕ و سوورە لە سەر ئەوەی کە دەبێت بەردەوام وڵاتەکەی لە پێشکەوتندا بێت. عەشقی وڵاتەکەی بووە لە هەر چرکەیەکدا بیری دەکات و خزمەتی دەکات و بە پاك و خاوێنی رایدەگرێت و رێز لە سیستەم و یاساکانی دەگرێت و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات، پیاوو ئافرەت هەنگاوی خێرا دەهاوێژن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان و هەمووشیان کێبڕکێ لە گەڵ کات دەکەن و رادەکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگەن بە ئامانجەکانیان. زۆر عەشقی دارودرەختن وەك منداڵ خزمەتی دەکەن و لە سەرما و گەرما دەیپارێزن ، وەك خەونێك منیش بیرم کردەوە کە خۆزگە دارودرختە بێ نازەکانی ئێمەش لە ژاپۆن بوایە، ئەو داهێنان و کارکردنە خێرایە لای خۆمان بوایە و هاووڵاتیانی ئێمەش بەم شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵ وڵات کردبا، پێگەی وڵات بەرزو بە قەدر با، هاووڵاتیبوون و واتاکەی هەستی پێکرابا . وڵات و هاووڵاتیبوون لە هەموو شتێك بەرزو پیرۆزترە، هیچ شتێك نە بیروباوەر نە مەزهەب نە ئایین نە نەتەوە و نە حیزب بەهاکەی لە نیشتیمان و وڵات و هاووڵاتیبوون بەنرخترە. هاووڵاتی ژاپۆنی بە هەستێکی نیشتیمانی و بە رەوشتێکی هاووڵاتیبوونێکی راست هەنگاو دەنێت، بڕوای بە زۆر چەندین شتی جیا جیا هەیە بەڵام هەمووی دەخاتە ژێر چەتری نیشتیمان و وڵات. گەلی ژاپۆن نە نەوتیان هەیە نە ئاسن، بەڵام رەوشت و مێشك و پێوەری نیشتیمانی بەرزیان هەیە.

## نیگەرانییەکان بڕەوێنەوە

زۆربەی نیگەرانییەکان پەشیمان بوونەوەیە لە رابردوو یان ترسە لە ئاینده "ئەم دوو لایەنەیە ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت. سوود لە ئەزموونەکانی رابردوو وەربگرە و پلانت بۆ ئاینده هەبێت . توانای رووبەڕووبوونەوەی کێشەو گرفتەکانت هەبێت و ئەوەش بزانە زۆربەی مەترسییەکان حەقیقەتی نییە". نیگەرانی دووچاری نەخۆشی جیاجیای دەروونیت دەکاتەوە بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی عەقلانی و بە ژیری بیری لێ بکەیتەوە. خۆت بە کاری بە سوود سەرقاڵ بکە و هەروەها فێری هونەری لە بیرچوون بکە. فێر بە چۆن شتەکان بیر بکەیت بۆ ئەوەی بژیت، هەڵوێست وەرمەگرە لە هەر رووداوێك کە بە ژیانتدا تێپەڕدەبێت" وا بکە زۆر لە رووداوەکان بە ئاسایی تیپەرێت " رووداوە ناخۆشەکان بە بچووکی وەرگرە و گوێیی پێ مەدە. زەردەخەنە دروست بکە و بزانە کە زەردەخەنە کلیلی خۆشەویستی و خۆشییە ئەمەش بەبێ هەوڵدان بە دی نایەت. نیگەرانی بوون بەخۆ خاوکردنەوە دەڕوێتەوە و مێشك خاو دەکاتەوە. باشترین چارەسەر بۆ رەوانەوەی نیگەرانی و دڵنیابوون خۆشەویستییە بە هەموو واتاکانییەوە" خۆشەویستی خێزان و دایك و باوك و نیشتیمان و خاك و خودی خۆشت خۆش بوێت.

## هاوڕێیەتی ڕاستەقینە

گومان لەوەدانییە کە مرۆڤی پاك و بێگەرد بە ئازادی ڕاو بۆچوونەکانی دەخاتە بەردەمی هاوڕێ ڕاستەقینەکەی. جوانترین مانای ڕاستەقینەیی لەو هاورییەتییە قوربانی دانە" ڕزگاری بوونە لە تەنیایی و دۆزینەوەی کەسایەتییەکە کە خۆتی تیا دەبینیتەوە. هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو شتەی بۆ خۆی دەوێت بۆ تۆشی دەوێت " بیر لە بەرژەوەندیە مادی و مەعنەوییەکانی خۆی ناکاتەوە. لە خۆشی و ناخۆشیتدا بەشداریت دەکات. کاتێك هەڵەیەکت دەبینێت ئامۆژگاریت دەکات و لە کاری جوان و ڕێك و پێکدا هانت دەدات و پشتگیریت دەکات.

جوانترین پەیوەندییە لە ژیانی مرۆڤدا " هاورێیەتی ڕاستەقینە مانای خۆی هەیە کەس لەو مانایە ناگات تەنها ئەوەی خاوەنی ئەو شێوە هاوڕێیەتیە نەبێت. بەڵی هاورییەتی ڕاستەقینە شارێکە کلیلی وەفاو دانیشتوانەکەی خەڵکی بە وەفان . توانەوەی دوو کەسایەتییە لە ناو کەسایەتییەکدا و خاوەن یەك بیروبۆچوونن. ئەو وزەیەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بێ ئەو وزەیە بژیت.

## بێ دەنگی

بێ دەنگی: زەحمەترین زانستی قسە کردنە " زۆر ئەستەمە بتوانی مانای بێدەنگی وەك خۆی شی بکەیتەوە، جوانترین وەڵامی هەندێ پرسیارە، زۆر جوانە کاتێك ئەتوانی بێدەنگ بیت، چەند جوان و قەشەنگە کاتێك تۆ پێدەکەنیت و رووت گەشاوەیە و یەکێکیش چاوەڕوانی گریانت

لیَ دەکات. بزانە ئەوانەی بێدەنگی دەنوێنن تەمەنیان زۆر لەوانە درێژترە کە بەردەوام قسە دەکەن، بێدەنگی وزەیەکی بەهێزت پیَ دەدات و زۆر بە هۆشیاری و زیرەکی ئەتوانی وەڵام بدەیتەوە، هەروەها باشترین چارەسەرە بۆ کێشەکان. لە زۆر کاتدا بەتایبەتی لە حالەتە قورسەکانی پەیوەندی نێوان دوو هاوریَ ریَزو تەقدیر زیاد دەکات" بەپێچەوانەی ناکۆکی و گفتوگۆی بیَ مانا کە لێك دوورخستنەوەو ناخۆشی لێدەکەوێتەوە. بیَ دەنگی فێرت دەکات کە چۆن بتوانی گوێبیست بیت. بێزار مەبە لە بیَ دەنگی و با ببێتە سەرچاوەی هێزو توانات.

## ژیان بەردەوامە یان بە کۆتا دێت

هەموو ساتێك مرۆڤ دەمرن و لە بەرامبەردا بە هەزارەها منداڵ لە دایك دەبن، هەموو رۆژێك جل و بەرگ و کراسی جوان بۆ منداڵان دەکرِین، هەندێکیش کفن بۆ مردووەکان ئامادە دەکەن.

هەموو رۆژێك پێدەکەنیین و ئاهەنگ دەگێرین، لە بەرامبەردا کەسانێك دەگرین و سەرەخۆشی لێك دەکەن، ژیانیش بەردەوامە......

مرۆڤ بە گریان لە دایك دەبێت و ئەوانەی لە دەوروبەری لە دایك بووەکەن پێدەکەنن. سۆزو خۆشەویستی پێدەدرێت و پەروەردە دەکرێت و گەشە دەکات دواتر ماڵئاوایی دەکات. هەمان ئەو کەسانەی رۆژی لە دایك بوونی ئەم منداڵە کە پێدەکەنیین، هەر ئەوانن رۆژی ماڵئاوی دەگرین. ژیانیش بەردەوامە

لەم بازنەیەی ژیاندا، مرۆڤ نازانێت بۆ هاتۆتە دونیا، چۆن دەڕوات بەبێ ئامانج، ئاخ هەڵدەکێشێت و رۆژو مانگ حیساب دەکات، دەبینێ کە زۆر شتی ون کردووە، بەردەوامیشە لە ون کردنی شتەکان، دواتر دان بەوە دادەنێت کە ژیان تەواو کۆتاییە. ئەمجارەیان ژیان بەردەوامی نەما و بە کۆتا هات.

## کەسایەتییت بپارێزە

سەیری ئەو کەسانە مەکە کە لە ئاستی تۆ بەرزترن بەڵکو سەیری ئەو کەسانە بکە کە لە ئاستی تۆ نزمترن. ئەو کات هەست دەکەیت کە تۆ زۆر باشیت و ژیانت زۆر خۆشە و هەست بە دڵنەوایی دەکەیت، بەخشندەبە بەخشندەیی سادەیی نیشان دەدات، یارمەتی و هاوکار بە لە گەڵ دەوروبەرت ، ئەوەی لە تواناتدا هەیە پێشکەشیان بکە، وشەی جوان و هەستی راستەقینەیی جوانترین دیاری سادەیی مرۆڤە، بۆیە هەوڵ بدە ئەم جوانییە لە دەست مەدە. بەمشێوەیە ژیان بە سەر بەرە ئەوکات هەست دەکەیت کە دڵخۆشترین کەسی، چونکە ژیانت بە سادەیی وەرگرتووە. هیچ شتێك لەناو دڵتا مەهێڵەوە، کە دووچاری ناخۆشیت دەکات چونکە ئەوەی لەناو دڵت دەمێنێتەوە زیان بە تۆ دەگەیەنێت.

## پەروەردەی نویێ و چەند سەرنجێک

ژیان ئەوەی فێرکردووین کە هەر نوێبوونەوەیەك دوور نابێت لە کاری باش و لە هەمان کات لە کەم و کوڕی، هەروەك ئاشکرایە پەروەردەی دوێنێ کە بریتی بوو لە چەندین بیرۆکەو چەمکی جیاجیا و بەهای بەرزی کۆمەڵایەتی و ئاینی، کە ئەم بەها کۆمەلایەتییانە هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنی خودی مرۆڤ لە کارو پیشەکەیدا ، بنەمای ڕێزگرتن لە نێوان ئەندامانی خێزان و نێوان مامۆستا و قوتابی بەشێوەیەك بوو کە تا ئێستاش بە شانازییەوە باسی لێوە دەکرێت. پەروەردەی نوێی ئەمڕۆ چەندین چەمکی جیاجیا و بیرۆکەی زانستی تازەی لە گەڵ خۆی هێناوە کە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی زیندووە لەلایەنی بیرکردنەوە و پێشکەوتنی زانستی، ئەم پەروەردەیەش کۆمەڵێك بیرۆکەی رۆژئاوایی و نامۆی لە گەڵ خۆی هێناوە کە بە تەئکید زۆر نامۆیە و لەگەڵ بیروڕای ئاینی و داب و نەریتمان ناگونجێت. ئەمەش بۆتە جێگەی مەترسی بۆ نەوەکانی داهاتوو کە لە سەردەمی جیهانگیریدا مرۆڤ گرنگی بەلایەنی روحی و داب و نەریت نادات و گیانی هاوکاری و هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی بە شێوەیەك لاواز دەکات کە کەسمان لێی رازی نین، لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی خۆمان بە تایبەتی.

## حکومەت سزای بەد ڕەوشتان بدە

هەندێ کاری دزێو هەن کە نامۆن لە شارەکاندا زۆر مەترسیدارترە لە کردەوەی تیرۆریستی، چونکە کردەوەی تیرۆریستی دەبێتە شەهیدبوون و بریندار بوونی ژمارەیەك لە هاوولاتیان و ترس و دڵەراوکێش دەخاتە نێو خەڵکەوە بەڵام دوای ماوەیەك کۆنترۆڵ دەکرێت و خەڵك ئاسایی دەبێتەوە. بەدرەوشتیش ئەوەی من لێرە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم مەبەست کاری سێکسی نییە یان هەر ڕەفتارێکی ناشیاوی نێوان ئافرەت و پیاو، بەڵکو زۆر کارو ڕەفتاری دیکە هەن کە هاوولاتی ناچار دەکات ئینتمای بۆ وڵات و نیشتیمان و نەتەوە و یاسا نەمێنێت. کە ئەمە زۆر مەترسیدارە. کەس هەیە بێزار نەبێ کاتێك ئۆتۆمبێلێك بە دواتەوە بەبێ هۆ فلاش لێ دەدات و ئەیەوێ پێشت بکەوێ زۆر بە شێوەیەکی بەدرەوشتی خۆی دەخاتە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەتەوە، حیساب بۆ هیچ شتێك ناکات. یان لە ناوەراستی شەقام ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستێنێت و خەریکی شت کڕین دەبێت و قەربالغییەکی زۆریش دروست دەکات کەچی پۆلیسی هاتوچۆ چەند مەترێك لێوەی دوورە خۆی لێ ناکاتە ساحێب و پرسیار بکات بڵێ برا بۆ وا دەکەی. یان ئەو ماتۆڕانەی کە خەڵکانێك سواری دەبن سیمایان بە مرۆڤی ئاسایی ناچێت و خەڵك بێزار دەکەن و بەدەوری قوتابخانەو شوێنە گشتییەکان دەخولێنەوە. ئایا کەس نەیبینیوە کە کەسانێك خەریکی خواردنەوەن لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان و دواتر بوتڵی خواردنەوەکانیان فڕێ دەدەنە سەر شەقام و دەیشکێنن یان فڕێی دەدەنە سەر قەراغی شەقامەکان؟

زۆر جار پرسیار لە پۆلیس یان کەسێکی بەرپرسی شوێنە گشتییەکان و باخچەکان دەکەیت، زۆر نابەرپرسانە دەڵێن کاکە خەڵك ئازادە ئەی دیموکراسیەت مانای چییە؟

ئەوەیە دیموکراسییەت ، ئازادی ، مافی مرۆڤ؟

توخوا حکومەت بە ئاگا وەرە ئەم بەدرەوشتانە سزا بدە، شار ئارامە بەڵام خەڵك نائارامە.

## ئەوەیە ژیانی زۆربەی کەس

پاشایەك بەیەکێك لە ئەسپ سوارانی کۆشکەکەی گوت، سواری ئەسپەکەت بەو تا دەتوانی برۆ و راکە تا ئەو خاڵەی لێی دەوەستی، هەموو ئەم خاکە با بۆ تۆ بێت. ئەسپ سوارەکە زۆر بەخێرایی بەرێ دەکەوێت و هیچ ناوەستێ و پشوو نادات، هەر چەند هەست بە برسیەتی و ماندوو بوون دەکات بەڵام گوێی پێ نادات. تا تەواو ماندوو دەبێت و ناتوانێت چیتر بجولێت بەهۆی برسیەتی و تێنووبوونەوە، ماوە و پانتاییەکی زۆری بڕی بەڵام هەستی کرد کە دووچاری مردن دەبێتەوە. لە خۆی پرسی: بۆ ئەم هەوڵ و ماندووبوونە؟ بۆ ئەم فشارەم لەخۆ کرد، کە ئێستا خەریکە وا دەمرم کە پێویستیم بەم هەموو رووبەرە زەوییە نییە، تەنها رووبەرێکی زۆر کەم نەبێت کە تیایدا دەمشارنەوە، بەم شێوەیە ئەسپ سوارەکە مرد و کۆتایی بە ژیانی هات. عیبرەت وەربگرە و لە ئەسپەکەت وەرە خوارەوە و زۆر را مەکە.

## ڕۆژانە ئەم جۆرە مرۆڤانە دەبینین

کاتێك ئافرەتێك لە سەر شەقام دەڕوات بەرێوە، و بزەیەك لە سەر لێوی هەست پێ دەکرێت ، کاتێك لە کەسێك دەپرسی بۆ ئەم ئافرەتە پێدەکەنێ. بێ ئەوەی شتێك لە سەر ئەو ئافرەتە بزانێت دەڵێت (ئافرەتێکی خراپەو هەڵسوکەت و رەفتاری باش نیە). یان کەسێکی سەرکەوتوو لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆن قسە دەکات، یەکسەر باسی دەکات کە کەسێکی شیاو نیە و قسەکانی هیچ مانایەك ناگەیەنێت. ئەگەر نوسەرێکی سەرکەوتوو بابەتی جوان و رێك و پێك بنوسێ، دەلێت کە نوسەرێکی خراپەو سەرکەوتوو نیە و چەندین هۆکار دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە خراپە باسی بکات. نهێنی ئەم کەسانە لە چی دایە؟؟ بۆ وا بە خراپە باسی هەموو کەسێك دەکەن؟

ئەوان جۆرە کەسانە دژی داهێنان و بەدیهێنانی سەرکەوتنن، ترسیان هەیە کە کەسێك دەبینن سەرکەوتووە. نایانەوێت هیچ کەسێك ببینن کە سەرکەوتنی جێگەی شانازی بێت. حەز دەکەن خەڵك لاواز ببینن. گەڵای وەریوی وەرزی پایزیان لە گوڵی بەهار پێ جوانترە. حەزیان لە جەنگ و وێرانییە. ئەمانە نەخۆشن. رۆژانەش هەموومان ئەم جۆرە کەسانە دەبین.

## نەزان خۆی بەزانا بزانێت چی روودەدات

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، مرۆڤەکان زۆربەیان زیاد لە پێویست باوەڕیان بەخۆیە، هەیە تۆزێك لە سیاسەت دەزانێ خۆی بە سیاسەتمەدار دەژمێرێت و وا دەزانێت کە خەڵکی دیکە پێویستە لەو سیاسەت فێر بن،

هەروەها هەیە زانیارییەکی کەم لە ئایین دەزانێ سەری مەجلیس دەگرێ و بە کەیفی خۆی باس لە ئایین دەکات و فەتوا دەدات. ئەوەی دوو ووشەی خوێندووە وا دەزانێت کە تەنها ئەو رۆشنبیرە و خەڵك هەمووی نەخوێندەوارو جاهیلە. بەم شێوەیە ئەو زیاد بڕوا بەخۆوە دیتنە هەموو جومگەکانی ژیانی تاکەکانی ئێمەی گرتۆتەوە. هەر یەکەو بۆ خۆی زانایەکەو کەچی لە واقیعدا نەزانە. لێرەدا دواکەوتوویی کۆمەڵگە بەدیار دەکەوێت کە نەزان خۆی بە زانا بزانێت. ئەم روحیەتەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە وای کردووە کە تاکەکان بڕواو متمانەیان بە یەکتر نەمێنێت و کۆمەڵگەش هەر وەك ئێستا دەیبینیین خەریکە تەواوی شیرازەی تێکبچێت و هەڵبوەشێتەوە.

## دەردە دڵ

مەرج نیە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەی بێتە دی، مەرج نیە هیوای شتێك بخوازی و خەونی پێوە ببینی، حەقیقەت و راستی بێت، هەموو حەقیقەتێك و راستیەکیش جوان نیە، هیچ شتێك نیە بەردەوام بێت. خۆشی هەتا هەتایە درێژەی نابێت، ناتوانی بەردەوامیش بەرگری بکەیت، چونکە خێرا کۆڵ دەدەیت و تەسلیم بە واقیع دەبیت و دووچاری خەم و خەفەت دەبیتەوە. فرمێسك دەرێژیت و ئازار دەکێشیت. فرمێسکەکانیش سوودیان نابێت، بێ ئومێد دەبی و ناتوانیت خۆتی لێبدزییەوە، ئەم ئالۆزییەی ژیان بەردەوامەو دووبارە دەبێتەوە. کەسیش نیە پەنای بۆ ببەیت . ژیان تەنها و تەنها خۆشەویستی دەیبوژێنێتەوە و تەنها بە خۆشەویستی خۆشییەکان کۆتایی نایەت . خۆشەویستی دڵی ژیانە.

## من ونەوەیەکی نوێ

لە ماوەیەکی چەند ساڵێك، لە نێو کاری رۆژنامەنووسیمدا دیراسەیەکی دەروونی نێوان خۆم و هاوڕێیەك کرد، کە من لە نەوەی رابردووم و ئەو لەنەوەیەی نوێ کە تەمەنی نێوانمان زیاتر لە ٢٥ ساڵ هەیە, من لەسەردەمێك ژیاوم و ئەو لە سەردەمێك، لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی سیاسی، پەروەردەیی و فەرهەنگی چەندین تێبینیم کرد، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان من و ئەودا هەبوو، بەڵام لە کۆتادا دوو هاوڕێی گیانی بە گیانین.

لە وەڵامی من بۆ پرسیارێکی ئەو گەنجە رۆژنامەنووسە پێم گوت: لەرووی دەروونی نەوەی ئێمە هێمن و لەسەرەخۆ و بێدەنگ و کەم دەدوێین، ناتوانیین راستەوخۆ و روو بەروو لە گەڵ کەسانی لەخۆمان گەورەتر بە ئازادانە قسە بکەین, لەرووی کۆمەڵایەتی هەڵگری چەندین بیروباوەڕی کۆمەڵایەتین کە رەنگە ئەمرۆ وا نەبێت, لەرووی سیاسی بیروباوەڕی واتا بەنرخەکانی سیاسەت لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی و نهێنی وپاراستنی بیروباوەڕی سیاسی و خوێندنەوەی چیرۆکەکانی سەرکردەکانی سەردەمانی سەدەکانی رابردوو و پیرۆزی ئەم بیروباوەڕانە لامان و نەگۆڕی بیروباوەڕەکان, لەرووی پەروەردەیی رێزگرتنی گەورە و قسە نەکردن لەبەرامبەریدا هەر چەند تۆ راستیش بیت، پیرۆزی بەها ئاینیەکان و پیرۆزی باوك ودایك و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، درۆ نەکردن وچەندین بەهای دیکەی پەروەردەیی،

ئەمانە تەواوی بیروبۆچوونەکانی ئێمەمانانە, تا ئێستاش زۆر لەوبەهایانە کاڵ نەبۆتەوەو لامان پیرۆزە.

گوتم ئەی ئێوە کە من زۆربەی ئەو بیروباوەڕانەی ئەمڕۆ دەیبینم جیاوازن ، ئەویش گوتی بەڵێ، ئێمە لەوانەیە ئەو بیروباوەڕانەی دوێنێ لای ئێمە بوونی نەبێت لەرووی سیاسی ئەمڕۆ سیاسەت بۆتە یارییەکی ژیرانەی کەسەکان لەناو گۆڕەپاندا. یان پشت بەستن بە کەسانی بەهێز وولاتانی زلهێز, لەهەر گۆرانکارییەك پێویستە تۆش یارییەکە بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕیت. لەرووی کۆمەڵایەتی، ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جیهانی داگیرکردووە لەجیاتی نزیك بوونەوەی رۆژانەی ناو ماڵ لەیەك چرکەدا دەیەها هاورێ لەسەر هێلی ئینتەرنێت ئەبینی لەوسەری دونیا بۆ ئەو سەری دونیا, سەرقاڵت دەکەن بە قسەو گفتوگۆ و بەسەرهاتەکان, پەروەردەی ئەمرۆ تێکەڵاوی نێوان ولاتانی دونیایە کە سوود یان زیان بەیەك دەگەیەنن. ئەگەر بتوانی دەتوانی سوود وەربگری, ئەگەر ساویلکەش بیت ئەوا کۆمەڵگە بەرەوهەڵدێر دەبەیت. لەرووی دەروونی, مرۆڤەکان زیاتر بوێرن و قسە دەکەن و داکۆکی بچوکترین ماف دەکەن لایان گرنگ نیە بۆ بچوکترین ماف و بەدەستهێنانی ولات وێران بکەن.

لای نەوەی ئێمە (نوێ) پیرۆزی بۆ هیچ شتێك نیە، کەسەکان خۆیان پیرۆزن و خۆیان پێش هەمووشتێکدادەنێن.

گوتم: زۆر راست دەفەرمووی, ئەوەی ئاماژەت پێدا هەمووی راستن.

له کۆتادا دەتوانم بڵێم ئەوەی دوێنێ ی ئێمەمانان هەڵە نەبووە و ڕۆژنامە نووسە نوێکەش وتی ئێوە زۆر گرنگن و ئێوە بە مێژووەکی پرشنگدار وەسف دەکرێن, منیش لە وەڵامدا گوتم ئێوەش لە گەڵ سەردەمی نوێدا پێویستە لەئاست گۆرانکارییە ئەرێنیەکاندا بن و ئێوەش راستن.

هەر سەردەمێك هاورێیان تایبەتمەندی خۆی هەیە کەس نابێت ئەوەی تریان بسرێتەوە یان بە چاوێکی کەم سەیری بکات.

خۆشحاڵ بووم بەو سەرنج و تێبینیانەی کە دوای گفتوگۆ و هامشۆکردنم بۆم دروست بوو.

ئێستا من لە هەردوو سەردەمدا ژیاوم و راستیەکان تێدەگەم, پێویستە باوك و دایکان و کەسانی سیاسی و پیاوانی ئاینی و خاوەن قەڵەمەکان ئەو راستیە بزانن و هەردوو نەوەی کۆن ونوێ بە یەکەوە بۆ برەودان بە کۆمەڵگە هان بدەن و هەنگاوی بۆ بهاوێن .

## نهێنی سەرکەوتن

ئەگەر بێت و سەردانی ولاتێکی پێشکەوتووی وەك ئەلمانیا بکەیت و لە شارەکانی بسورێیتەوە، چی دەبینیت؟ ئەوەی دەیبینی ئەوەیە کە گەلی ئەلمانیا بڕوایەکی تەواوی بە پابەندبوون هەیە لە کارو پیشەکانیان و ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەر شانیان، هەر چەند ئەم وڵاتە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتووە بەڵام گەلەکەی دژی کاری لاوەکین. ئەوەی سەردانی ئەو ولاتەی کردبێت یاخود شارەزاییەکی هەبێت یاخود گوێ بیست بووبێت،

دەبینێت کە مامۆستایەکی زانکۆ یاخود بەرپرسێك بە پایسکل هاتوچۆ دەکات لەماڵەوە بۆ سەر کارەکەی بە پێچەوانەشەوە ئەمە لەکاتێك ئەم وڵاتە بە ولاتێکی هەرە پێشکەوتوو لە پیشەسازی دروستکردنی ئۆتۆمبێل دادەنرێت. لە هەر دیدارێکیش لەگەڵ هەر کارمەندێك یاخود بەرپرسێکی ئەم ولاتە گوێبیستی ووشەی لێکۆلینەوەی زانستی دەبیت، ئەمە بە رای من نهێنی سەرکەوتنی ئەم گەلەیە. تۆژینەوەی زانستی لە ئەلمانیا پەیامی هەموو تاکێکە. هەروەها نهێنی سەرکەوتن لەم وڵاتە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و دەزگا مەدەنییەکانە، زۆربەی دەزگا مەدەنییەکان زۆر بە شەفافانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ولاتەکەیان پرۆژەو ئامۆژگاری و راپۆرتەکانیان پێشکەش بە حکومەت دەکەن. تاکێکی ئەم وڵاتە ئاماژەیدا کە ئەگەر کارێك یاخود پرۆژەیەك یان بیرۆکەیەك پێشکەش بە حکومەت بکەیت مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کارێکی باشت بۆ خۆت کرد و خزمەتی خۆت کرد، هەروەها روونیکردەوە کە پێویستە مرۆڤ کار بۆ کۆمەڵگاکەی بکات نەك تەنها بۆ خۆی. ئەم ئاماژەکردنەی ئەم تاکە لەم ولاتە، شتێکم بیر دەخاتەوە ئەویش ئەوەیە ، پێویستە منداڵانمان هەر لە قۆناغی بنەرەتییەوە فێر بکەین کە گیانی هاوکاری و یارمەتیدانی هەبێت، کە ئەمەش وادەکات دوارۆژێکی گەش و پرشنگدارمان هەبێت. ئەم نهێنییەی سەرکەوتن لە ئەلمانیا نەك تەنها لای هەندێ لە تاکە کەسەکان دەبینرێت بەڵکو لە هەموو شەقامی ئەم وڵاتە وەك یەك دەبینرێت.

## پەروەردەو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

پەروەردە بەهایەکی دیارو بەرچاو لە ژیانی کۆمەڵگە دەبینێت و بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی وەك زمان و داب و نەریت و رۆشنبیری و ئاین و مێژوو ، هەروەها پەروەردە ئامانجی گەشەسەندنی لایەنی کۆمەڵایەتییە. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمە بەر لە هەموو شتێك کە لایەنە پەیوەندیدارەکان درکی پێناکەن، پێویستییان بە پەروەردە هەیە وەك بنەمایەك بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە وێنەیەکی بچووکی بنیادنانی کۆمەڵایەتییە، سیستەمی فێرکردنیش ناتوانێت چاکسازی بکات ئەگەر چاکسازی لە بنیادنانی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت. پەروەردەش ئامرازێکە و رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە پرۆسەی گۆڕانکاری. هەروەها پەروەردە پەیوەندیەکی بەهێزی لە گەڵ بەها کۆمەلایەتییەکان هەیە و ناتوانیین ئەم دوو چەمکە لێك جیابکەینەوە ، پەروەردە خۆی چەندین بەهای کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت و ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات. نموونەش لەسەر رۆڵی پەروەردە و پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتیەکان، هەوڵدانی پەروەردەیە لە رێزگرتن لە کات و ستایش کردنی کاری خەڵکانی دیکە و ستایش کردنی زانست و توێژینەوەی زانستی و بڕوا بە گفتوگۆکردن وەك چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکان. ئەمڕۆش لە گەڵ ئەم گۆرانکارییە خێراییانەی تەکنەلۆژیا، زۆر لە چەمکی نوێ پەیدا بووە و ئەم بەها کۆمەڵایەتییانەی کە هەبوون وردە وردە بەرەو نەمان دەچن. بۆیە کۆمەڵگە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەو بەها کۆمەڵایەتییانە هەیە کە زیندوو بکرێنەوە لە

ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان . پەروەردە شتێك نییە کە پێشکەش بکرێت، بەڵکو ئامادەکردنی مرۆڤایەتییە بە هەموو واتایەك.

فێرکردن هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەروەردە ، پێشخستنی تواکانی قوتابی لە بیرکردنەوە ئامانجێکی پەروەردەییە ، بۆیە پێویستە پەروەردە وا لە تاکەکان بکات کە چۆن بیردەکەنەوە . ئەو کۆمەڵگایەی کە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیەتی بە شێوەیەکی کردەیی پێویستە عەقل و بیرو هۆش بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەك بەکارهێنانی هێز . بۆیە پەروەردەی دروست و مامۆستای زیرەك و بەتوانا پێویستە وا لە قوتابییەکانی بکات و جەخت لە سەر فێرکردنی ئایندە بکاتەوە واتا وا بکات قوتابیان بیربکەنەوەو دواتر هەنگاوی کردەیی بهاوێژن بۆ چارەسەرکردنی کێشەو بەربەستەکان.

هەروەها یەکێك لە ئەرك و ئامانجەکانی پەروەردە ئەوەیە کە تاك وا لێبکات کە بزانێت چی لە دەوروبەریدا ڕوودەدات بۆ ئەوەی خۆی لەناو بارودۆخەکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووی بەرووی هەر ئاستەنگێك ببێتەوە. کەواتە ڕۆڵی پەروەردە زۆر گرنگە لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، کە ئێستا هەموو وڵاتێك و هەموو کۆمەڵگەیەك لە هەوڵدایە کە چۆن خۆی لەو ڕێگەیەوە لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببینێتەوە .

## چۆن شکۆی مامۆستا دەگەڕێتەوە

زۆر ئەو پرسیارە یان ئەو بۆچوونە  دەبیسین . ئایا شکۆی مامۆستا بە چیەوە بەندە ؟

ئێستاش لە نێو مامۆستایاندا هەن کە چەند سیفەتێکیان تیایە کە گەورەیی مامۆستا نیشان دەدەن.

١ -کەسایەتی مامۆستا خۆی ، بەرێز بێت و رێز لە گەورەو بچووك بگرێت.

٢ -پڕ زانست بێت و توانایەکی زۆری هەبێت لەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە

٣ -مامەڵەی لە گەڵ ئیدارەی قوتابخانە لە سەر رێزگرتن سەرچاوەی گرتبێت ، کە ئەمە وا دەکات مامۆستا خۆی بسەپێنێت.

٤ -هەوڵی نوێبوونەوە بدات لە زانیارییەکانی و رۆشنبیر بێت.

٥ -بەکار نەهێنانی ووشەی نەشیاو لە هەموو کاتێك.

٦ -رێزگرتن لە قوتابی و خانەوادەی قوتابی کاتێك سەردانی دەکەن لە قوتابخانە.

تا ئەو ساتەش بەشێك لە مامۆستایان وەکو ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو خاوەن کەسایەتی و شکۆی خۆیانن ، هەرچەند بارودۆخی ئەمڕۆ دژوارترە بەڵام خۆیان دەسەپێنن بە سەربارودۆخەکەدا و هەمیشە ئەوانە براوەن ئەمرۆ و سبەی و ئایندەش .

## سەردەمی عەولەمە

ئەوەی لە ماوەی  رابردوو روویداوە بەناوی جیهانگیری ((عەولەمە)) و سیستەمی نوێی جیهان چی بەسەر مرۆڤ هێنا ، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە رووی سیاسییەوە ئەوەی بینیتان لەو چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵێك سیستەمی سیاسی  گۆڕانکاری تیا روویدا، ئایا چی روویدا ، بوون بە دیموکراتی  یان کەوتنەگێژاوی سیاسی ؟

لە رووی ئابوورییەوە ، نەمانی کۆنترۆڵ ی جۆری بەناوی بازاری ئازاد و نەمانی بەهای دراوو هەڵاوسانێکی گەورەی ئابووری ، ئەویش گێژاوێکی تر..

لە رووی کۆمەڵایەتی ، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەو خێزان بەناوی پێشکەوتن و جەنگی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت کە نەك تەنها پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نەهێشت بەڵکو دەیەها نەخۆشی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە.

لە رووی تەندروستی ، نەمانی ماندووبوونی دەست و بازو هەمووی لە رێگەی کلیکێکەوە تەواوی کارەکانی رۆژانەت بەرێوە دەچێت ئەمەش وای کرد کە زەحمەت بێت مرۆڤ روو لە وەرزشیش بکات ، روو بۆ بەکارهێنانی داوو دەرمان دەبات ، کە زۆرینەشی ماوە بەسەر چووە . دەیەها نەخۆشی بڵاوبۆتەوە کە پێشتر ناویان نەبووە ەوەیە سەردەمی جیهانگیری ((عەولەمە ))؟؟

ئەوەی ئێستا مرۆڤ شانازی پێ دەکات ، مێژووە ، هەر تاکە کەسێك لە ئێمە باس لە رابردوو دەکات کە ژیان ئەوەندە سادە بوو بەلام تام و چێژێکی خۆی هەبوو.

ئێستا هەموو شتێك دابین کراوە ، تەنها ئاسوودەیی و خۆشی و تامی ژیان لە مرۆڤ سەندراوەتەوە .

## کامیان براوەن

لەو وڵاتە ٣ جۆرە کەس هەن ، بەڵام کامیان براوەن ؟

جۆری یەکەم بە هیچ شێوەیەك ئینتیمای بۆ خاك و نیشتیمان و نەتەوە نیە ، یان ئەوەتە هەر وا خولقاوە ، یان بە تەواوی رەشبینە ، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەك بهێننە دی لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە لە هەر بارودۆخێکدا بابەتێك دەبیننەوە کە خۆیانی پێ رزگار بکەن بەبۆچوونی خۆیان.

جۆری دووەم ئەو جۆرە کەسانە کوێرانە پشتیوانی دەسەڵات دەکەن ، ئەگەر دەسەڵات هەر شێوەیەك بێت " علمانی دەبنە علمانی ... سەلەفی دەبنە سەلەفی .... شۆڤینی دەبنە شۆڤینی .... کار و پیشەیان ماستاوچیەتییە ، ئەوانە خاوەن بیرو باوەڕێکی جێگیر نین ، وەکو بەبەغا وان تەنها بەدوای کەسانی خاوەن دەسەڵاتەوەن ، راو بۆچوونی خۆیان نیە لە هەموو بابەتێك.

جۆری سێیەم ، ئەوانە خاوەن بیرو باوەڕی خۆیانن ، پەروەردەیەکی جوان کراون ، خاك و وڵات و نیشتیمان و مرۆڤیان خۆش دەوێت ، لە کارو

پیشەی خۆیان دڵسۆزن ، بۆ هیچ کەسێك کار ناکەن بەڵکو هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن ، ناتوانن خیانەت یان دریغی بکەن لە کارەکانیان ، هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیان لە هەموو هەستێك بەرزترە ، شارو گەڕەکی خۆیان بە پیرۆز دەزانن ، پیشەو کاریان لە خۆیان خۆشتر دەوێت.

لەو ٣ جۆرە کەسانەی ناو کۆمەڵگە کامیان براوەن ؟

ئەکید جۆری سێیەم کە هیچ هێزو لایەنێك ناتوانێت بیجوڵێنێت ، لە هەموو بارودۆخێکدا براوەن ، سەربەرزن لە ژیان و دوای کۆچکردنیشیان باسیان بە باشە دەکرێت . چونکە شوێن پەنجەیان دیارە ، کۆمەڵگە ، نیشتیمان بەو کەسانەوە بەڕێوە دەچێت " ئینتیمای ئەوانە لە هەموو ئینتیمایەکی هەر تاکێك جوانترو پیرۆزترو بە نرخترە .

## چیرۆکێک هەزار عیبرەتی تێدایە

دەڵێن پاشایەك فەرمانیدا کە ١٠ سەگی درەندە بەخێو بکات و بەشێوەیەك پەروەردەیان بکات بۆ ئەوەی هەر وەزیرێك ئەگەر هەڵەی کرد ئەوا بیخاتە بەردەم دڕەندەیی ئەم سەگانە . ڕۆژێك یەکێك لە وەزیرەکانی رایەکی جیاوازی هەبوو لە گەڵ پاشادا ، بۆیە پاشاکەی فەرمانیدا کە فڕێ بدرێتە بەردەم سەگەکان . وەزیرەکە ووتی جەنابی پاشا " من بۆ ماوەی ١٠ ساڵە خزمەتت دەکەم بەم شێوەیە رەفتارم لە گەڵ دەکەیت "؟؟ داوای کرد کە بەر لەوەی ئەم فەرمانە جێبەجێ بکات ١٠ رۆژ مۆڵەتی پێ بدات .

پاشاش وتی فەرموو ١٠ رۆژ مۆڵەت بۆ تۆ. وەزیرەکە چووە لای پاسەوانی سەگەکان و ووتی دەمەوێ بۆ ماوەی ١٠ رۆژ من خزمەتی ئەو سەگانە بکەم . پاسەوانەکە رێگەیدا کە وەزیرەکە ئەم ١٠ رۆژە سەگەکان بەخێو بکات و لایان بێت. وەزیرەکە ئەو ماوەیە زۆر ئاگاداری سەگەکان بوو و خواردنیانی پێ دەداو دەیانیشووشت و هەموو جۆرە حەسانەوەیەکیانی بۆ فەراهەم کردبوو . دوای ئەم ١٠ رۆژە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکەی پاشا هات و وەزیرەکەیان لە گەڵ سەگەکان خستە بەندینخانە و پاشا و کەسانی نزیکی سەیریان دەکرد بزانن چی روودەدات ، بەڵام سەگەکان چوونە بەردەم قاچی وەزیرەکە و نوزە نوزیان دەکرد . پاشا گوتی ئەمە چیە چی لەو سەگانە کراوە . وەزیرەکە ووتی: من بۆ ماوەی ١٠ رۆژ خزمەتی ئەم سەگانەم کردووە و بەڵام ئەم سەگانە ئەو خزمەتەیان لە بیر نەکرد ، بەڵام من ماوەی ١٠ ساڵە خزمەتی تۆ دەکەم هەموو ئەو خزمەتەمت لە بیر کرد.

پاشا دوای وتەی وەزیرەکەی بڕیاریدا کە لێیببورێت.

ئەمە چیرۆکێکە پێشکەش بەو کەسانەی کە پێویستە پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان لە بیر نەکەن بەهۆی هۆکارێکی بچووك یان بێ بەها و ناکرێت رابردوو هەمووی بسرێتەوە بەهۆی هەڵوێستێك کە جێگەی رەزامەندی نیە.

ئەبێ بزانن کە چۆلەکە مێرووله دەخوات بەڵام کاتێك دەمرێت مێروولەکە ئەو دەخوات.

بارودۆخ گۆرانكاری به سەر دێت .... بۆیه به كەم سەیری هیچ كەسێك مەكه باسی ئازایەتی گورگ دەكەن كه مەترسیداره ، بەڵام رقیان له سەگ دەبێتەوه كه پاسەوانی مرۆڤه.

زۆر كەس هەن رقی لەو كەسەیه كه خزمەتی دەكات بەلام رێز لەو كەسه دەگرێت كه بەردەوام ئیهانەی دەكات

## ئێمەو ئەوان

سیلڤیا لۆرمان وەزیری پەروەردەی ویلایەتی ویستڤالیا له باكووری راین له وڵاتی ئەلمانیا له وتەیەكیدا دەڵێت : وانەی ئاینی ئیسلام سەرچاوەی شانازییه بۆ ئێمه و هێز دەبەخشێته قوتابیان و خانەوادەكانیان . ویستیڤالیا یەكەم ویلایەتی ئەلمانیيایه كه وانەی ئاینی ئیسلامی بۆ قوتابیانی موسلمان له ٤٤ قوتابخانەی بنەرەتیدا دەخوێندرێت. وەزیری پەروەردەی ئەلمانیا وتی ئەمه هەلێكه بۆ قوتابیانی موسلمانان كه له قوتابخانەكانی ئەلمانیا فێره ئاینی خۆیان بكرێن هەروەك مەسیحی و جولەكه.

ئەوەی لێره دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیه ، كه وەزارەتی پەروەردە لەلای خۆمان تا ئێستا نەیاتوانیوه وەكو پێویست قوتابیانمان فێره وڵاتپارێزی و نیشتیمانپەروەری و دڵسۆزی بكات ، قوتابیان دوور دەخەینەوه له فێربوونی زمانی عەرەبی و دەڵێن كه ئەو زمانه هی دوژمنه و فێری نەبن و نموونەش زۆره ، دەبینیین كه دەرچوانی زانكۆش ناتوانن رستەیەكی زمانی عەرەبی بنووسن یاخود تێبگەن ، جگه لەوەش لەناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا به سەدەها پەیامی مرۆڤایەتی تێدایه ،

که ئێمه وەك موسلمان نەماتوانیوە ئەو پەیامە پیرۆزانە لەژیانی رۆژانەماندا تەرجەمەی بکەین و پێوەی پابەند بین.
ئی باشە نە پەیامی نەتەوەیی و نە ئاینی نە ویژدانی هتد ، ئەگەر لە دڵ و دەروونی منداڵان نەتوانرا بچەسپێنیین ، ئەی کوا پەروەردە و کوا فێر بوون ؟

## ئەوەی کار نەکات هەڵە ناکات

من بڕوام بەم وتەیە هەیە کە (( ئەوەی کار نەکات هەڵە ناکات و ئەوەی هەڵەش نەکات فێر نابێت )) بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەسانێك هەن کە لە پڕێکدا بوونەتە کوڕ و بوونەتە خاوەن پۆستی جیا جیا لە نێو حزب و حکومەتدا نەك بەوەی کە کاریان کردووە و فێر بوونە ، بەڵکو لە رێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەحسوبیەت گەیشتوونەتە ئەو پلەو پایانە کە بەداخەوە ئەو دەردو بەڵایە بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسێك پۆست وەربگرێت چونکە خزمی فیلان کەسە و کەسێکی دیارە ، ئەگەر هەڵەشی هەبێت و بەردەوامیش بێت لە هەڵەکان ئەوا بۆ ئەو ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان شوێنی هەموو یاساو رێساکان دەگرێتەوە . بە هەر حاڵ ئەوەی کار دەکات و چەند جارێکیش هەڵە دەکات ئەبێتە مرۆڤێکی داهێنەر ، شکستهێنان و هەڵەکردنیش یەکەم هەنگاوە بەرەو سەرکەوتن . بەڵام زۆر بە داخەوە ئەو پێوەرە لە وڵاتی ئێمەدا بوونی نییە . ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە شەو و رۆژێك بوونەتە خاوەن پۆستی باڵا با باش بزانن کە لە دونیا هیچ مرۆڤێك نییە لە هەڵە بەدوور بێت و هەڵەی نەکردبێت ،

ئەوەی تا ئێستاش هەڵەی نەکردبێت هیچ ئەزموونی نییە فێرە هیچ شتێك نەبووە . بەپێی گوتەی فەیلەسووفی یۆنانی مارکۆس ئۆریلیۆس ((ئەو کەسە لە دایك نەبووە کە هەڵەی نەکردبێت )).

لە وڵاتی ئێمە تا ئێستا سیستەمێکی روون و ئاشکرا نییە بۆ چاکسازی و راستکردنەوەی هەڵەکان بەڵکو ئەگەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دووچاری هەڵەیەکی ئیداری بێت یان هەر هەڵەیەکی دیکە ئیدی تەواو ، لە هۆکارو راستیەکان ناپرسن ، تەنها ئەوە دەپرسن کە ئایا ئەو کەسە پشتی هەیە یان نا ؟ ئەگەر پشتی هەبوو ئەوا خۆیان بۆی دادەپۆشن ، ئەوەی پشتیشی نەبێت ئەوا تا رۆژی قیامەت سزای دەدەن . ئەوە وڵاتی منە . هیچ شتێك نییە پێوەرێکی هەبێت . ئێستا نەك لای من بەڵکو لای هەموو تاکێك بە هەزارەها نموونە بەناو مێشیکیدا دەخولێتەوە . بۆیە خەڵك پەنا بۆ کاری جیدی نابات و حەز دەکات ئەگەر فەرمانبەر بوو بن دیوار بێت و هیچ کاری نەبێت و دەوام نەکات .ئەوەی تر کە دەوام دەکات بۆ ئەوەی هەڵە نەکات ، بەردەوام دەڵێ ((نازانم و ئەو کارەم نەکردووە)) و خۆی لە کارکردن دەدزێتەوە. جا چۆن ئەو وڵاتەم دەبێتە وڵاتێکی دامەزراوەیی کە یاسا تێیدا بەرقەرار بێت و هەر تاکێك تیایدا ئەرك و مافی خۆی بزانێت و ئەم وڵاتە بە هی خۆی بزانێت ؟؟ زۆر لەوانەی کە لە وڵاتەکەی مندا سزادراون زیرەکترو لێهاتووترن لەوانەی کە خاوەن بڕیارو پۆستن. با کەسێك ئاشکرا بکات ، کە ئایا لە چ بوارێك پێوەر هەیە کە راست و دروست بێت و بە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەم

جێبەجێکرابێت ؟ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە بەرزی باڵەخانەکان و پێشکەوتنی ئابووری ، شیرازەی تێکچووی کۆمەڵگە چارەسەرناکات.

## قسە لە گوللە بەهێزترە

قسە کردن و دەربڕینی ووشە لە دەمی هەر مرۆڤێکدا پێویستی بە بیرکردنەوەو چۆنیەتی دەربڕین هەیە ، کەچی تا ئێستا لەلای ئێمە ، هەندێ کەس نەیتوانیوە وەك پێویست قسە بکەن واتا ئادابی قسە کردن نازانین کە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە نەك تەنها شیرازەی پەیوەندی نێوان دوو کەس بەڵکو شیرازەی کۆمەڵگە تێك دەدات . ووشە هەیە کاتێك لە دەم دێتە دەرەوە زۆر بەهێزترە لە گوللە ، بەهەمان شێوەی گوللە کەسی بەرامبەر دەکوژێت.

ئایا تۆ بیر دەکەیتەوە کاتێك قسە دەکەیت ؟ ئایا ئەو ووشانەی کە بۆ هاورێیەکت دەینووسی ،گرنگی پێ دەدەیت بەر لەوەی بینێریت ؟؟ هاورێیان ، قسەکردن و دەربرینی ووشە مەترسیدارترین چەکە ، بۆیە پێویستە زۆر بە وردی مامەڵەی لە گەڵدا بکەین . ئاگادار بە لە دەربرینی ووشەیەکی نابەجێ نەبیتە هۆی کوشتنی کەسێك یاخود دروستکردنی نەخۆشیەکی دەروونی هەتا هەتایە.

زەرەر ناکەیت کاتێك ووشەی جوان ئاراستەی کەسێکی نزیکت دەکەیت ، کاتێکیش قسەیەکی ناشرین و نابەجێ دەکەیت زیانێکی گەورە دەبەخشێت.

ئایا ئەو کەسەی کە بە وتە رەق و ناشرینەکان دەیکوژی ، هەموو جار دەتوانی ئاشتی بکەیتەوە ؟

هاورێی زێدە ئازیز ، پێویستە ووشەکان خاوێن بکەینەوە بەر لە دەربرینی، چونکە باش بزانە لەنێو خەڵکێکدا دەژین کە هەر هەموویان خاوەن هەستی جوانن ، ئەگەر ئێمە نەیبینیین لە روخساردا بەڵام لەناخیان و ناخی خۆشماندا تەئکید بە بوونی هەیە.

## ژیان خەیاڵێکی پوچە

هەندێ شەو دادەنیشم بیر لەو ژیانەی ئەمرۆ دەکەمەوە و سەیری ئەو رووداوانە دەکەم کە رۆژانە لە دەوروبەرم روودەدەن ، هەموو ئەو رووداوانە دژ بەیەکن واتا دوورن لە واقیع ، وای لێهاتووە ئەم قسانەی کە گوێمانی بۆ شل دەکەین بە دەگمەن راست و دروست دەردەچێت . ئەوەیە ژیانی ئەمڕۆمان.

تا ئێستا ئێمە نازانیین و نەمانزانیوە چۆن بژین . کاتێك کەسێك دەبینی کە زوڵم دەکات ، هەوڵ دەدەیت بەهەمان شێوە روو بەرووی ببیتەوە ، ئەمە چارەسەرە ؟؟، هەوڵ دەدەی کە ئەم کۆسپە لە سەر رێگە لابدەیت و لە شوێنی ئەو دابنیشی ، کەواتە هیچ جیاوازییەکت نەبوو لە گەڵ ئەو .......

لوتکەی بێ بەهابوونی مرۆڤ ئەو کاتەیە کە بانگەواز دەکات کە من لەو هەلوێستە پاشگەز نابمەوە کەچی لە یەکەم تاقیکردنەوە خۆی رادەست دەکات و چاوی خۆی شۆر دەکات و دەڵێ ماندوو بووم .

لوتکەی بێ بەهابوونی ئەم ژیانە ئەو کاتەیە کە سەیری جل و بەرگت دەکەیت لە ڕەوشتت و لە خۆت زۆر بە نرخترە.

هەروەها نمونەی تر زۆرن لەوانە: زۆر سەیرە باسی یاسا دەکەیت و داوا دەکەیت کە هەموو کەس پابەندی بێت کەچی خۆت یەکەم کەسی پێشێلی یاسا دەکەیت.

هەندێ نووسەرو بەناو خەڵکی ڕۆشنبیر زۆر جار باس لە دیاردەیەك یان حاڵەتێکی ئاسایی دەکەن و زۆر بە زەقی دەیوروژێنن. کەچی چاوپۆشی لەو زوڵم و گەندەڵییە دەکەن کە گەورە بەرپرسانی وڵاتەکەیان ئەنجامی دەدەن . ڕۆژگارێکی سەیرە ئەمڕۆ خێزانێکی بچووك هەوڵی خانووێکی گەورە دەدات ، خاوەنی زۆر لە هۆکاری حەسانەوەن بەڵام کاتیان نییە . لە وڵاتەکەمان زۆر کەسی شارەزامان هەیە بەڵام کێشەکان زیاترن . داوو دەرمانێکی زۆر و تەندروستیەکی خراپ ، زۆر هەوڵی زیادبوونی پارەو پول دەدەین بەلام لە بەها کۆمەڵایەتییە پیرۆزەکان کەم دەکەینەوە . ژمارەی پیاوان لە زیادبوون دان ، بەڵام پیاوەتی کردن بەهاکەی روو لە نەمان و بە دەگمەن بوونە ..... خاوەن خانوو و باڵەخانەی بەرز و زۆری خێزانی هەڵوەشاوە و پڕ کێشەین . ئەوانە هەمووی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمان پێك دەهێنن.

## هەست بە تەنیایی دەكەم

ماوەی ساڵانێكە چاوەڕوانی ڕۆژێكی نوێم ، كەچی تا ئێستاش هەر چاوەڕوانم، باوەڕ ناكەم ئەم ڕۆژەش ببینم یان بوونی هەبێت. ڕۆژگارێكی زۆرم بە سەر برد بەڵام نەمزانی كە چۆن بەسەر چوو، ژیان تەواو دەبێت، كەچی، من هەر وەك خۆم ماوم.

لە وڵاتێكداین یاساكان هەمووی باس لە ئازادی دەكەن، كەچی مرۆڤەكان واتای ئازادی نازانن.

هەموو باس لە ئازادی و سەربەستی دەكەن، كەچی هەموو دژایەتی یەكتر دەكەن.

ڕاستگۆیی ڕاستەقینە لەم وڵاتەی من بوونی نییە. ڕاستگۆیی كلیلەكەی وەفایە، كەچی وەفا وتەیەكی بێ مانایە.

ناخۆشترین شت لە ژیاندا ڕوو بە ڕووی ببیەوە ئەوەیە كە لە وڵاتێكدا بژی خۆت بە غەریب بدۆزیەوە لە نێویدا. ڕاستگۆیی تێیدا نامۆ بێت، كاری باشە ساویلكەیی بێت.

وڵاتێك تەنها باڵەخانەی بەرز و قسەی زل زل و هەر یەكەو ڕا دەكات بۆ ئەوەی ببێتە كارمەندێكی پایەبەرزی حكومەت، بڕوانامە بەدەست هێنان وەك ئاو خواردنەوە وایە بە شەو و ڕۆژێك دەبیتە پرۆفیسۆر، كەچی هیچیش نازانی، هەر كەسەو حەز دەكات مووچەكەی ١٠ ملیۆن بێت و بن دیوار بێت، خۆشی لە هەموو كەسێك بە مەغدوردەزانی.

ئەگەر هەندێ مەجلیس ببینی زۆر سەیرە، هەر كەسەو هەوڵ دەدات پۆست وەربگرێت، تا گیرفانی پڕبكات، نەك خزمەت بكات.

له وڵاتەکەمدا خەڵك ئەوەندە هەوڵ نادات خۆی رۆشنبیر بکات ، بەڵام هەوڵ دەدات قاتێك بە ١٥٠٠ دۆلار لە بەر بکات ، تا بە مامۆستا و ئاغا بانگی بکەن.

هەندێك کەس هەن نازانن دوو قسەی بە سوود بکەن ، بەڵام پێیان خۆشە پێیان بڵێی جەنابی مودیر.

کاری باشە و قسەی خێر نابیسی ، تەنها لە گەڕەکە هەژارەکان و لای خەڵکی هەژارو خەڵکی زۆر سادە نەبێت.

ئەم وڵاتە سەیرو سەمەرەیە ، چۆن دەکەوێتە سەر ئەو رەورەوەیەی وڵاتانی دیکە کە هەر رۆژەو هەنگاوێك پێشدەکەون ، کەچی ئێمە هەر رۆژەو بە دەیەها کەس لە سەر دەیەها کێشەی نامۆ دەکوژرێن

## پەروەردە دواتر فێرکردن

ئەمرۆ ئەگەر سەیری کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کورد بەتایبەتی بکەین ، هیچ کەم و کوڕییەك بەدی ناکەین لە زانینی زانست و زانیاری چونکە سەرچاوەی زانست و زانیاری بەربڵاون، هەر تاکێك هەوڵی بۆ بدات دەتوانێت بەدەستی بێنێت. بەڵام ئەوەی کە کەموکوڕییە لە نێو کۆمەڵگادا، نەبوونی ئادابی مامەڵەکردن و رەوشت و ئالۆزی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو هەست نەکردنە بە بەرپرسیارییەتیی و رێز نەگرتنە لە گەورەو بچووك و خراپی مامەڵەکردنی بازرگانەکان و ناعەدالەتی دەسەڵاتداران و دزینی مافی خاوەن کارە لەلایەن کرێکارو، رێزنەگرتنی نەتەوەو نیشتیمانە.

ئەمانە نموونەی وا نیین و بیردۆز نیین کە نەتوانرێ جێبەجێ بکرێت ، بەڵکو حەقیقەتێکی نادیارە کە دەکرێت دیار بێت ، ئەگەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە ئیرادەی هەبێت و هەوڵی بۆ بدات.
بەچی هەوڵ دەدرێت ؟

بەڵێ بە پەروەردە ، پەروەردەیەکی راست و دروست . ئایا ئەوە راستە کە تەنها لەبەر زیرەکی لە قوتابخانە و لەخوێندن قوتابیانمان خۆش بوێت بێ ئەوەی سەیری رەوشت و جوڵانەوەی بکەین؟

گەر ئەم پرسیارە لە من بکەیت دەڵێم قوتابی بەبێ بوونی رەوشتێکی بەرز هیچ ناهێنێت و سوودی نییە ، چونکە کاتێك ئەم قوتابییە گەورە دەبێت لەوانە ببێتە دکتۆرێك کە هۆکار بێت لە کوشتنی کەسانی دیکە ، بۆیە سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك پێویستە لە پەروەردەوە دەستپێبکات بەر لەوەی جەخت لە فێرکردن بکاتەوە ، پێویستە قوتابیان فێری ئەدەب و رەوشت بەرزی بکرێن ، بەر لە فێرکردنی یاساکانی بیرکاری و فیزیا و کیمیاو زانستەکانی دیکە.

## رێز لە مامۆستا بگرن

پیشەی مامۆستا بە گرنگترین و پاکترین پیشە دادەنرێت، و مامۆستایان بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورەیان لە ئەستۆدایە ئەویش گەیاندن زانست و زانیاری و پێگەیاندنی نەوە دوای نەوەیە بۆ ئەوەی خزمەتی کۆمەڵگەو نیشتیمانەکەیان بکەن. پێشکەوتنی هەر وڵاتێکیش پەیوەستە بە پێوەرێك ئەویش گرنگی دانە بە مامۆستایان و پرۆسەی

فێرکردن . پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە سەر چەند بنەمایەك دەوەستێت، گرنگترین ئەو بنەمایانە مامۆستایە کە بڕبڕەی پشتی پرۆسەکەیە . لە ژێر دەستی ئەودا پزیشك و ئەندازیارو ئەفسەرو کەسانی ئەکادیمی پێڕادەگەن وەك دەڵێن کە خوێندەواری وەك بینینی چاو وایە ئەوەی نەخوێندەوار بێت وەك کوێر وایە ، کەواتە ئەوەی تەنها و تەنها خوێندەواریشی هەبێت ،بۆ رۆڵی مامۆستا دەگەرێتەوە . ئەو ئەرکەی مامۆستا ئەنجامی دەدات تەنها ئەرك نییە بەڵکو گەیاندنی پەیامێکی پیرۆزە ، بۆیە پێویستە پێگەی مامۆستا لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بە بەراورد لە گەڵ پیشەکانی تردا زۆر جیاواز بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هەنگاوی نەوعی بهاوێژێت . هەروەها مامۆستایانیش پێویستە هەوڵی گەڕاندنەوەی پێگەی خۆیان بدەن لە نێو کۆمەڵگەدا ئەویش بە پابەندبوون بە داب و رەفتاری جوان و هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتە پیرۆزە بە هەموو توانایەك و دڵسۆزی و رۆڵی خۆیان ببینن نەك تەنها لە ناو قوتابخانە بەڵکو لە دەرەوەش لەناو کۆمەڵگەو نیشتیمانەکەیان.

مامۆستایان لەو چەندین ساڵەی دواییدا بە تەواوی پەراوێز کراوە و ئەوەش یەکێکە لە تێکچوونی رەوشی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێم کە وەك پێویست نییە و یەکێك لە کێشەو گرفتەکانی ئەمڕۆی مامۆستا بزربوونی بەها و پێگەکەیەتی لە نێو قوتابیان کە بە چاوێکی رق و کینە سەیری مامۆستا دەکات نەك وەك باوکێك و برا گەورەیەك ، هەتا باوك و دایکانی قوتابیان تەقدیری رۆڵی مامۆستایان ناکەن و وەکو پێویست رێزی لێناگرن . بۆیە چۆن دەکرێت مامۆستا بەم شێوەیە سەیری بکرێت

و دڵسۆزیش بێت لە کارەکەی . با ئێمەی مامۆستایان خۆمان لە گەڵ وڵاتانی رۆژئاوا بەراورد نەکەین ، خۆ ژاپۆن وڵاتێکی رۆژهەڵاتییە تەنها سەیری ئەم وڵاتە بکە کە چۆن هەنگاویان ناوە و چۆن گرنگی بە مامۆستا دەدەن و پێگەی مامۆستا لەم وڵاتە چۆنە ؟ ژاپۆن بڕوای بە نوێبوونەوەو و پێشکەوتن و پاراستنی کەلتوور و دامەزراوە نەتەوەییەکان هەیە . مرۆڤی ژاپۆنی هاوچەرخ بەشێکی هەرە زۆری کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو سیستەمە پەروەردەییەی کە لە وڵاتەکەی پەیرەو دەکرێت . مرۆڤی ژاپۆنی هەست دەکات ئەگەر کار نەکات ولاتەکەی هەرەس دێنێت و نامێنێت . لە ئیمبراتۆرێکی ژاپۆنییان پرسی ، هۆکاری پێشکەوتنی وڵاتەکەتان چییە ؟ لە وەڵامدا وتی : مامۆستا حەسانەتی دبلۆماتی هەیە و مووچەی وەزیرێك وەردەگرێت . بەڵێ ئەم وڵاتە دوای کارەساتەکانی جەنگ تەنها بیری کردەوە کە وڵات تەنها لە رێگەی پەروەردەوە دەکەوێتەوە سەر پێ. بەبۆنەی جەژنی مامۆستایان کە ٦/١٠ی هەموو ساڵێك ئەنجام دەدرێت ، با ئاورێك لە مامۆستایان بدرێتەوە و ئەو رۆڵەی کە هەیەتی لەناو کۆمەڵگە لە ئێستا و رابردوودا بەرز بنرخێندرێت و رێزی لێبگیرێت.

## پاراستنی ئاسایش ئەرکی هەموو تاکێکە

ئاسایش گرنگیەکی گەورەی لای هاوولاتی هەیە بەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانیدا هەیە ، بەواتایەکی دیکە ئاسایش حالەتێکە کە مرۆڤ تێیدا پارێزراو دەبێت و دوور دەبێت لە هەر هەرەشەیەك و مرۆڤ

هەست دەکات کە دووره لە ترس و دڵەراوکێ ، گرنگی ئاسایش هەر ئەوە نییە بەڵکو بەهایەکی بەرزی هەیە بەوەی دڵنەوایی دەبەخشێتە مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا ، هەروەها بنەمایەکی سەرەکی گەشەپێدانە.

بۆ دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی هەر تاکێك یان کۆمەڵگەیەك یان وڵاتێك یان نەتەوەیەك ، پێویستیمان بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو تاکێك دەبێت بۆ ووشککردن و بنبرکردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و راوەدوونانیان ، هەروەها پێویستیمان بە دابینکردنی خەرجییەکی باش دەبێت بۆ پێشخستنی دەزگا ئەمنییەکان ، جگە لە مەشق پێکردنی هێزە تایبەتییەکان بۆ ئەوەی توانای رووبەرووبوونەوەیان هەبێت.

ئاسایش بوارێکی فراوانە هەر لە ئاسایشی تاکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئاسایشی نیشتیمانی و هەرێمی و نەتەوەیی ، بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتن و زاڵ بوون بە سەر تیرۆر و تیرۆریستان و ئەو کەسانەی هەوڵی شێواندنی ئەمن و ئاسایش دەکەن ئەوەیە کە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە یەکگرتوو بن و هەر تاکێك هەست بە ئینتیمای نیشتیمانی بکات و هەست بکات کە نیشتیمان هی ئەوە و پێویستە بەرپرس بێت لە پاراستنی.

کەواتە ئەرکی پاراستنی ئاسایش ئەرکی هەر تاکێکە و هەروەها بەرپرسیاریەتی کۆمەڵگەیە بەتاك و بە کۆمەڵ . لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پێویستە دەزگاو دامەزراوە پەروەردەییەکان زۆر گرنگی بەم لایەنە بدەن و ئەم هەستە لای قوتابیان و مناڵانی کورد دروست بکەن بەوەی بەشدار بوون لە پاراستنی ئەمن و ئاسایش ئەرکێکی نیشتیمانییە.

خێزانیش بەهەمان شێوە کە قوتابخانەی یەکەمە لەم بوارەدا پێویستە رۆڵی هەبێت بەوەی یەکەم دامەزراوەیە کە منداڵ لە باوەش دەگرێت و پێویستە بە شێوەیەکی باش بە پلانێکی تۆکمە منداڵەکانی پەروەردە بکات و لەم بوارەدا ئاراستەیان بکات

## پلان و ئامار دوو بنەمان بۆ پێشکەوتنی هەر وڵاتێک

ئەگەر دەستەواژەی (( گەشەسەندن بێ ئامار نابێت )) راست و دروست و گونجاوبێت لە رووی بنەما و چەمکی ئابووریدا دەبێ دەستەواژەی ((گەشەسەندن بێ پلانیش نابێت ((هەمان پێگەی هەبێت و پێویستە لە گەڵ دەستەواژەی یەکەمدا زیاد بکرێت ، چونکە ئامار و پلان پێویستی سەردەمەو زۆریش گرنگی خۆی هەیە . پلان بریتییە لە رووناککردنەوەی رێگەی تاریك ئەویش بە دانانی بەرنامەو دیاری کردنی پێویستییەکان. پرۆسەی گەشەسەندن بەشێوەیەکی راستەخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئامارەوە کە لەلایەن پلاندارێژەکان بەکاری دەهێنن لە کارەکانیان . هیچ پلانێکی گەشەپێدانیش سوودی ئەوتۆی نابێت ئەگەر پشت بە ئامارەوە نەبەستێت . بۆیە پلان و ئامار دووچەمکی تێکهەڵکێشن و نابێت لێك بترازێن . بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان فشار بخاتە سەر حکومەتی ئیتیحادی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی ، ئەگەر نا با حکومەتی هەرێم هەوڵی ئەوە بدات کە سەرژمێرییەك بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات و تا پلانەکانی حکومەت بەپێی داتاو

ژماره بێت و پرۆسەی گەشەسەندنیش لە سەر ئەم بنەمایە دروسترو زانستیانەتردەبێت

## رۆژهەڵات و رۆژئاوا

سیاسەتی رۆژهەڵات بێ بنەماو هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نییە تەنها بۆ بەرژەوەندی تەسك و سنووردارکردنی دەسەڵاتە کە لە یەك چوار چێوەدا دەخولێتەوە ، بەڵام سیاسەتی رۆژئاوا لە سەر بنەماو ستراتیژیەتێك و ئامانجێکی پتەو بنیادنراوە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگە دەکات ، دەسەڵات ئامرازێکە بۆ خزمەت کردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. دامەزراوەکانی حکومەت لە رۆژهەڵاتدا ئەلقەی لێك دابڕاون و بێ پلان هەر دامەزراوەو بۆ خۆی کار دەکات و ئاگاداری دامەزراوەکەی دیکە نییە . بەڵام لە رۆژئاوا دامەزراوەکانی حکومەت ئەلقەی پێکەوە بەستراوەن و یەك پلانی ستراتیژی هەیە یەك یەکتر تەواو دەکەن و ئاگاداری کارو چالاکییەکانی یەکترن . ئۆپۆزسیۆن لە رۆژهەڵات وەك مۆرانە وایە هەموو هەوڵی تێکدانی بارودۆخ و ئالۆزکردنی پەیوەندییەکانە بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەك یان بەرنامەیەکی تۆکمەی هەبێت ، بەڵام لە رۆژئاوا ئۆپۆزسیۆن لە گەڵ حکومەت هەردووکیان لە دەسەلات و لە دەرەوەی دەسەلات ستراتیژیەتێك هەیە کە لێی دەرناچن ، ئۆپۆزسیۆنیش بە کردار حکومەتی سێبەرە هەموو کارێك دەکات کە دەسەلات نەیتوانیوە ئەنجامی بدات و هەوڵی جیدی دەدات بە پرۆژەو کردەوەکانی لە ئایندەدا دەسەلات بگرێتە دەست ئەویش لە رێگەی

هەلبژاردنەکانەوە ، ئایین تەواو کەری دامەزراوەی پەروەردەییە لە رۆژئاوا و لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە شان بە شانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی ناحکومی هەوڵی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەدات ، بەڵام ئایین لە رۆژهەڵات وەك ئامرازێك لە گەڵ سیاسەت تێکەڵ دەکرێت و مەرامی سیاسی پێ دەشارنەوە ، کە نەبووە و نابێت بەهیچ شێوەیەك ئایین بکرێتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەلات ، بەڵکو پێویستە ئایین لە بەرژەوەندی تاك و گەشەکردنی تاك لە سەر بیرو رای دروست بەکار بهێنرێت.

## چۆن کەسایەتییت سەرنج راکێش دەبێت

زۆر جار لە ژیانی رۆژانەمان کەسایەتی وا دەبینین کە سۆزو خۆشەویستیمان رادەکێشێت و ئومێدی ئەوە دەخوازین کە هاوشێوەی ئەم کەسایەتیانە بین . بێگومان بۆ بەهێزبوون و سەرنجراکێشانی کەسایەتی چەندین بنەما هەن کە پێویستە مرۆڤ هەیبێت . یەکێك لەم بنەمایانە روخسارە، پێویستە روخساری مرۆڤەکە سەرنجی چاوی بەرامبەر رابکێشێت، مەبەست لە روخساریش جوانی سروشتی مرۆڤەکە نییە کە سروشتی مرۆڤ ناگۆرێت ، بەڵکو خۆ پۆشتە کردن بەجلی جوان و پاك و خاوێنی دەم و چاو و لێدانی بۆنێکی خۆش و هێمنە، مەرجیش نییە ئەم شتانە لە رووی نرخەوە گران بن، بەڵکو بەشیوەیەکی جوان هەماهەنگی لە نێوان جل و بەرگەکانی بکات و زۆر سادە بێت. هەروەها بەردەوام دەم بە خەندەبیت بۆ ئەوەی بچیتە نێو دڵانی ئەو کەسانەی کە هامشۆیان دەکەیت، دانیشتنیش بنەمایەکی دیکەیە کە چۆن و بە چ

شێوازێك لە گەڵ هاورێیانت دائەنیشی و چۆن گرنگیان پێ دەدەیت ، لە سەردانکردنی هاورێیانت هەوڵ بدە کاتی گونجاو بقۆزیتەوە تا کەسەکە لەکار نەکەیت و بێزار نەبێت و باشتر وایە ئەو کەسە خۆی داوا بکات کە لە گەڵیدا دابنیشیت. هەوڵیش بدە بەردەوام گوێبیستی بیت و پەراوێزی نەکەیت ، کاتێك چایەیەك یان قاوەیەکت بۆ دێنێت بەر لەو مەیخۆرەوە وەك رێزگرتنێك بۆ خودی ئەم کەسە، دانیشتنەکەشت ئاسایی بێت و قاچ لە سەر قاچ دانەنێیت . هەوڵ بدە کە هەڵسوکەوتت کۆنترۆڵ بکەیت و خۆ دوور خەوە لە داب و نەریتی نەشیاو. زۆر بە ئەدەبەوە قسەی لە گەڵدا بکە، چونکە قسە کردن و گفتوگۆ ئادابی خۆی هەیە و بیر بکەرەوە ئینجا بە شێوەیەکی هێمنانە قسە بکە زۆریش رەخنەی لێمەگرە ئەگەر هاتوو قسەکانی بەرامبەریش هەڵە بێت . زۆر باسی خۆشت مەکە و وا نیشان بدەیت کە تۆ هیچت لا نییە تەنها لە باسی کردنی خۆت زیاتر . هەروەها زۆر پرسیار لە ژیانی تایبەتی ئەو کەسە مەکە ، جگە لەم خالانە پێویستە مافی ئەو کەسانە بپارێزین کە لە گەڵیان دادەنیشین و مامەڵەیان لە گەڵ دەکەین. خۆت دوور بخەوە لەو ووشانەی کە بەرامبەرەکەت پێ بریندار دەبێت، چونکە ئەوەی خۆشەویستی بچێنێت تەنها خۆشەویستی دەدوورێتەوە. خۆت لە تورەبوون بپارێزە لە کاتی قسە کردندا . کاتێك هەڵەش دەکەیت داوای لێبوردن بکە. هەوڵ بدە بەردەوام هاوکارو یارمەتی دەر بیت بۆ هاورێ و ئەم کەسانەی کە هامشۆیان دەکەیت. ئەم بنەمایانەو چەندین بنەمای دیکە هەن کە وا دەکەن کەسایەتییت لە نێو هاورێیانتدا سەرنجراکێش بێت و جێگەی رەخنەگرتن نەبێت.

## هاوڕێی چاك گەنجینەیەکە پێویستە بەدوایدا بگەڕێین

ژیانی مرۆڤ بریتییە لە پەیوەندی کردن لە گەڵ کەسانی دیکە لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەم پەیوەندییەش فراوان یان تەسك دەبێتەوە بەپێی بەرژەوەندییەکان، زۆر جاریش لە دڵەوە ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت کە لە زمانی عەرەبی بە(الصداقە) ناو دەبردرێت . ئیمامی عەلی خوا لێی ڕازی بێت داوا لە کوڕی خۆی دەکات و پێی دەڵێت (( بنی : الصدیق ، ثم الطریق) . واتا هاورێ دیاری بکە ئینجا رێگا بگرەبەر کەواتە هاورێیەتی وەك قەلغانێك وایە بۆ مرۆڤ مرۆڤ بێ هاورێ چۆن دەتوانێت بە سەر کۆسپ و تەگەرەکان زاڵ بێت ، چۆن سەرکەوتوو دەبێت لە ژیانیدا بێ بوونی هاورێی چاك . هاورێیەتی هونەرە ، هاورێیەتی خۆشەویستییە . لە زمانی عەرەبیدا (الصداقە ) لە (الصدق) ـەوە هاتووە واتا لە ڕاستگۆییەوە هاتووە، کەواتە هاورێیەتی واتا برایەتی و ئامۆژگاری، هاورێ واتا ئەوەی ڕاستگۆیە لە گەڵتدا.

هاورێیەتی پەیوەندی نێوان دوو کەسە کە هەست و ویژدانی یەکتر دەخوێننەوە و یەك یەکتریان تەواو دەکات. ئەم حالەتەش پێویستی بە ئامادەکاری هەیە ئەویش پابەندبوونە بە ڕەوشت بەرزی و خۆدوور خستنەوەیە لە سوود لە یەکتر وەرگرتن و بەرژەوەندییەکان.

بەڵێ هاورێیەتی ئامانجێکی هەرە پیرۆزی هەیە و ئامرازێکی بازرگانی بێ بەها نییە ، هونەرێکە کە تیایدا ئارەزوو و بیرو هۆش و دڵ و ویژدان پێکەوە بەستراون و کار لێك دەکەن و وەك هاوکێشەیەکی کیمیایی هاورێیەتی پێکدەهێنن.

هاورێی چاك كاریگەری لە سەر ژیانی تاك و كۆمەڵگەدا هەیە بۆیە پێویستە بەدوای كەسانی كاریگەر بگەرێین تا هاورێیەتیمان قبوڵ بكەن، یەكێك لە سیفەتە هەرە بەرزەكانی هاورێی چاك كەسێكی خاوەن زانست و زانیاری و وەفاو رەوشت بەرز و راستگۆ بێت.

هاورێیەتی گرنگیەكی دەروونی هەیە بۆ سەر مرۆڤ بەوەی مرۆڤ هەست بە خۆشەویستی و بەشداری ویژدانی دەكات ، لە كاتی تەنگانەدا پەنای بۆ دەبات. كەواتە هاورێیەتی خۆراكی رەوشت بەرزییە و بنەمای مرۆڤایەتی بنیاد دەنێت، خەزینەیەكە پێویستە بەدوایدا بگەرێین تا دەیدۆزینەوە

## ئێمە هەڵەین

من نانووسم بۆ ئەوەی خەڵك لێم رازی بن و ستایشی نووسینەكانم بكەن و پێم بڵێن دەستخۆش، لەكاتێكدا لەناخمدا ئاسوودە نەبم بەو دەربرینەی كە دەیخەمە روو، بۆ كاتێك رەخنە ئاراستەی خەڵكی دیكە دەكەم تۆ پێم دەڵێی دەستخۆش، بەڵام گەر رەخنەیەكی بچووك ئاراستەی تۆ بكەم، دوژمنایەتیم دەكەیت ؟؟ تێنەگەیشتم لە مامەڵەیەی هەندێ كەس.

ژیان چی بەسەر هاتووە، كەس رازی نییە رەخنەی لێ بگیرێت . ئێمە هەمووومان وا دەزانیین كە راستیین هیچ هەڵەیەكمان نییە. كەچی هەموومان هەڵەین كەسمان راست نیین، بۆیە ئەمرۆ ململانێكان هەموو

ئاستێکی گرتۆتەوە لەناو خێزان ، کۆمەڵگە ، دامەزراوەکان ، پارت و لایەنە سیاسییەکان کەسەکان .

بەراست و دروستی من پێتان دەڵێم ، ئێمە نەخۆشیین ، کەسمان ساغ نیین ، ئەوەی تەنها خۆی بە راست دەزانێ لە هەمووان نەخۆشترە و نزیکە مەرگە.

ئەم نەخۆشییەش تەنها یەك چارەسەری هەیە کە یەکتر قبولَا بکەین و رەخنەش وەك ستایش کردن بخوێنیینەوە.

## بۆ ئێمە پێشناکەوین

رەشبین نیم ، بەلام ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان کمەلگەی ئێمەو کۆمەڵگەکانی پیشکەوتوو دەبینین ، کە هەر تاکێك لەو کۆمەڵگانە ئەرکی خۆی دەزانێت و لە بوارێك شارەزایەو هەوڵی پێشخستنی دەدات ، بەڵام لە وڵاتی ئێمە تاکەکان خۆیان بە پسپۆرو شارەزا دەزانن لە هەموو بوارێك کەچی لە بوارەکەی خۆیاندا هیچ نازانن ، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە یەك کاتدا سیاسەتمەدارو پەروەردکارو ئابووری ناس و زانای ئاینییە و دکتۆرە و مامۆستایە.

خالێکی تر هەیە ئەویش لە کۆمەڵگەی ئێمە گوێ لە هەموو تاکێك ناگیرێت ئەگەر داهێنانێك یان راو سەرنجێکی دروستی هەبێت ، بەڵکو کەسی خاوەن دەسەڵات و پلەو پایەدار ئەوانن پێشنیاری سەقەت دەکەن و دەیسەپێنن و خەڵکێکی ماستاوچیش چەپڵەیان بۆ لێدەدەن ، بۆیە راو سەرنجەکانیان پەسەند دەکرێت .

کاتێك کۆنفرانس یان کۆنگرەیەك دەکرێت رەشنووس و بۆچوون و راسپاردەکان ئامادە دەکرێن لەلایەن بەناو پسپۆران ، خەڵکی ئامادەبووش ناتوانێت رەخنە بگرێت ئەگینا چاوی لێ سوور دەکرێتەوە . کە چۆن دەبێت رەخنە یان سەرجێکی هەبێت . ئەوەیە عەقلیەتی بیرکردنەوەی ئێمە بۆیە هیچ کاتێك لەم وڵاتەدا گەشبین نیم پێشکەوتن وەك وڵاتانی دیکەی دونیا بە چاو ببینم . هەر تاکێکیش ئەگەر بیر بکاتەوە لەو بوارەی کە تێیدا کار دەکات ، وتەکانم پەسەند دەکات.

## عەقلی بۆگەن

خوا عەقلی داوەتە زۆر لە بینەوەرەکان ، مرۆڤیش لە گەڵ ئەوەی عەقل و زانست و کارکردنی تیایە بەڵام ئەنجامەکان بەردەوام بۆ بەرژەوەندی گشتی مرۆڤایەتی نییە ، بەهۆی گەندەڵی و بۆگەنی عەقلەکان ، کە هەوڵ بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی نادات ، تەنها هەوڵ بۆ خودی خۆی دەدات ، بەو عەقلەوە و بە پێنوسێکەوە لە جیاتی خزمەت ، کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات

زۆر راستی جوان و وێنەی سپی ، رەش دەکات و راستیەکان دەشێوێنێت، زۆر کۆمەڵگە بەهۆکاری ئەو جۆرە عەقلیەتەو ئەو پێنووسە ژەهراویانە دووچاری نارەحەتی بوون ، دەیەها نەخۆشی کۆمەڵایەتی و لە رێلادان ، کوشتن و بڕین هەمووی سەرچاوەی لەو عەقلیەتە وەردەگرێت مانەوەو سزانەدانی ئەو جۆرە عەقلیەتانە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات .

## عەقلی ئیداری

هەرچەند بەردەوام پێویستیمان بە سەرکردەی ئیداری زیرەك و بە توانا هەیە لە تەواوی دامەزراوەکانی هەرێم ، بەڵام بە داخەوە کێشەو گرفتی عەقلیەتێك لای هەندێ تاکی ئیداری ئەو کۆمەڵگەیە ماوەتەوە ، کە سەرچاوەی خۆی لە خۆ سەپاندن و زلزانیین دەبینێتەوە ، شانازیش بەو شێوازە بیرکردنەوە سەقەتە دەکات ، بڕیارەکانی ئەو جۆرە کەسانە بەبێ سەیرکردن و بینینێکی راستەقینە خۆی دەبینێتەوە ، کە ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە.

ئەوە قەیرانی بوونی عەقلی ئیدارییە لە ناو لاشەی بەشێك لە دامەزراوەکانمان.

بۆیە دەتوانم بڵێم زۆر پێویستیمان بە عەقلێکی کراوەی ئیداری هەیە کە لە هەموو گۆشەکان و بنج و بنەوانی بابەتەکان بزانێت ، دواتر بە پێی رێنمایی دروست ، بە رووەکی خۆش مامەڵە لە گەڵ بەرامبەر بکات.

قۆرخ کردنی دەسەڵاتی ئیداری ، وڵات بەرەو هەڵدێر دەبات ، یاساو رێساکان ناهێڵێت و تەنها لە ناو گێژاوەیەك دەخولێینەوە بێ ئەوەی بزانیین بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین.

تا ئێستا زۆر لەوانەی کە عەقلیەتی ئیدارییان وەك پێویست نییە ، وەلائیان بۆ نیشتیمان و خاك بنەمایەکی پتەوی نییە.

پێویستە ئاراستەیەکی راستەقینە بدۆزینەوە بۆ گۆرانکاری ریشەیی بۆ بوون بە خاوەنی عەقلێکی موئەسەساتی بۆ تەواوی کەرتەکانی وڵات بۆ ئەوەی بتوانیین بەرەو ئامانجە راستەقینەکان هەنگاو بنێین

## من عاشقم

ئەوەی من بەردەوام بیری لێدەکەمەوە زۆر جیاوازە عەشقی جوانی و سروشت و پۆست و پلە و پارە و کۆشك وتەلار نیم.

باوەڕ بکەن زۆر جیام ، بەڵام دەزانم ئەوەی من عەشقی بووم لە وڵاتێکی وەکو ئێمە تەنها خەیاڵە و هیچی تر ، ئەم خەیاڵەش لە گەڵ خۆمدا لەو نزیکانە دەشاردرێتەوە و دەخرێتە ژێر گڵ.

من عەشقی پەروەردەم بە هەموو واتا جوانیەکانیەوە ، پەروەردەی خێزان، کۆمەڵگە ، قوتابخانە ، سیستەمی پەروەردەیی تەندروست.

ئەگەر لە وڵاتێك کاری لەسەر بکرێت ئەستەم نیە ، بەڵام بەرنامەو پرۆگرام و کەسانی خەمخۆری دەوێت ، دەزانن ئەگەر پەروەردە گرنگی پێبدرێت چی روودەدات ؟

هەموو مرۆڤێك لە ناو وڵات دەحەسێتەوە ، چ سەرکردەی وڵات بێت ، چ ئەندامی حزبێك بێت ، چ کارمەندێکی دەوڵەت بێت ، چ ئەندازیار ، پزیشك ، دایك وباوك ، هەر هەمووان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی هەنگاو دەنێن.

وڵات لەهەموو بوارەکانی دیکەی ژیان پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێت . چ سەربازی بێت چ لایەنە مەدەنییەکان. واتا ئەگەر لە وڵاتێك پەروەردە دروست بوو ، بزانە ئەو وڵاتە پێشکەوتووە.

داخی گرانم ، خەم لەئاستی پەروەردەی وڵاتەکەم دەخۆم ، تا ئێستاش ماوەی زیاتر لە ٣٠ سالە نەتوانراوە هەنگاوەکان وەکوپێویست بەرەو پێش بچن . ئەوەی دەبینرێت رووکەش کردنە و بەس ,دەکرا زۆر باشتر بێت

نازانم من بۆ عەشقی شتێك بووم كە گەیشتن بەو ئاواتە مەحاڵە لە وڵاتەكەم.
لەئێستادا لەچوارچێوەیەک هەوڵ دەدەین ، نازانین ئەوعەشقە بەرەو كوێ دەمانبات.

## پەروەردەو ژیان

ژیان گوزەراندن بە پێی ئەوەی تێیگەیشتووین ، رایی كردنی كارەكانمانە هەر یەكەو بەپێی ئەو كارەی ئەنجامی دەدات ، یان ئەو پسپۆرییەی كە هەیەتی ، بۆ ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ ئارەزوو و ویستەكانی خۆی بهێنێتە دی .
بەڵام هەموو كایەكانی ژیان پێویستی بە پەروەردەوە هەیە ، هیچ مرۆڤێك ، خێزانێك ، كۆمەڵگەیەك ، بێ بوونی پەروەردەیەك ناتوانێت یەك هەنگاو بهاوێژێت .
پێویستە گرنگی بە پەروەردە بدرێت ، نەك تەنها وەكو دامەزراوە ، بەڵكو وەكو بەهایەكی كۆمەڵایەتی ،
ئەگەر پەروەردەمان باش بوو ، تێگەیشتننمان بۆ یەكتر دەبێ.
ئەگەر پەروەردەمان باش بوو ، یەكترمان خۆش دەوێت.
ئەگەر پەروەردەمان باش بوو رێز لە یاسا دەگرین.
ئەگەر پەروەردەمان باش بوو ، قۆرخكاری روونادات لە بواری ئابووری و سەقامگیری ئابووری دێتە كایەوە.

ئەگەر پەروەردەمان باش بوو ، ململانێ سیاسییەکان بەو ئاستە ناگات و پیلان دژ بە یەك دابڕێژین.

ئەگەر پەروەردەمان باش بێت ، مرۆڤ ئەو پەڕی بەرێزو تەقدیرەوە سەیر دەکرێت .

ئەگەر پەروەردە باش بوو ، پلەو پۆست و کورسی هیچ بەهایەکی نابێت ، بەهای مرۆڤ بەرزتر و بەرزتر دەبێت لە پلەو پۆست .

پەروەردەت باش بێت نەرم نیان دەبی ، کەسێکی دکتاتۆر نابی و خەڵك ئازار نادەی .

ژیان بە پەروەردەوە ئاسوودە دەبێت ، بۆیە با لە خاڵی سفری پەروەردەوە دەست پێ بکەین

## کاری ئاسان قورس مەکەن

ئەمڕۆ ئەو وڵاتە پێویستی بە بەڕێوەبەردنێك هەیە کە قورسایی ژیان و گوزەران کەم بکەیتەوە ، بەڵام لای هەندێ کەس بە پێچەوانەیە ، ئەگەر چی ئەو کەسەش خۆی باوەڕی بە کارەکانی خۆی نیە.

ئەوە بۆ پرسێك یان چەند پرسێکی دیکەی پەروەردەیی کردمە پێشەکییەك

پرۆژەیەك . بەرنامەیەك هەیە ، ئەویش بنیادنانی تواناکانە ، کە خۆی لە هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان دەبینێتەوە و سەرپەرشتیاری هاوڕێی رەخنەگریش هاوکارە بۆ قوتابخانە .

بەڵام دیارە زۆر جار لەوچوارچێوەیەدا کارەکان قورس دەکرێن .

قوتابخانە چۆن پێش دەکەوێت ؟

بەر لە هەموو شتێك پلان .....      لەو بەرنامەیەش پلانی پەرەپێدان هەیە ، واتا شتێکی زیاد نیە .

پێشینان گوتویانە بەڕێوەبەر چۆن بێت قوتابخانەش وا دەبێت .... لەو بەرنامەیەش دەڵێ بەڕێوەبەر پێویستە سەرکردە بێت و زۆر لە دەسەڵاتەکان بەر ئەو دەکەوێت .

مامۆستا چۆن سەرکەوتوو دەبێت . خۆپڕ چەك کردنی زانستی ، بوونی پلان ، کاریگەری ئەرێنی بە سەر قوتابیان ، بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن . لەو بەرنامەیەش هەر ئەوە هەیە شتی زیاتر نییە .

کارگێڕی قوتابخانە بە کاری خۆی هەڵسا بێت وەك لە جاران و ئێستاش لەو بەرنامەیە رۆڵی بەڕێوەبەری سەرکردە لە کارو چالاکیەکانی رەنگ دەداتەوە .

دەڵێن نابی بەڕێوەبەر لە پشت مێز بەردەوام دابنیشێت ، لەو بەرنامەیەش هەر ئەوە هەیە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکان و دایك و باوکان بەهێز بێت .

با کار ئاسانی بکەین بۆ پێشکەوتنی قوتابخانەکان ، نەك هەر یەکەو لە لای خۆیەوە باری قوتابخانەو کارگێری قوتابخانەکان قورس نەکات .

هەوڵەکان ، بەرنامەکان ، هەمووی بۆ بەرەو پێشچوونی پەروەردەیە ، بەڵام خۆمانیش هەوڵی تێکدانی دەدەین .

## بێدەنگی

بێدەنگی : زەحمەترین زانستی قسە کردنە " زۆر ئەستەمە بتوانی مانای بێدەنگی وەك خۆی شی بکەیتەوە ، جوانترین وەڵامی هەندێ پرسیارە ، زۆر جوانە کاتێك ئەتوانی بێدەنگ بیت ، چەند جوان و قەشەنگە کاتێك تۆ پێدەکەنیت و رووت گەشاوەیە و یەکێکیش چاوەڕوانی گریانت لێ دەکات. بزانە ئەوانەی بێدەنگی دەنوێنن تەمەنیان زۆر لەوانە درێژترە کە بەردەوام قسە دەکەن ، بێدەنگی وزەیەکی بەهێزت پێ دەدات و زۆر بە هۆشیاری و زیرەکی ئەتوانی وەڵام بدەیتەوە ، هەروەها باشترین چارەسەرە بۆ کێشەکان . لە زۆر کاتدا بەتایبەتی لە حالەتە قورسەکانی پەیوەندی نێوان دوو هاورێ رێزو تەقدیر زیاد دەکات " بەپێچەوانەی ناکۆکی و گفتوگۆی بێ مانا کە لێك دوورخستنەوەو ناخۆشی لێدەکەوێتەوە . بێ دەنگی فێرت دەکات کە چۆن بتوانی گوێبیست بیت. بێزار مەبە لە بێ دەنگی و با ببێتە سەرچاوەی هێزو توانات .

## بەراستی وایە

لە ناو هەموو سێکتەرەکان ، ئەو حاڵەتانەی کە دەبینم جێگەی سەرسورمانە ، لە ١٥%ی کەسەکان خاوەن ویژدان و دڵسۆزی کارو پیشەکانیانن . ئەوەی دیکە زیاتر لە ٥٠% سوێند دەخوا و درۆ دەکات ، خیانەت دەکات و خۆی بە وەلی دادەنێت . نەزانە و خۆی بە باشترین زانا دەزانێت .

ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە ، ئەوەی نیگەرانم دەکات ، ئەو بەرپرسانەن کە خیانەتکارو دڵسۆز جیاناکەنەوەو وەکو یەکتر سەیریان دەکەن، ئەوەی نەزانە لە هەمووان زمانی درێژترە و لە کۆڕو کۆبوونەوەکان پێشنیارو سەرنجی هەیە ، خۆی بە ماف خوراو دەزانێت

نازانیین روو لە کێ بکەین ، کێ باوەڕ بە کەسی خەمخۆرو دڵسۆز دەکا ؟

دەمانەوێت ئێستا وەکو خەڵکی دیکە واز لە دڵسۆزی بێنیین ، لێ ناگەڕێن ، دەیانەوێت تووشی کیشەو گرفتمان بکەن .

هەوڵەکان بۆ باشتر کردن نیە ، بۆ ئەوەیە بێدەنگ بیت و خۆیان چیان دەوێت ئەوە بکەن .

ئێمە ئەوەندەمان پێ دەکرێت دەنگەکانمان لێرەوە بەرز بکەینەوە ، ئەگەر گوێمان لێ نەگرن ، ئەوا دەنگی ئێمەش کپ دەبێت .

## کات و پلان و ئیدارە

زۆر جار لەو وڵاتە خەڵك تووشی بێزاری و نارەحەتی دەبێت ، هۆکارەکەی چیە ؟؟

هۆکارەکەی ئەوەیە کە بە پلان کار ناکرێت ، هەروا دەکەی لە ناکاو وتیان کۆبوونەوەیە ، باشە لە سەر چیە ئەوەی کۆبوونەوە ئەنجام دەدات ، پلانی نیە، ئەوەی دەچێتە کۆبوونەوەکە نازانێت کۆبوونەوەکە لە سەر چیە.

کەواتە پلانی پێویست نیە ، لە سەر ئاستی قوتابخانەیەك تا سەرکەویت بۆ دامەزراوەکانی دیکە .

یان حیساب بۆ کات ناکەن ، چارەنووسی پرسێك کە پێویستە جگە لە پلانێکی تۆکمە بزاندرێت کەی کۆبوونەوە دەکرێت ، نەك پرسەکە دوو رۆژی ماوە ، ئینجا پەلەپەل بکەیت دەی کۆبوونەوەیە و کۆمەڵێك بارقورسی بخەیتە سەر ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کە ناتوانن لەو ماوە کورتەدا جێبەجێی بکەن . ئیدارە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لای ئێمە گرنگی پێنەدراوە ، ناکرێت کەسانی ئیداری و بەرپرس شارەزای ئیدارە نەبن ، کە ئەو توانایەیان نەبوو ، پلانیان نابێت و گرنگی بە کاتیش نادەن.

## مامۆستا و ئایندەی منداڵانمان

زۆر جار مامۆستا کاریگەری زیاتری لە سەر منداڵان هەیە بە بەراورد لە گەڵ دایك و باوکانی قوتابی . بەڵام ئایا هەموو مامۆستایان هەست بەو سەنگەو بەم بەرپرسیاریەتییە دەکەن ؟ مامۆستا چی بکات بۆ ئەوەی رۆڵی سەرکردایەتی ببینێت ؟ دایك و باوکان چی بکەن ئەگەر هەست بەوە بکەن مامۆستا رۆڵی سلبی دەبینێت بەسەر منداڵەکانیان؟

پێویستە مامۆستایان لە قوتابخانەکانیان و لە گەڵ منداڵان و قوتابییاندا رۆڵی سەرکردایەتی ببینین چونکە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی و مامۆستا خاوەن پەیامێکە و پیرۆزی خۆی هەیە وەك پیرۆزیەکانی نێردراوەکان و پێغەمبەران . مامۆستا پێویستە زۆر ئاگاداری هەڵسوکەوتی بێت لە بەردەم قوتابییەکانی و گرنگی بە روخساری دەرەوەو

جل و بەرگی بدات و کە شیاو و گونجاو بێت لە گەڵ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

هەروەها زۆر گرنگە کە مامۆستا بە شێوازێکی شیاو گفتوگۆ لە گەڵ قوتابیان و منداڵان بکات و ووشەی جوان و رێك و پێك بەکار بهێنێت . هەروەها پێویستە پەیوەندی نێوان مامۆستا لە گەڵ قوتابی ، باوکایەتی پێوە دیار بێت و سۆزی تیا بێت سوودی هەبێت . هەروەها پێویستە لە سەر مامۆستایان بە شێوەیەکی راستەوخۆ قوتابیان ئاراستە بکەن و نموونەیان لە سەر هەندێ بەهای گرنگ بۆ بهێننەوە . ئامانجە ویژدانیەکان و چاندنی ئەو بەها گرنگە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیانە لە قوتابخانەکانی ئێمە وەکو پێویست لە دڵ و دەروون و هزر و بیری قوتابیان جێگیر ناکرێت ، کە ئەمە زۆر گرنگە مامۆستایان هەوڵی بۆ بدەن چونکە زۆر لە پرۆگرامەکانی خوێندن ئەو بەها ئاینی و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیانەی تێدایە ، بەڵام ئەوەی پێویستە گەیاندن و چەسپاندنی ئەم بەها پیرۆزانەیە لە نێو بیرو هزر و دڵ و دەروونی قوتابی .

## وڵاتی خۆت خۆش دەوێ

ئێمە وەك چۆن رۆڵەی دایکەکانمانیین بەهەمان شێوە رۆڵەی ئەم کوردستانەین ، هەموومان وڵاتی خۆمان خۆش دەوێت و سەربەرزین بەوەی کوردستانیین ، بەڵام زۆر کەم لە ئێمە دەزانێت کە چۆن وڵاتی خۆی خۆش بوێت

ولاَتی خۆت خۆش بوێت ، مانای ئەوە نییە کە لە شەقامەکان بسورێیتەوە و هات و هاوار بکەیت و ئالاَ بەرز بکەیتەوە . خۆشەویستیت بۆ ولاَت لە خۆشەویستی زاتی خۆتەوە دەستپێبکە . ئەگەر راستگۆی بەرامبەر بە خۆشەویستی ولاَتەکەت ئەوا رەوشت بەرزی تۆ تەعبیر لەو خۆشەویستییە دەکات ، هەر چەند رەوشتت بەرز بێت ئەوا ئەوەندە ولاَتەکەت خۆش دەوێت . خۆشەویستی بە کردەوەیە نەك بە ووشەی بریقەدار ، نیشتیمانپەروەری خزمەت کردن و قوربانی دانە نەك وتاری بریقەدار لێرەو لەوێ و لە سەر کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ، کە ئەوەی نێو دڵ و دەروونت زۆر دوورە لەگەڵ واقیعدا.

ئەم شارەو ئەو ولاَتە بخەرە ناو دڵ و دەروونت کە چۆن بەرگریت لێدەکات و تێیدا دەژی و لە خێروبێری دەخۆیت ئەوها بیخەرە ناو دڵت و بەرگری لێبکە ، چۆن تۆ لەو شارو ولاَتە دەژی ئەوها بیخەرە ناو باوەشت و تۆ ئەو بژیێنە . رێگا لە هەر کەس و لایەنێك بگرە ولاَتت پیس بکات ، چۆن ولاَتەکەت شانازی بە تۆوە دەکات کە تۆ رۆڵەی ئەم ولاَتەی ، تۆش شانازی بە ولاَتەکەت بکە ، لە کۆتاییدا دەلێم با بە راست و دروستی ولاَتی خۆمان خۆش بوێت و درۆ لە گەڵ ئەویش نەکەین .

## رۆژگارێکی سەیرە ئەمڕۆ

خێزانێکی بچووك هەوڵی خانووێکی گەورە دەدات.

لە ولاَتەکەمان زۆر کەسی شارەزا هەن، بەلاَم کێشەکان زیاترن .

داوو دەرمانێکی زۆر و تەندروستیەکی خراپ ،

زۆر هەوڵی زیادبوونی پارەو پول دەدەین بەلام لە بەها کۆمەڵایەتییە پیرۆزەکان کەم دەکەینەوە .

ژمارەی پیاوان لە زیادبوون دان ، بەڵام پیاوەتی کردن بەهاکەی روو لە نەمان و بە دەگمەن بوونە

خاوەن خانوو و باڵەخانەی بەرز و زۆری خێزانی هەڵوەشاوە و پڕ کێشەین.

ئەوانە هەمووی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمان پێك دەهێنن .

## گرنگی پەروەردە لە چیدایە

پەروەردە بە فراوانترین بواری ژیان دەژمێردرێت و کۆڵەگەیەکی سەرەکی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بەرەپێشچوونی کۆمەڵگەو خودی منداڵەوە هەیە ، گەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بنیاد بنێین پێویستە لە منداڵەوە دەست پێبکەین ،

هەموو شێوازێکی زانستییانە بەکار بێنیین بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشگوزەران و کۆمەڵگەیەکی راست و دروست بنیاد بنێین ، جیهانی ئەمڕۆی منداڵانمان جیاوازە لەگەل دوێنێ ، کە دوێنێ لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و سیستەمی حوکمرانی ئەو کۆمەڵگەیەمان شێوازێکی نادروستی بەخۆوە بینیبوو ، بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان زیاتر لە دوێنێ دەرگای واڵاتر بووە جۆرەها هۆکار هەن کە منداڵانمان

ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا کردووە بەتایبەتی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی سەردەم ، بۆیە پەروەردە کردنی منداڵان ئەمڕۆ سەخترە لە دوێنێ وا دەخوازێت کە دایك و باوکان

زیاتر گرنگی بەلایەنی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بدەن ، چونکە ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی ئەمڕۆی جیهان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە خۆ دەگرێت و گۆرانکارییەکان زۆر خێرا تێدەپەرن بۆیە هەوڵی جیدی و بەردەوام و خێرای پێویستە . هەروەها پێویستە دایك و باوکان زیاتر هەول بدەن بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەل منداڵەکانیان بکەن ، تا وەکو منداڵانی ئێمەش بگەنە ئاست منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتوو ، لە رووی داب و نەریتەوە پەرە بەو لایەنانە بدەن کە خاڵی ئەرێنیین کە کۆمەڵگەکەمان شانازی پێوە دەکەن خۆشیان لەو داب و نەریتانە دوور بخەنەوە کە زەرەرو زیان بە کەسایەتی منداڵ دەگەیەنێت .

تاریکی و دواکەوتنی دوێنێی بەبەها و رووناکی و پێشکەوتنی بێ بەهای ئەمڕۆ دوێنێ بوو کاتێك بەیانیان لە خەو هەڵدەستاین و دایکمان نانی بەیانی ئامادە دەکرد و جل و بەرگی ئێمەی دەگۆڕی و چاوەڕوانی کۆبوونەوەی ژمارەیەك هاورێ و دراوسێ دەبووین تا پێکەوە بەرەو قوتابخانەکانمان بچین .

باوك و دایکانی ئێمە تا بەر دەرگا لە گەڵمان دەهاتن و ئامۆژگاری ئێمەیان دەکرد کە لە رێگادا ئاگاداری خۆمان بین ، ناوە ناوەش باوك یان دایك دەهاتنە قوتابخانەو لە سۆراخی ئێمەیان دەپرسی لە سەر هەر کەم و کوڕییەك سزایان دەداین ، بەراستی لەو رۆژگارانەدا هەر چەند ژیان

سادەو ساکار بوو دایك و باوکان زۆر بە رۆڵەکانیان ماندوو بوون . بەیانیان نەدەبوو خواردن نەخۆین یان جلو بەرگێکی نامۆ لە بەر بکەین ، خۆیان قژەکانی ئێمەیان شانە دەکرد . کاتێك رۆژانەیان پێت دەدا دەیانووت مەرج نییە پارەکە خەرج بکەیت ، دەتوانی دواتر بیخەیتە ناو دەخیلەکەت و کۆی بکەیتەوە تا لە ئایندەدا سوودی لێوەربگریت . زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری هاتوچۆ و رەفتاری منداڵەکانیان بوون ، خۆشترین رۆژمان ئەوەبوو کە باوکمان ئێمەی ببردبا بازار و پیاسەیەکمان کردبا . ئەم رۆژانە کە بە دواکەوتوویی و تاریکی باسی لێوە دەکرێت بەم شێوەیە بوو.

ئەوەی ئەمڕۆش وا لە بەرچاوی هەموومانە و زۆربەی دایك و باوکان دەیبینن کە بەیانی منداڵ لە خەو هەڵدەستێت یەکەم شت دوای ئەوەی بەهەوەسی خۆی جل و بەرگی نامۆ لە بەردەکات و قژەکەی جەلی لێدەدات و پرتەو بۆڵەیتی و نانی بەیانیان ناخوات و کەس بۆی نییە پێی بڵێ برۆ لە سەر چاوتە . ئینجا داوای پارەیەکی زۆر دەکات و گلەیی دەکات کە مۆبایلەکەی وەحدەی تیا نییە و بەچی لە گەڵ هاورێیانی قسە بکات . بەشێك لە باوك و دایکان کاتیان نییە و زۆر سەرقاڵن بە ئیش و کارەکانی خۆیان ئاگاداری وردەکاری منداڵەکانیان نیین.

لە قوتابخانە کاتی خۆی کاتێك ئەنجامی ئەزموونەکانمان وەردەگرتەوە، زۆر بە وردی دایك و باوکان بەدواداچوونیان لە سەر نمرەکان دەکرد و ئەگەر نمرەکان وەك پێویست نەبان ئەوا هانیان دەدایت کە چاو لە کەسێکی زیرەك بکەیت و هەوڵەکانت چڕ بکەیتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو

نمرەی باشتر بەدەست بێنیت ، دەستخۆشیان لە مامۆستایان و کارگێری قوتابخانە دەکرد .

بەڵام ئێستا بەشێك لە دایك و باوکان کاتێك لە قوتابخانە پرسیاریان ئاراستە دەکەیت نازانن منداڵەکانیان لە چ پۆلێك و لە چ قۆناغێك دان ، ئەگەر منداڵەکانیان نمرەی لاواز بەدەست بێنن ئەوا لە بەردەم منداڵەکانیان قسە بەو مامۆستایە دەدەن و پشتگیری بیانوی منداڵەکانیان دەکەن بەوەی مامۆستا غەدری لە منداڵەکەیان کردووە .

ئەوەی دوێنێ کە بە سەردەمی تاریکی و دواکەوتن دەناسرا ، پڕ بوو لە داب و نەریتی پڕ بەبەها و ئەمڕۆش بەناوی عەولەمەو سەردەمی کۆمپیوتەر و پێشکەوتن ناودەبرێت ، ئەو بەها بەرزە کۆمەڵایەتیانەی تیا نابینرێت ، بۆیە لەخۆوە نەگوتراوە ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار .

## هونەری مامەڵەکردن (( ئەتەکێت ))

زیاتر لێرە مەبەستمە باس لە هونەری مامەڵەکردنی کارگێڕی قوتابخانە بکەم بەرامبەر بە مامۆستایان ، قوتابیان ، کەس و کار و خانەوادەی خوێندکاران ، کە پێویستە چۆن بێت .

سەرەتا با بزانیین بەڕێوەبەر ڕۆڵی چیە لە پرۆسەی پەروەردە

بەڕێوەبەر گەورەترین ، هەروەها دیارترین کەسە لە ناو پرۆسەی پەروەردە ، دامەزراوەیەکی فەرمی لە ژێر دەستە و کارەکانی رایی دەکات، کە خودی بەرێوەبەر ئەو دامەزراوەیە بە دامەزراوەکانی پەروەردەو ئەو وەزارەتە دەبەستێتەوە . لە ناو دامەزراوەیەکە کە ئالای کوردستانی تیا

هەڵدەکرێت ، واتا دامەزراوەیەکی فەرمییە. هەر مامەڵەیەکی بەرێزیان ڕەنگ دەداتەوە لە سەر ئەدای حکومەت . زۆر جار بە هەڵە مامەڵەکردنی بەرێوەبەر خەڵك لە سەر حکومەتی حساب دەکات کە حەقی خۆیەتی . تۆ حکومەتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتت . بۆیە بە شێوەیەکی باش ئەو کورسییە پێویستە بەکار بێنی .

**چەمک و هونەری ئەتەکێت (Etiquette) و جۆرەکانی**

ئەتەکێت بەواتای هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا . ئەم چەمك و زاراوەیە لەبنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە، کە بەواتای لکاندنی کارت بەسەر شووشەی خواردنەوەدا دێت، تاوەکو بزانرێت، کە جۆری خواردنەوەکە چی تێدایە؟دواتر ئەم زاراوەیە بەکاردەهات بۆ ئەو کەسانەی، کە لەڕێگەی کارتی دەعوەتنامەوە بانگهێشت دەکران بۆ ئەو ئاهەنگ و بۆنە و مەراسیمانەی، کە کۆشکی پاشایەتی لەفەرەنسا سازدەکران.ئەتەکێت چەمك و زاراوەیەکی ئەوروپییە، کە بەواتای هونەری مامەڵەکردن و پابەندبوون بەئادابی گشتییەوە دێت. بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەتەکێت بەشێکە لەرۆشنبیریی گشتی و، پەیوەندیدارە بە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەڕوانگەیەکی دیکەوە ئەتەکێت بەواتای ڕێزگرتن لەخود و لەکەسانی تری بەرامبەر و، ئەنجامدانی مامەڵە و ڕەفتاری جوان لەگەڵیاندا دێت، بۆیە لەئێستادا ئەم چەمك و زاراوەیە زۆر بلاَوە و بەشێوەیەکی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت لەنێوان مرۆڤەکاندا وەکو چەمك و زاراوەیەکی نوێی مەدەنی و شارستانی.

هونەری ئەتەکێت چەندین جۆر و شێوازی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت، لەوانە:

*ئەتەکێتی پۆشینی جل وبەرگ

*ئەتەکێتی قسەکردن و گفتوگۆکردن

*ئەتەکێتی پێشوازییکردن و بەخێرهاتن و تەوقەکردن

* ئەتەکێتی نانخواردن و رازاندنەوەی مێز و کورسی و سفرە خوان لەهۆڵی پێشوازی و چێشتخانەکان و ...هتد.

## پێناسەی ئەتەکێت :(Etiquette)

ئەتەکێت (Etiquette) بریتییە لە هونەری مامەڵەی جوان و دروست لەگەڵ کەسانی بەرامبەر و دەوروبەردا یان ئەنجامدانی رەفتاری شیاو و هەلسوکەوت لەگەڵ کەسانی تردا.

لەڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە هونەری ئەتەکێت پشت دەبەستێت بە پابەندبوون بەرەوشت و ئاکار و سیفەت و بەها جوانە کۆمەلایەتی و مرۆییەکانەوە.

## سیفەت و خەسڵەتەکانی هونەری ئەتەکێت

لەگرنگترین مەرج و سیفەتەکانی ئەتەکێت :

**بابەتیبوون :** بەواتای خۆناسین پێش خەڵك ناسین و، رەخنە لەخۆگرتن پێش رەخنە لەخەڵك گرتن. قبووڵکردنی رەخنە و راوبۆچوونی بەرامبەرەکەت، بەمەبەستی بەخۆداچوونەوە و خۆچاککردن .

**نەرم ونیانی:**

یەکێکە لەسیفەتە جوان و سەرکەوتووەکانی کەسانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان و کاری دبلۆماسی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەمیشە جەخت لەسەر راستی و دادگەری بکاتەوە و، گەشبین بێت نەك کەسێکی رەشبین بەدەوروبەر و بێ هیوا بێت لەژیان.

**سادەیی و خاکی بوون :** هەموو کەسێك پێویستە سنووری کار و توانای خۆی بزانێت و، دەستێوەردان لەکاروباری کەسێتی خەڵکانی تردا نەکات . هەروەها کەسێکی خوبەلزان نەبێت، بەڵکو پێویستە کەسێکی باش و سوودمەندو خاکی بێت.

**ئارامگری:** پێویستە کەسێکی پشوو درێژ و، ئارامگر و سنگ فراوان بێت.

**عەقلانی بوون :** کەسێك بێت لەرووی دەروونییەوە هاوسەنگ بێت و، زاڵبێت بەسەر هەست و سۆزیدا و، بەشێوەیەکی هۆشدارانە بیر بکاتەوە و بڕیار بدات.

**هەروەها چەند سیفەتێک پێویستە لە بەڕێوەبەری قوتابخانە هەبێت وەک**

- پێویستە گویّ لە بەرامبەر بگریت
- تێگەیشتنت ئەرێنی بێت
- دوور بێت لە ووشەی نەشیاو
- دوور بێت لە ئامۆژگاری کردنی بەرامبەر
- هەستی بەرامبەر بریندار نەکات
- رەخنە لە بەرامبەر نەگرێت
- دەم بە پێکەنین بێت
- زۆر نەچێتە ناو وردەکاری کەسانی دیکە
- رێز لە کات و وادەکان بگرێت

## کۆتایی

پەروەردە بە فراوانترین بواری ژیان دەژمێردرێت و کۆڵەگەیەکی سەرەکی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکە ، بۆیە لەو نامیلکەیەدا ویستم چەند بابەتێك هەلبژێرم کە پەیوەندی راستەوخۆی بە پەرەو پێشوەچوونی کۆمەڵگەوە هەبێت .

گەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بنیاد بنێین پێویستە لە منداڵەوە دەست پێ بکەین ، هەموو شێوازێکی زانستیانە بەکار بێنیین بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆشگوزەران و کۆمەڵگەیەکی راست و دروست بنیاد بنێین .

پەروەردەکردن ئەمرۆ زۆر سەختترە لە دوێنێ و وا دەخوازێت زیاتر گرنگی بەو لایەنە بدرێت ، چونکە گۆرانکارییەکان زۆر بە خێرا تێپەڕ دەبن .

پێویستە دایك و باوکان زیاتر هەوڵ بدەن بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لە گەڵ منداڵەکانیان بکەن ، لە رووی داب و نەریتیشەوە پەرە بەو لایەنانە بدەن کە خالی ئەرێنیین کە کۆمەڵگەی کورد شانازی پێوە دەکات .

# سەرچاوەکان

١- سلسله التثقيفية لصحة الطفل
٢- فن تربية الاطفال - محمود الباز
٣- عالم الاطفال
٤- الابتسامة
٥- الطفل المسلم
٦- موقع الاستاذ عمرو خالد
٧- کۆڕگەی زانست خوازاني کورد
٨- رۆژنامەی شەرقولئەوسەت
٩- پەروەردە و لێکتێگەیشتنێکی باش بۆ منداڵان : د . ئیمان حسین شەریف و نیاز جلال
١٠ - رۆڵی پەروەردەو فێرکردن لە پەرەپێدانی بیری نەتەوایەتی . مەتی مەلیل ژمارە ٤ سالی یەکەم . بیت عینکاوا .

## ژياننامەی نووسەر

سوهەيل تاهير عەبدوڵلا سەرپەرشتياری پەروەردەيی پسپۆری كارگێری لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری هەولێر هاتۆتە دونياوە.

خوێندنی سەرەتايی و ناوەندی و ئامادەيی لە شاری هەولێر تەواو كردووە ، دواتر چۆتە كۆلێژی ئاداب ، بەشی مێژوو ، زانكۆی موسڵ .
لە ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ بڕوانامەی بەكالۆريۆسی لە مێژوو وەرگرتووە.
لە منداڵييەوە خوليای نوسين بووە ، چەندين بابەتی پەروەردەيی و سياسی و كۆمەڵايەتی لە گۆڤارو رۆژنامەكانی كوردستان بڵاو كردۆتەوە .

ئەو پەرتووكە دووەم پەرتووكە بە چاپ بگەيەنێت لە بواری پەروەردەو فێركردن، يەكەم بڵاوكراوەی بەناوی
((پەروەردەكردنی منداڵ لە سەردەمێكی مەترسيداردا))، ئەو بڵاوكراوەيەش دووەم بڵاو كراوەيەتی بە دەوڵەمەندكردنی پەرتووكی يەكەم و زياد كردنی چەند بابەتێكی ديكەی پەروەردەيی .
بەهيوای سوود گەياندن بۆ پەروەردكاران

## ناوەرۆک


| بابەت | ژمارە |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ |
| لە ئەزموونی یەکەمیدا دایک چۆن مامەلە لەگەل منداڵەکەییدا دەکات | ٦ |
| خواردنی دروستی منداڵ ی تازە لە دایک بوو | ٦ |
| چۆن دل و دەروونی منداڵەکەت بۆ خۆت رادەکێشیت | ٧ |
| چۆن مێشکی منداڵ گەشە دەکات | ٨ |
| چۆن منداڵی کۆرپەلە هەستی خۆی دەردەبرێت | ٨ |
| چۆن پەروەردەی منداڵەکانت دەکەیت | ٩ |
| ئەو فاکتەرانەی منداڵ بەرەو خراپی ئاراستە دەکات | ٩ |
| چۆن دەتوانیت کۆنترۆڵی منداڵ ەکەت بکەیت | ١١ |
| سزا و رێککاری (( العقاب والانضباط)) | ١١ |
| چۆن مندائەکەت هان دەدەیت کە هەلسوکەوتی دروست بێت | ١١ |
| ستراتیژیەتێکی کارا | ١٢ |
| ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی کاراکردنی کۆنترۆلکردنی منداڵ چین | ١٣ |
| بەکار هێنانی توندو تیژی لەگەڵ منداڵ ئایا کاریگەری دەبێت | ١٥ |
| پێویستە باوک و دایک رۆڵی پێشەنگ ببینن | ١٥ |
| چۆن مندائەکەت فێر دەکەیت کە گوێرایەلی دایک و باوک بێت | ١٦ |
| ترسی منداڵ بۆچی دەگەرێتەوە | ١٧ |
| پەروەردەکردنی منداڵ لە سەردەمێکی مەترسییداردا | ١٨ |

| | |
|---|---|
| خەوزڕانی منداڵ | ٢١ |
| ڕێنماییەکان بۆ باشتر خەوتنی منداڵی ساوا | ٢٢ |
| خەونی ناخۆش و کابووس | ٢٤ |
| کابووس | ٢٥ |
| ئاخاوتن و رویشتن لە کاتی خەودا | ٢٥ |
| میزکردنی منداڵ لە کاتی خەودا | ٢٦ |
| پێکدادانی ددان لە کاتی نووستن | ٢٧ |
| خەوێکی شیاو بۆ منداڵان | ٢٧ |
| منداڵی بەناز | ٢٨ |
| کێشەی خۆ دزینەوەی منداڵ لە ئەرکەکانی | ٣٣ |
| درۆکردن لای منداڵ | ٣٣ |
| ئایا ئێمە منداڵەکانمان پەروەردەیەکی دروست دەکەین یان دەیان ڕووخێنین | ٤٢ |
| چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت | ٤٣ |
| بەبیرهاتنەوە و لە بیرچوون | ٤٤ |
| بیرو هۆشی منداڵ | ٤٤ |
| چۆن سەرکەوتوو دەبیت لە ژیاندا | ٤٥ |
| زاڵ بوون بە سەر خاڵە لاوازەکانی ژیان | ٤٨ |
| چۆن منداڵەکانمان لە گرفتە دەروونییەکان دەپارێزین | ٤٩ |
| کێشە و گرفتە دەروونییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان | ٥٣ |
| هۆکاری دیاردەی توندوتیژی لە قوتابخانە | ٥٣ |
| گریان | ٥٥ |

| | |
|---|---|
| ووشك بوون | ٥٥ |
| رۆڵی پەروەردە لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی | ٥٦ |
| پەروەردە پێویستی بە لێك تێگەیشتنێكی نێوان دایك و باوك و منداڵان هەیە. | ٥٩ |
| چەند شێوازێك بۆ پەروەردە كردنی منداڵ | ٦٤ |
| هەنگاو نان بەرەو هێنانە دی سەركەوتن | 67 |
| ئێمە و ژاپۆن ١ | ٧٠ |
| ئێمە و ژاپۆن ٢ | ٧١ |
| ئێمە و ژاپۆن ٣ | ٧٢ |
| ئێمە و ژاپۆن ٤ | ٧٣ |
| ئێمە و ژاپۆن ٥ | ٧٤ |
| ئێمە و ژاپۆن ٦ | ٧٥ |
| ئێمە و ژاپۆن ٧ | ٧٦ |
| ئێمە و ژاپۆن ٨ | ٧٧ |
| پاراستن و رۆشنبیركردنی منداڵ، ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لە وڵات مسۆگەر دەكات. | ٧٨ |
| مامۆستا مامۆستایە | ٨٠ |
| پەروەردە لە رێگەی یاریكردن | ٨١ |
| پەروەردە و خۆشەویستی | ٨٢ |
| ئەگەر مامۆستاین | ٨٣ |
| كارگێڕی ژینگە و قوتابخانە | ٨٤ |
| كەسی پەروەردەیی سەركەوتوو كێیە؟؟ | ٨٥ |

| | |
|---|---|
| پەروەردە ئەرێنی (الایجابی) | ٨٧ |
| مرۆڤ و کەسایەتی | ٩٦ |
| قسەکردن زانستە | ٩٧ |
| خۆشەویستی وڵات بە قسە نیە | ٩٨ |
| هەڵە کردن قوتابخانەیە | ٩٩ |
| پەروەردەی هاووڵاتبوون | ١٠٠ |
| پەروەردەو سیاسەت | ١٠٢ |
| چۆن منداڵ فێرە ڕێزگرتن دەکەین | ١٠٣ |
| با مرۆڤ بنیاد بنێین | ١٠٤ |
| ئاسایشی کۆمەڵایەتی | ١٠٦ |
| مرۆڤ بەهاترین و دەوڵەمەنترین سامانە لە نێو جیهاندا | ١٠٨ |
| کاری ڕاگەیاندن بە سەر کۆمەڵگە | ١١٠ |
| بۆ سوود لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەرنەگرین | ١١٥ |
| ناسنامەی نیشتیمانی | ١١٨ |
| دڵۆپێك لە دەریای یاسا لە نقووم بوون دەتپارێزێت | ١٢٢ |
| جیهانگیری و کاریگەرییەکانی | ١٢٤ |
| خێزان و قوتابخانە پێکەوە لە پێناو بنیادنانی نەوەیەکی ڕۆشنبیر | ١٢٨ |
| ئایا پەروەردەکردن تەنها ئەرکی دامەزراوەکانی پەروەردەییە | ١٢٩ |
| پەروەردە پێویستە | ١٣٠ |
| مەرج نییە کەسی سیاسی کەسێکی کارگێڕی سەرکەوتووبێت | ١٣١ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دیموکراسیەت | ١٣٣ |
| کەس بۆ خۆی ناژیت | ١٣٤ |

| | |
|---|---|
| پەروەردەی خێزان | ١٣٥ |
| واقیع بین بە | ١٣٧ |
| با رێز لە نەتەوەو خاك و نیشتیمان بگرین | ١٣٧ |
| بۆ توندرەوانی ئاین | ١٣٩ |
| سەقامگیری پێویستە | ١٤١ |
| با هەر سادەو هەژار بم | ١٤٢ |
| راگەیاندنیش بۆ | ١٤٣ |
| دوێنێ یان ئەمڕۆ | ١٤٣ |
| با دامەزراوەکان لێك نەترازێن | ١٤٤ |
| ئازادی ئەمەیە | ١٤٥ |
| بوێری پێویستە | ١٤٦ |
| خیانەت کردن | ١٤٦ |
| چۆن وڵات پێشدەکەوێت | ١٤٦ |
| نیگەرانییەکان بڕەوێنەوە | ١٤٨ |
| هاوڕێیەتی راستەقینە | ١٤٩ |
| بێ دەنگی | ١٤٩ |
| ژیان بەردەوامە یان بە کۆتا دێت | ١٥٠ |
| کەسایەتیت بپارێزە | ١٥١ |
| پەروەردەی نوێ و چەند سەرنجێك | ١٥٢ |
| حکومەت سزای بەدرەوشتان بدە | ١٥٣ |
| ئەوەیە ژیانی زۆربەی کەس | ١٥٤ |
| رۆژانە ئەو جۆرە مرۆڤانە دەبینین | ١٥٥ |

| | |
|---|---|
| نەزان خۆی بەزانا بزانێت چی روو دەدات | ١٥٥ |
| دەردە دڵ | ١٥٦ |
| من و نەوەیەکی نوێ | ١٥٧ |
| نهێنی سەرکەوتن | ١٥٩ |
| پەروەردەو گۆرانکاری کۆمەڵایەتی | ١٦١ |
| چۆن شکۆی مامۆستا دەگەرێتەوە | ١٦٣ |
| سەردەمی عەولەمە | ١٦٤ |
| کامیان براوەن | ١٦٥ |
| چیرۆکێك هەزار عیبرەتی تێدایە | ١٦٦ |
| ئێمەو ئەوان | ١٦٨ |
| ئەوەی کار نەکات هەڵە ناکات | ١٦٩ |
| قسە لە گوللە بەهێزترە | ١٧١ |
| ژیان خەیاڵێکی پوچە | ١٧٢ |
| هەست بە تەنیایی دەکەم | ١٧٤ |
| پەروەردە دواتر فێرکردن | ١٧٥ |
| رێز لە مامۆستا بگرن | ١٧٦ |
| پاراستنی ئاسایش ئەرکی هەر تاکێکە | ١٧٨ |
| پلان و ئامار دوو بنەمان بۆ پێشکەوتنی هەر ولاتێك | ١٨٠ |
| رۆژهەلات و رۆژئاوا | ١٨١ |
| چۆن کەسایەتییت سەرنج راکێش دەبێت | ١٨٢ |
| هاورێی چاك گەنجینەیەکە پێویستە بە دوایدا بگەرێین | ١٨٤ |
| ئێمە هەڵەین | ١٨٥ |

| | |
|---|---|
| بۆ ئێمە پێشناکەوین | ١٨٦ |
| عەقلی بۆگەن | ١٨٧ |
| عەقلی ئیداری | ١٨٨ |
| من عاشقم | ١٨٩ |
| پەروەردەو ژیان | ١٩٠ |
| کاری ئاسان قورس مەکەن | ١٩١ |
| بێدەنگی | ١٩٣ |
| بەراستی وایە | ١٩٣ |
| کات و پلان و ئیدارە | ١٩٤ |
| مامۆستا و ئایندەی منداڵانمان | ١٩٥ |
| وڵاتی خۆت خۆش دەوێ | ١٩٦ |
| رۆژگارێکی سەیرە ئەمڕۆ | ١٩٧ |
| گرنگی پەروەردە لە چیدایە | ١٩٨ |
| هونەری مامەڵەکردن ((ئەتەکێت)) | ٢٠١ |